# پێکەنینی گەدا

**سەرچاوەی تێکست: (ڤەژینبوکس)**

**بەرهەمی: حەسەن قزڵجی (١٩١٤–١٩٨٥)**

**ساڵی بڵاوبوونەوە: ١٩٧٢**

**ئامادەکردنی: زریان سەرچناری**

**ڕێکخراوی کوردیپیدیا**

**٢٠٢٤**

## پێکەنینی گەدا

لە بەربەڕۆچکێک هەڵتررووشکابوو، چیلکەیەکی بە دەســـتەوە بوو و لە خۆڵەکەی بەردەمی دەوەژانـد. بەیـانیی ڕۆژێکی دواهەمین مـانگی پاییز بوو. خۆڵەکە بە زوقمی شـــەو تەڕ ببوو، جێگـای چیلکەکەی بە ڕوونی لێ دیـار بوو. بە درێژایی دوو بست، خەتی ڕاستی لە پاڵ یەکتردا کێشـــا بوو، لەو لاشـــەوە جەغزێکی خاڵی و بەتاڵی کێشا.

ئەمانە نموونەی ئەوە بوون کە بە دڵیدا دەهات، بیری بە لای شـتێکی دیکەوە بوو. هیچ ئامادەی ئەوە نەبوو، کە ســـەرنج بداتە تەبەقی زێڕینی ڕۆژ، لەو بەرەوە، کە لە کـام کەژ و چیـاوە ســـەری لە کەل دەرهێناوە و بە پڕشـــنگی خۆی گوندی «تەپەڕەش» زێڕەوشـــان دەکات. ئەوەی کە لەو کاتەدا مەبەستی ئەو بوو، تینی خۆرەکە بوو، کە تەزووی سەرمای شەو لە لەشی دەرکا و نەختێ گەرمی کاتەوە.

ئەگەر لەو وەختەدا ســـەری بەرز بکردایەتەوە، لە بەرانبەر خۆی بیروانیـایەتە تەبەقی ڕۆژ، ڕەنگ بوو لە کولێرەیەکی گەنمە شامیی داغ بەو لاوە هیچی تری بە خەیـاڵـدا نەهـاتـایە. «بێ کراس، گەزەجـاو بە خەو دەبینێ»، کـابرای

نەخۆش و برســـیش کە چاوی تراویلکە دەکا، دوور نییە ڕۆژی لێ ببێتە کولێرەی زەرد و زۆڵی گەرمە تەنووری گەنمەشامی.

لەشـــی کە تا پێش تاوهەڵات ســڕ ببوو، وردە وردە بە تینی خۆرەکە دەبووژاوە و خاو دەبۆوە. تۆمەس دەســـتە ڕەق و تەقەکانی ماندوو ببوون و ئیتر وازی لە چیلکە ئاژنینی خۆڵەکە هێنا. لەســـەر زەوییە تەڕەکە دانیشـــت و بە هەردوو دەســـتی ئەژنۆ کانی گرتە باوەش و ســـەری بەرداوە، تـــا تەوێـــڵـــی نـــیشـــــتە ســـەر کەشکەئەژنۆکانی. لەو حاڵەدا ئەگەر پان و پۆڕ و مل ئەستوور و ڕیش شانەکراو بوایە، دەتگوت سۆفی بیارەیە، «موراقیب» بووە.

نێزیکەی ســـەعاتێک بەو جۆرە مایەوە. لەوە دەچوو بە گەرمـای خۆرەکە خـاو بووبێتەوە و خەوی لـێـکەوتـبـێ. بەڵام لە بـزووتـنەوەی پەنجەکان و ســەری، کە ناوبەناو دەیجوڵاندن، وا دیار بوو ماشەری خەیاڵەکەی هەڵدەکات.

ســـەری ماشـــەرەکەی لە چیلکە وەژاندنەکەوە دەســـتپێکردبوو. بە خەتەکانی کە لە پاڵ یەکدا کێشابووی، بیری لە شێڤ و وەردی زەوییەکەی دەکردەوە. بە جەغزەکەش جێ خەرمـانەکەی نیشان دەدا کە ئێستاش شەنە و کەو و بێژینگی

به خۆیەوە نەدی؛ چونکە ئەو ساڵە شارەزوور نەهاتی بوو، سن و کوللە هیچیان بۆ نەهێشتبۆوە تا بیری لێ بکاتەوە، بەڵام دەرد و مەینەتی ئەوەندە زۆر بوو، نە یا ندەهێشت مێشکی وچان بدات و تاوێک بحەسێتەوە. لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان دابوو، یەک لە دوای یەک تارمایی خۆیان نیشان دەدا. دەهاتەوە بەر چاوی چۆن خۆی و ژنەکەی تووشی سێبەڕۆ بوون و سێ مانگی ڕەبەق کەوتن. چۆن حاجی ڕەشید لە سلێمانییەوە هات جووتەگاکەی لە جیاتی سەلەم برد و ڕۆیشت. چۆن منداڵەکەی هاوڵەی گرت و مرد. چۆن ژنەکەی لە خەفەتی منداڵەکەیان و لە برسانا بەدەم سێبەڕۆوە گیانی دەرچوو، یاسینی فریانەکەوت. بە ئاسانی هەست بەوە دەکرا کە بیر لەم نەگبەت و نەهاتییانە دەکاتەوە، بەڵام دژوار بوو بزانرێ داخوا هەودا و تویژەکەی دەپسێ، یان هەڵی دەکا تا دەیگەیەنێتە جێگایەکی وا بڕیارێک بدات.

کوتوپڕ بە شێنەیی سەری هەڵێنا، دەتگوت ملی وەکو فەنەرێکی ڕەواوە وایە و توانای ئەوەی تێدا نەماوە سەرەکەی بۆ بەرزکاتەوە. وردە وردە سەری هەڵێنا تا لەسەر ئەستۆی ڕاست ویستا. ئەمجار پەنجەکانی لەبەر یەک ترازاند

و دەستی نا سەر زەوییەکە و بەو نەختە هێزەی کە لە دەستیدا مابۆوە یارمەتی قاچەکانی دا، هەموو جمگەکانی کەوتنە قرچەقرچ تا ڕاستەوە بوو. بە لارەلارەوە چووەماڵەوە. لە شتومەکی ناوماڵ تاقە لێفەیەکی مابۆوە، دوو بەرکۆژەی بە بەن لێنابوو، ڕۆژانی باران و سەرما دەیدا بە شانیدا و بە بەرکۆژەکان گرێی دەدا.

لێفەکەی دا بە شانیدا، گاڵۆکەکەی بە دەستەوە گرت و کەوتە ڕێ. کەس نەیدەزانی تا کوێ بڕ دەکات و دەیەوێ بچێتە کوێ، بەڵام وا دیار بوو ورەی بەرنەداوە، هێشتا دڵی لەدەست و قاچی بەهێزترە. ڕۆیشت و ڕۆیشت تا دوای ماوەیەک لە چاو ون بوو.

پاش چەند ڕۆژ «حەمەڕەش» لە هەڵەبجە سەری هەڵدا. بەم حاڵەوە دەچووە ناوبازاڕ داوای کاری دەکرد، بەڵام کاری چی؟ خەڵک کرێکاری دەویست کە هەری هەڵدا. بەم حاڵەوە دەچووە ناوبازاڕ داوای کاری دەکرد سەریان ڕادەوەشاند و دەڕۆیشتن، لەبەر خۆیانەوە دەیانگوت: کرێکاری چاکی! نۆرەی ئەوەیە لە کارەکەمدا بمری، کفن و دفنی تۆشم بە ڕیشەوە بێ!

بەرێکەوت هیی واشـــیان بوو ئانایەکی دەدایە و دەیگوت: باوکم تۆ ناتوانی کار بکەی، ئەوە بدە بە کولێرەیەک و وازبێنە.

حەمەڕەش بە درێژایی ژیانی کوڕی ناو مەزراو شیناوەردبوو، بەشان و باهووی خۆی ژیابوو، ئەو گەوزەی ئەو لە درەودا دەیوەشاند کەم پاڵە هەبوو بیوەشـێنێ. ئێسـتا کە تووشـی ڕۆژێکی ئـاوا ڕەش هـاتبوو وای وەڵام بـدەنەوە، داوای کار دەکەم. بەڵام ئاگری، ناچار چەند ئانایەکی وەرگرت و دوو سێ. کولێرەی کڕی.

لە بن دیوارێک دانیشت. برسیایەتی ئەوەندە بۆ هێنـابوو تـا بلێی یەک و دوو کۆلێرەکـانی ماشتەوە. پشوویەکی داو لەبەر خۆیەوە گوتی: وا باشـــە جێگایەک بدۆزمەوە شـــەو تێیدا بحەوێمەوە، ئەگینا بەم سەرمای دەمەو زستانە لە کۆلانـان و لە بن دیواران ڕەق دەبمەوە. هەســـتا، بێ ئەوەی بزانێ بۆ کوێ دەچێ، لەو کۆلانەوە ڕۆیشـــت بۆ کۆلانێکی دیکە، هێندێک بەوێدا گەڕا و ڕووی کردە کۆلانی سێهەم، لەوێ تەماشای کرد و دووکەڵێکی ئەستوور بە هەوادا دەچێ. گوتی: هەرچییەک بێ ئەوە ئـاگرێکی گەورەیە، وا چـاکە بچم شـــەو لە پەنـایـدا بحاوێمەوە. وەکو شـوێن گەڕێکی چاک شـوێنی دووکەڵی هەڵگرت تـا دۆزییەوە. دووکەڵەکە لە

کونێکی ڕەشــی گەورەی وەکو ئەشکەوت دەهاتە دەرێ،  خوی کرد بە کونەکەدا. لەنــاو چڕە دووکەڵدا تارمایی کابرایەکی دی پەیتاپەیتا ئاگرەکەی خۆش دەکرد، سڵاو و ماندوونەبوونی لێ کرد و پرسی:

لالۆ ئەم ئاگرە چییە وا بێوچان هەر خۆشـــی دەکەی؟

ئــاگر خۆشـــکەر گوتی: براکەم ئەمە توونی حەمامە. کاری من ئەوەیە ئەم توونە تاودەم.

حەمەڕەش: لالۆ وەرە پیــاوەتی بکە لە ڕێی خودادا جێم بکەرەوە شـــەو لێرەدا بحاوێمەوە، با لە سەرمانا ڕەق نەبمەوە.

توونجی: برالە توونی حەمــام پــاڕانەوەی بۆ چێە؟؟ وەرە هۆ لەو قژبنە پاڵ کەوە.

حەمەڕەش بحەسێتەوە. بە ڕۆیشت لەناو بازاڕ بوایە، لە کۆڵانان بوایە، چەند نانێکی گەدایی دەکرد و دەهــاتەوە. مەبەســـتی ئەوە بـوو هەرچۆنێـک بێ بگــاتە بەهــار، ئیتر بچێتەوە دێهــات شـــوانی و گــاوانی بێ، ڕەنجبەری و سەپانی بێ، هەر چییەک بێ، ملی کارێک بگرێ و لە تەنگانە دەرچێ.

ڕۆژێک زۆر تۆف بوو، به باوه کرێوەی دەکرد، کەس نەیدەتوانی ماڵەوماڵ بکا، حەمەڕەش تا چێشتانێ سەبری کرد بەشکەم نەختێ هەوا خۆش بێ، بەڵام گڤەگڤی با تا دەهات توندتر دەبوو. کولوە بە فری گێژ و خول دەدا و دەیکرد بە کونی توونەکەدا، دەتگوت لە عاسمان هەرەوەزیان کردووە و بەفر هەلاجی دەکەن.

حەمەڕەش گوتی: ئەمرۆ ناگەمە ناو بازار، ماڵەوماڵیشم پێناکرێ. وا چاکە ڕووبکەمە ماڵە دەوڵەمەندێک داوای دوو نان بکەم. هەر چۆنێک بێ ئەمرۆکەی پێ بەرمە سەر، تا بەیانی خوا کەریمە.

لێفە شڕەکەی بە شانیدا دا، دەستی دا گالۆکەکەی و لەقەلەق کەوتەڕێ. ئەوەندە بایەکە ڕایدەوەشاند بەفرەکە بۆیەی بە سپی تێهەڵدەسوو. فایدەی نەبوو، سەرتاپا دەتگوت لە قیرت هەڵکێشاوە، ڕەشاوی لێ دەچۆڕاوە و بەدوایدا خەتێکی ڕەشی لەسەر لاپەرەی بەفری سەر زەوییەکە دەکێشا، بەڵام لەو وەختەدا کێ هەبوو ئەوەندە ورد بێ خەم خەتە بخوێنێتەوە و بەسەرهاتی ئەو تێ بگا؟

لەو لاوەی هێندێ خانووی قوڕین و کشومات کۆشکێکی تەرز و بەرزی بەرچاو کەوت لەناو

حەوشەیەکی گەورەدا لە چەند لاوە لە بانەکانی دووکەڵ هەڵدەستا و لەگەڵ کڕیوە و ڕەشەبا شەڕی دەکرد. وا دیاربوو هۆدەکان سۆبەیان تێ دادەئایسا و گەرم و گوڕ بوون. پەنجەرەکانی پەردەی سپییان پێوە بوو، بەڵام دەبیندرا بەم چلەی زستانە گوڵیشیان لێیە. حەمەڕەش بیرێکی کردەوە و گوتی:

–یێژن لەو دنیا بەهەشت هەس، کەچی ئەمانە هەر ئیسە وان لە بەهەشتا.

ڕۆیشت تا گەیشتە بەر قاپیی حەوشەکە. دەرگاکە ئەوەندە سەوز و جوان بوو نەیوێرا بەدەست لێی دا چوونکە دەستی ڕەش و دووکەڵاوی بوو، دەترسا قاپییەکەی پیس کات و بە گژیدا بچن. ڕوانیە دەوروبەری خۆی، دارێک، بەردێک بدۆزێتەوە پێی لە قاپییەکە بدا. بەفر هەموو شتێکی داپۆشیبوو، هیچی دەس ئەکەوت. ئاخرییەکەی چەند مستی لە قاپییەکەدا. دەستی کە هەر ئێسقانی ڕووت بوو تەقەی لە قاپی هەستاند، وەکو بەدار لێی دەی دەنگی دایەوە لە ناو حەوشەکە.

کابرایەکی سەر زلە، بە سەری ڕووت و باوەشێ قژەوە، کولێرەت لە لاملی ساوییایە چەوری دەکرد، سەری لە پەنجەرەیەک دەرهێنا و

نەڕاندی: سەعە ئەوە کێیە بەم بەیانییە لە قاپی دەدا؟

حەمەڕەش گوێی لە دەنگی کابرا بوو، لە دڵی خویدا گوتی: بەگم، بێژم چی! داوەڵێ ڕەشـــــە، وادیارە گەدایە.

حەمەڕەش گوتی: خێرومەند! خوا نەیبڕێ، فرە برسیمە، دونانم بدەنێ.

سەعە قیژاندی بەسەریدا: بڕۆ بەڕێی خۆتەوە، کابرا! خانم لە ماڵ نییە، چۆتە حەمام.

حەمەڕەش سـەرنجی بەژن و باڵای سـەعەی دا، لێوە چرچەکانی تا لای بناگوێی لێک ترازان. ئەگەر ئینسانێکی ساغ و تێر و تەسەڵ وایە زوو دەزانـرا خەریـکە پـێـبـکەنـێ، بە دەنـگـێـکـی کوتوپڕەوە گوتی:

-کوڕە، جوان خاسەکە، خاسیان وتووە «هەر کەس گوێز لە هەمـانەی خۆی ئەژمێرێ». تۆ گوێت پێوە نەبوو، من داوای نانم کرد. خانمی چی؟ من برسیمە، شتێکم گەرەکە بیخۆم، شتێکم گەرەک نییە گەمەی لە تەکا بکەم!

# عادەتی بازاڕ

له بەغدا کە لە حەیدەر خانەوە بە جادەی ڕەشیددا، بەرەو «بابششەرجی» دەڕۆیشتی، هەوەڵین مەیدان ناوی «ساحەتولئەمین» بوو. لەو مە یدانەوە جادەیەکی کورت بە بەر خانی حاجی قەدووریدا دەپەڕییەوە بۆ ئەوبەری دەجلە، بەویشیان دەگوت «شاریعولئەمین.«

پێش ئەوە بگەیتە خانی حاجی قەدووری، کۆلانێک لەو جادەوە دەچوو بازاڕی مسگەرەکان، ئەو کۆلانە ئەوەندە تەنگ بوو ئەگەر حەماڵ بە کۆڵە تووتنەوە پێیدا دەڕۆیشت و ڕێگە دەبرا. هەر ئەوەندە بوو هۆڕن لێنەدەدرا و پۆلیسی هاتوچوو نەوێستا بوو، دەنا دەبوو بوێستی تا قەتاری حەماڵ تێدەپەڕێ. ئەو حەمالانە فەردە تووتنەکانیان دەبرد خانی عەبدولقادر خەفاف، یا سەڕاف. بە هەر جۆر، تۆ نە حەماڵی نە تووتن کڕ. کابرا سەڕاف بێ یا خەفاف، بۆ تۆ فەرقی نییە. با ئێمەش وەکوو پێی بڵێین عەبدولقادر ئەفەندی، تا لەم چەقی ڕێیەدا بەدەست ناوەکەیەوە گیر نە خۆین.

بەغدا وەکوو پیوازی تۆێ تۆێ وایە، ئەوەی بە بەرچاوەوەیە تۆیی سەرەوەیە و شارەزابوونی ئاسانە، جادەیەو ئەم بەرو ئەوبەری مەغازەیە،

لەسەر مەغازەکانەوە یانەی حەکیم و ددانساز و پارێزەر و شتی لەم بابەتەن. تابلۆیان لەسەر دەرگاکانیان، وەکوو تەبکە بۆ مشتەری ناوەتەوە. هەر کامێک لەوانەش گڵۆڵەیەک ڕاز و نهێنی خۆی هەیە. ئەمە ڕواڵەتی بەغدا یا تۆێکڵی سەرەوەی ئەو پیوازەیە. ئەگەر بتوانێ بە نێوان ئەو تۆێکڵانەدا خۆ بگەیەنیتە ناوەڕۆکەکەی، شتی زۆر سەیر دەبینی. دوور نییە ئاخرەکەی ڕێت بکەوێتە حەزێنەکەی «عەلی بابا» ناوەڕۆکی ئەو پیوازەش ڕۆاڵەتێکی هەیە کە ناوی بازارە. بازاڕ هەمووی سیپە و حەشارە بە تەنیشت یەکەوە. لەهەر حەشارێکدا ڕاوکەرێک دەستی داوەتە چەکی نیوگەز، یا تەڵەی تەرازووی ناوەتەوە و خوی مات داوە. نەچیر وەک لافاو لەم سەرەوە بە ساخی دێن و لەسەرەوە کە دەردەچن، هیی وایان هەیە نیو گەز گیرفانی دڕیوە وهیی واشیان هەیە کیسەکەی بە تەڵەوە بووە.

ئەمەش هێشتا شتێکی زۆر سەمەرە نییە. ناوبەناو لە نێوان ئەو سیپە و حەشارانەدا، درزێک، قەڵەشتێک هەیە، ئەگەر خۆت باریک بکەیتەوە و بە درزێک لەو درزانەدا بڕۆی، دەگەییە شتی زۆر سەیر و سەمەرە کە پێیان دەڵێن: خان. مشکی سەر خەزێنە بەناوبانگە،

دەڵێن مشـــــک کونێکی پێچەڵپووچی، درێژی، تاریک هەڵدەکەنێ، ئاڵتوون دەدزێ و لە قوژبنێکی کونەکەیـدا کۆی دەکـاتەوە. شـــەوانە گاڵتەیان، درێژی، تاریک هەڵدەکەنێ، ئاڵتوون دەدزی و لە قوژبنێکی کونەکەیدا کۆی دەکاتەوە. شـــەوانە گاڵتەیان پێدەکا و کەیفی پێ دێ. ئەو خانانەش کونەمشکی سەر خەزێنەن.

خـانی عەبـدولقـادر ئەفەنـدی یەکێ بوو لەو کونەمشـــکـانە. قـاپییەکەی بچووک بوو، حەماڵەکەیان فەردە تووتن، کەتیرە، مازوو، خوری و شـــتی وایان لە بەردەرگاکە دادەنا و دەیانهێنا ژوورەوە، لە قاپییەکەوە تا ژوورێ، دالانێکی دووســـێ میتری بوو. دەڵێین ژوور چوونکە نـاوێکی دیکە نییە پێی بڵێین. لەوە دەچوو ئەســـڵەن حەوش بوو بێت. کەی و، چ وەختێک سەری گیراوە؟ نازانین! ئێستا ئەوا لە قاتی دووهەم بانێکی قایمی بە سەرەوەیە و ئەم حەوشـــەی هۆڵ. لە حەواشـــەوە عەبدولقادر ئەفەندی سـنووری موڵکی خۆی دیاری کردووە، تەنـانەت هەتـاویش بە خۆڕایی ڕێی بکەوێتە ئەوێ.

لە سـووچێکی ئەم هۆڵە قەپانێکی گەورە وەکوو تەڵە نراوەتەوە. لەلای قـاپییەکەوە جێگـایەک هەیە. پێش ئەوە کە حەوشـــەکە بانی بخرێتە

سـەر، هەیوان بوە. ئیـدارەی عەبـدولقـادر ئەفەنـدی لەوێیە. دوو قەنەفەی لێ دانراوە و مێزێکیـان لە نێوانـدایە. وا دیـارە ئەوانەش هاوتەمەنی خانەکەن. بەڵام شـەربەری ئاو و پەرداخەکە، بێگومـان لەو قەنەفـانە گەنجترن. لە تەنیشـت ئەو کۆنە هەیوانەوە، قاپییەکی قورس و قایم هەیە هەمیشە داخراوە و کلیلەکەی لە گیرفـانی عەبـدولقـادر ئەفەنـدیـدایە. ئەو قـاپییە، وەکوو «زاکیر»ی خـانچی دەیگوت، دەچێتە «سـەراب» یانێ ژێر خانێکی گەورە کە سێ سندووقی پۆلای لێیە.

ڕۆژی هەوەڵ کە مـانگی بە چوار دینـار لای ئەفەندی دامەزراوم، ئەرکی ڕۆژانەی منی دیاری کرد: مەخـاریجی ڕۆژانەی مـاڵەوە لەو دەفتەرە بنووسـە. چەند فەردە تووتن دێ و چەندەش دەڕوا لەو دەفتەرە بینووسـە. لە ژوورەکـانی قاتی دووهەم لەگەڵ زاکیر گوونییەکان بژمێرن، تازە بە جیا و، کۆنەی ساغ بە جیا و، دڕاو بە جیا دانێن و لەو دەفتەرە بیاننووسە. ئیشەکانی تریش خۆم بە ڕۆژدا لێرەم پێت دەڵێم.

مەخاریجی ماڵەوە ڕۆژی هەوەڵ: ترێ ٥٠ فلس، گۆشـت ١٥٠ فلس، نـان ٦٠ فلس، تەمـاتە و سەوزی ٣٠ فلس، جەریدە ١٠ فلس.

ڕۆژی دووهەم: شـــووتی ٥٠ فلس، ئەوانی دیکە وەک خۆیان.

ڕۆژی سێهەم: لە جیاتی شووتی، کاڵەک.

ئـاخری مـانـگ ئەفەنـدی گوتی: کوا دەفتەری ماڵەوە؟

ئەوەتا.

حیسابی هەموو ڕۆژێکت دەنووسم نووسیوە؟

نەخێر، چی بنووسـم؟ هەموو ڕۆژێ ٣٠٠ فلسـە. ئەوا ئێسـتا دەنووســم مەخاریجی ئەم مانگە ٩ دینار.

کـاکە، ئەمە دەڵێێ چی؟ گۆترە نییە. ئەمە تیجارەتە.«بە چەوە» کچەکەشـــم لە ماڵەوە دەینووســێ. ســەری مانگ بەرامبەریان دەکا، بەڵکو زاکیر فڕوفێڵی کردبێ.

ئەفەنــدی عەیبە. لە ٣٠٠ فلس فڕۆفێڵی چی کردبێ.

کاکە تۆ نیقاش مەکە. ئەمە تیجارەتە.

باشە، ئەفەندی، باشە.

ڕۆژێک لەگەڵ زاکیر چەند ســـەعات گوونیمان جـیـادەکـردەوە، گەروومـان پـڕبـووبـوو لە تەپوتۆز، لەتینوانـا دەهـاژاین، گوتم، زاکیر

بچۆ دووپیسی کۆلا بکڕە با لەو تینوانا نەخنکێین. زاکیر زۆری بەلاوە سەیر بوو، لە بیچمی وا دەرکەوت کە لە مێژووی ئەو خانەدا هەوەڵین جارە شتی وا دەبیستێ. گوتم: بۆچی واقت وڕماوە؟ ئەوە ٣٢ فلس، ڕاکە زوو وەرەوە.

دانیشتبوون پیسی کۆلامان دەخواردەوە، ئەفەندی پەیدابوو، بێ ئەوە سڵاو بکات، بە ڕوویەکی گرژەوە هات دانیشت. زاکیر پیسی کۆلاکەی بە جێهێشت و چووە گیان گونییەکان. خۆم بەوەوە شەکەت نەکرد ئەفەندی بۆچی ڕووگرژە. پیسی کۆلای خۆم خواردەوە. بانگم کرد زاکیر وەرە پیپسی کۆلاکەت گەرم دەبێ، ئەفەندی، دەمی وەک مەشکەی کۆن تەقی و نەڕاندی: کاکە، ئەمە خانە، گازینۆ نییە. تۆ خۆت کار ناکەی، خەریکی زاکیریشم لێ بەدعەمەل کەی؟ من خۆم پیسی کۆلا ناخۆمەوە. ئێوە پارەتان لە کوێ بوو پیسی کۆلا دەخۆنەوە؟ کاسبی چۆن وا دەبێ؟

ئەفەندی خۆ گوونییەکانمان نەگوشیوە پیسی کۆلای لێ چۆڕابێتەوە. من بە پارەی خۆم کڕیومە. جگە لەوەش خۆ من حەماڵ نیم، کاتبم، ڕاستت پێ بڵێم، لەبەر تۆ نییە یارمەتی زاکیر دەدەم، بەزەییم بەودا دێتەوە.

بەزەیی چی؟ زاکیر خانچییە، دەبێ کاری خۆی بکات. تۆ وادیارە بە کاری بازاڕ نایەی. وابزانم بۆنی «یەعیش و یەسقوت» لە مێشکت دێ!

نەوەڵڵا، ئەفەندی، من کابرایەکی کاسبم، لەو کوردستانەوە هاتووم، سەرم لەم بەزمانە دەرناچێ، ئەگەر ڕازی نی، دەڕۆم. ئەوەندەی بیرکەوتەوە کە شەش دینار لە کاتبەکەی پێشوو کەمتر بە من دەدا.

خاوبۆوە و گوتی: باوکم، برام، تۆ غەریبی، دەمەوێ فێری کاسبی ببی. عەقڵی خوێندەواری لە سەرت دەرکە. ڕۆژی ٣٢ فلس پیسی کۆلا مانگێ دەکاتە نێزیکەی دینارێک، کۆی کەرەوە، پاش چەند ساڵی تر بیکەرە دەسمایە و کاسبی پێوە بکە، بۆ خۆت دەبیە پیاو، هەر وامان کردووە.

تا ئەو کاتە تەواو بەوردی سەرنجی سەر و گۆێلاکی ئەفەندیم نەدابوو. بە ڕاستی مشکی سەرخەزێنم بیرکەوتەوە. سەرێکی گرمۆڵە، دوو چاوی بچکۆلە و زیت، لووتێکی باریک، دەمێکی درێژ، پێستێکی وەک کۆنە مەشکە. لەسەر قەنەفەکە قوت ببۆوە و خێرا خێرا گوونیی دەژمارد. گوتم کوڕە ئەوە بۆچی دەترسی، خۆ

دنیا سـەری بە پووش نەگیراوە؟ بە دەنگی بەرز تا ئەفەندی گوێی لێ بێ، گوتی:

ئەفەندی ڕاســت دەکا. ئێمە کاســبین نابێ هەڵەخەرجی بکەین. لە پاشـان بە چیە گوتی: ئەم کابرایە دەرم کا لە هیچ خانێک ڕام ناگرن، دەڵێن یا دەست پیسە، یا سەرسەرییە. کارێکی دیکەش نازانم، منداڵەکانم لە برسانا دەمرن.

تۆزێکی پێچوو ئەفەندی بـانگی کرد وەرن. هاتینە خوارەوە. مام سەعدوون و چەند کەسی تر لە دهۆکەوە کەتیرەیان هێنابوو.

کاکە تۆ بچۆ دانیشە، بییاننووسە. زاکیر وەرە بییانکێشە.. زاکیر فەردەی کەتیرەی

دەخسـتە سـەر قەپانەکە و ئەفەندی خۆی تەماشـای دەکرد. بنووسـە: ٨٤کیلۆ – ٤٠کیلۆ– ٣٢ کیلۆ– ٤٦کیلۆ. دوای قڕە وهەرایەکی زۆر نرخیان بڕی: کیلۆی بە ٢٠٠ فلس.

هەمووی بوو بە چەند کیلۆ؟

١٦٦ کیلۆ

چوار جێگایە، ٨ کیلوی لێ فڕیدە.

مام سەعدوون: عەبدولقادر ئەفەندی چۆن؟

ئەم کیسانە یەکی کیلۆیەکیش نابن.

کاکە ئەمە عادەتی بازاڕە. ئێرە بەغدایە، بەغدا.

٦ کیلۆی تەپوتۆز و خاکوخۆڵ لێ فڕێدە.

مام ســـــەعدوون: کوڕە پیاوی چاک بە، کەتیرە دەڵێی جەواهیراتە، تەپۆ تۆزی چی؟

کـاکە ئەمە دەڵێی چی؟ چەنـد جـارت پێ بڵێم عادەتی بازاڕە؟

بەڵێ، دەمێنێتەوە ١٥٢ کیلۆ.

بیکە بە باتمان.

دە باتمان و دوو کیلۆ.

نا، نا، وانیە کەمتر دەکات.

بۆ چی وانییە؟ ١٥٢ کیلۆ، هەر بـاتمـانی ١٥ کیلۆ، دەکاتە ١٠ باتمان و دوو کیلۆ، ئیتر چی؟ خۆ شتێکی ئەوەندە زۆر نییە.

کاکە غەڵەتی، عادەتی بازاڕ ١٦ بە ١٥یە.

تێناگەم، ١٦ بە ١٥ یانی چیی؟

دەزانم تێناگەی. تاوانی خۆمە تۆم ڕاگرتووە.

شانزدە کیلو دەژمێرن و دەڵێن ئەمە پازدە،

دایدەنێن بە باتمانێک.

هێندەم پێ ســـــەیر بوو دام لە قاقای پێکەنین و گوتم: دەی جا با ئەمەش عادەتی بازاڕ بێ هەر

١٦ دینــاری بۆ دەژمێرین و دەڵێین ئەوە ١٥ دینار.

مام سەعدوون گوتی: ئەو کێشـەیەی ناویٚ. ئەو میزانە چۆنی حیســـاب دەکات بەو پێیە پارەم دەدەیێ باشە، دەنا دەیبەمە خانێکی دیکە.

کوڕە ئەمە عادەتی بازاڕە. لە هەموو خانێک هەر وایە.

من عـادەت و مـادەت نـازانم. هەر ئەوەیە پێم گوتی.

ئەفەندی لە تووڕەییان چاوی دەرپەڕیبوو: باشە دەکاتە چەند؟

٣٠ دینار و چوار سەد فلس.

دینارێکیشی ئەرزییە و قەپانی لێ دەرکە.

٦٢ دینار و چوار سەد فلس.

٤٠٠ فلسەکەش حەماڵیی زاکیر.

مام سەعدوون و ئەوان ڕۆیشتن. ئەفەندی گوتی: چەندی مانگە؟

١٥ ی مانگە.

بگرە، ئەوە دوو دینار و، بڕۆ بەڕێی خۆتەوە. تۆ بە کاری بازاڕ نایەی.

بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە

کۆشکی ئاغایی وەکوو کوندەبە بووی گەڕۆڵ بە بەربەڕۆچکی دێی «سەرکەل»ەوە هەڵنیشبوو. لە هێندێ جێ پاسارەی بانەکان کەوتبوونە خوارەوە، لە هێندێ جێشدا چۆڕابوون، دەتگوت دەمی گزیری پیرە لەبەر کرووساندنەوەی ئێسقانی پاشخوان و چەقەی زۆری چەند ساڵە لەگەڵ بێگارچییەکان ددانی تاق و واز کەوتووە و، ئەوەی ماویشەتەوە خوار و خێچ بووە. لە مێژ بوو پلووسەکەکان بەر ببوونەوە و چاییان پێ لێنرابوو. شۆلاوگەی باران کەندەڕی خستبووە دیوارەکان و دەمیان لە گوندی سەرکەل داپچڕیبوو، دەتگوت قەستیانە ئەو چەند ماڵە ڕەعیەتەش کە لە دێدا ماون بە گاو گوێر و شیناوەردەوە قووت بدەن.

بەردەکان سەریان لە سواغەکان دەرهێنابوو، ددانیان لە ڕیچەوە بردبوو، لەوە دەچوو نیازیان وا بێ خۆیان لە بەندی دیوارەکان ڕزگار بکەن.

بەشی دەرەوەی قەڵا، دیواخان و پێشخانە، تەویلە و کادێن، هێشتا بە پێوە بوون.

دیواریان بە دەرەوە و بانیان بە سەرەوە مابوو. بەڵام نە لە تەویلە حیلەی ئەسپ و ماین

دەهات، نە کادێن سـپیایی کای تێدا دیار بوو. لە بن میچ سیسرە دەیانخوێند و لە خواریشەوە قالۆنچە ڕمبازییان دەکرد.

سـاڵێک بوو فەڕشـی دیواخانەکە فرۆشـرابوو، بەرە کانی پێشـخانەی لێ ڕاخرابوون. هەموو شـتێک لە ماڵی مەجید خان بەرەو سـووک و چرووکی دەڕۆیشـت. ئەم بەڕانە نەبێ ڕێز و حورمەتیـان پەیـدا کردبوو لە پێشـخـانەوە هاتبوونە دیواخان و جێگای قاڵییان گرتبۆوە. تاقە حەسـیرێکیش لە مزگەوت پەڕەوازە ببوو هاتبووە قوژبنێکی پێشخانەکە.

دەزگای دەرەوەی مەجیدبەگ بە سـێ شـتەوە دەگەڕا: فەرەجـی فەڕاش، هەڵـۆی تـانـجـی، ئێسترە بۆز. شەوانە ئێسترە بۆز فەرمانڕەوای شـەشدانگی تەویلە بوو، سـەربەخۆ دەیزەڕاند. هەڵۆ لەسـەر کوتە حەسـیرەکەی پێشـخانە و فەرەجیش لە مزگەوت دەخەوتن.

تـازە تـاو لە نـاو ئـاوایی کەوتبوو. فەرەج لە مزگەوت هاتەدەرەوە. نۆرەی ماڵی سۆفی ڕەحیم بوو، چوو سـەوەتەیەک کاو جامێ ماسـتی لێ ئەسـتاندن. کایەکەی کردە بەر ئێسـترە بۆز و، ماسـتەکەی بردە ژوورەوە بۆ بەر چایی ئاغا. هاتەوە لە گوێسـوانەی کادێنەکە پێنج شـەش

لقی دار هێنا و کوورەی دەیوەخانەکەی داخست، هەڵۆی لە سەر حەسیرەکە دەرکرد و لە جێگای دانیشت. تاوێکی پێچوو مەجید بەگ پەیدا بوو، بە کاوەخۆ هەنگاوی هەڵدەهێنا. لەگەڵ هەموو هەنگاوێک کەوشەکانی قاچیان دقۆستەوە. هەر دوو دەستی نابووە کەلەکەی، ڕەسمی ئاغایەتیی بەجێ دەهێنا و لە شنەبای ساردیش شاردبوونیەوە. مەجید بەگ هاتە ژوورەوە لە پەنا کوورەکە دانیشت. فەرەج وەک دەست بۆ ژێژک بەرێ، سەرینێکی تووکی گەورەی چڵکن کە بەرگەکەی لە دوو سێ جێ دڕابوو، لای پەنچەرەکەوە لە جێگای دوێنێ ئێوارەی ئاغا دانرابوو، بە ئەسپایی هەڵیگرت و هێنای لە پشت ئاغایەوە داینا. مەجید بەگ پاڵی داوە و گوتی: بچۆ نان بێنە. فەرەج تاوێکی پێچوو سینییەکی گەورەی هێنا دوو نان و پیاڵەیەک ماست و سێ ئێستێکان چای لەسەر بوو، لەبەردەم ئاغا داینا و چووەوە پێشخانە.

مەجید بەگ بە دەم وتووێژەوە، چەند پارووی نان و ماست خوارد و دوو ئێستیکانی چا خواردەوە. چاوی بڕیبوو سینییەکە و کەوتبووە دەریای خەیاڵاتەوە. دەستی شارەزای بەرپشتێنەکەی بوو. لە خۆیەوە قوتووە سیغارەکەی دەرهێنا، سیغارێکی پێچاوە و بە

ئاگری کوورەکە دایگیرساند. پزیسکێک ئاگر پەڕییە پشتی دەستی. وریا بۆوە و بانگی کرد: وەرە لای بە.

فەرەج هات سینییەکەی لابرد. مەجید بەگ ناوبەناو مژێکی لە سیغارەکەی دەدا و بە وردی دەیڕوانییە میچی دیواخانەکە. تۆڕ و ڕایەڵەی جالْجالۆکەی نەدەدی، ؛ فیکری دوورتر ڕۆیشتبوو، لەبەر خۆیەوە دەیبژارد:

یەک... دوو... سێ... تا گەیشتە سی.

فەرەج وای دەزانی ماڵە ڕۆیشتووەکان دەژمێرێ. لە پێشخانەوە هەڵیدایە: نەخێر ئاغا، بیست و پێنج.

مەجید بەگ ئەوەندە نوقمی خەیاڵات بوو گوێی لە فەرەج نەبوو، مژێکی دیکەی لە سیغارەکەی دا، دووکەڵ نەهاتە دەمی. قونچکە سیغارەکەی فت کرد. دارجگەرەکەی چەقاند بەر پشتێنی و هاتەدەرەوە.

بۆڕەو قۆڕەی گاو گوێر وریای کردەوە. تەماشای کرد ئەوا ماڵێکی دیکەش خەریکی کۆچ کردنە. تاوێ لووتی داژەند و، لە پاشان لەبەر خۆیەوە گوتی: بە گۆڕی بابیەوە، با بڕوا. داری خانووەکە بەشی مانگێکی کوورەکە دەکات. مەجید بەگ ڕۆیشتە ماڵەوە. سینییەکە بە سێ

ئیســـتیکـان و پیـاڵەیەکی خـاڵییەوە لەوێ دانرابوو، خەیاڵاتەکەی دیواخان سەری لێداوە. گوتی: ئەرێ خانم! تۆ پێم ناڵێی ئەم سینییە بۆ چی وایە؟

زارا خانم گوتی: سینی چییەتی؟ چۆنە؟

کچێ! ئەوە دەڵێی چی؟ بڕوانە ئەوەندە گەورەیە گێرەی لەســـەر بگێڕە. لە دیواخان تەماشـــام دەکرد نانەکانیش بە حاڵ لە قووژبنێکدا دیار بوون. دیواخانەکەش دەڵێی وشترخانە ئەوەندە بەرز و گەورەیە سێ ئاڵووداری تێدایە.

جا بۆ ناڵێی ئەویش لەبەڕیەک ڕەویوەتەوە.

بەڵێ، بەڵێ، ئەسڵەن هەموو شتێک لەبەریەک ڕەویوەتەوە. کەوشـــەکانیشـــم ئەوا بە حاڵ بە پێمەوە گیر دەبن. بڕوانە کەواکەی بەرم، دەڵێی عەبایە، دوانی وەک منی تێدا جێ دەبێتەوە.

کوڕە! قسەی چا بکە، ئابڕوومان دەچێ.

چۆن بڕواناکەی؟ تۆش هەر وای. دەڵێی کیژۆڵەی کراسی دایکت لەبەر کردووە.

زارا خانم هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و گوتی: ئەو ڕەعیەتە بێوەفا و ناپیاوانە بە جێیان هێشـتین. لە دێیەکی چۆڵ و هو ڵدا هەر چاکە شـــێتیش

نابین. ســـەیدی زەنبیل ئاور لە عەمر و ماڵیان بەردات.

میمکە پیرۆز، ژنی لالۆ ڕەحمــان، کە بۆ خواحــافیزی هــاتبووە لای خــانم، گوتی ئەیڕۆ خــانم گیــان، تو خوا بۆ دوعــای شـــەڕ لە هاو ماڵەکان دەکەی! ئەوانیش وەک تۆ ڕۆڵەی شیرینیان هەیە.

میمکە پیرۆز ئەی تو خوا ئەوە پیاوتییە لە گەڵ ئێمەی دەکەن. ئەوە وەفا و ئەمەکە! دێیەکەتان چۆڵ کرد وئێمەتان بە تاقی تەنیا بەجێ هێشت؟

خــانم گیــان بڵێین چی؟ ئەوەی لای خواوە بێ خۆشـــە. ئاخر چی بکەین. بەخوا ئەرکتان زۆر قورسە. تا پێمان کرا خزمەتمان کردن. ئێستاش لە پەڕوپۆ کەوتوون. ناشـــکوری نەبێ دێیەکە نەگبەت گرتوویەتی.

دەڵێین بەشکەم خوا لە جێیەکی دیکە دەروویەکی بە خێرمان لێ بکاتەوە و نەگبەت بەرمان بدا.

خــانم لە قســـەکــانی میمکە پیرۆز «خوا»، «نەگبەت»، «دەرووی خێر»... فێکرێکی بە ڵدا هات و گوتی: میمکە پیرۆز بە دڵییەوە مەگرە، لەگەڵ تۆم نەبوو. ئێوە ڕەعیەتێکی باش بوون، تا توانیتان لە گەڵمان مانەوە، بە خێرچن، خێرتان بێتەڕێ.

خانم گیان! دەم خۆش. قەت دوعای شـــەڕ لە خەڵـک مەکەن. ئێوە نەجیمزادەن. ودمی بـاش نییە. بە خێرچی، میمکە پیرۆز، بە خێرچی... کارتان ڕاست بێ.!

میمکە پیرۆز ڕۆیشت. زارا خانم قیژاندی بەسەر مەجید بەگدا. عەمرت. نەمێنێ. سـەر سـەپۆلەی بێ دەم و پل و دەسـتەوسـتانە. تۆ کەی پیاوی. منیش نەگبەت گرتمی، چـارەم لە چـارەی تۆ نووسرا.

دیوا خان وەک وشـــتر خانە وایە وســـینی بۆ گەورەیە؟ ئاقڵ لە مێشکتدا نەماوە. بە دیار ئەو پیرەژنە ڕەعیەتەوە ئەم قســانە دەکەی. ئەوانە بە خوێنی سەرمان تینوون. هەر دەڕوا و دەیڵێ. ئاخرییەکەی بۆ مان دەکاتە بەیت و باوێک و ئابڕوومان دەچێ.

جاری جارانە، ســینی نانی گەنمە ســەرداری شــانەوشــان دایپۆشــێ، شــەش حەوت قاپ و دەوریی لەســـەر بێ؟ دوو نـانی وەک بـاڵە مێشـــوولە ســینی لە کوێ پڕدەکاتەوە؟ ئاقڵت بەوە ناشکێ لە برسانا و لەبەر خەم و خەفەت وەک چیلکە وشک هەڵاتووین، کراس و کەوامان لێ بووەتە عەبا، دیواخان چۆڵ و هۆڵ و ڕووت و قووت؟ وشترخانە، ئەی چییە؟

تازە بۆم دەبێتەوە ئا غا و لە دیوا خانە نان دەخوا. چاکە دێیەکە چۆڵە و کەسـی تێدا نییە، دەنا دەبووینە پەند و مەخسەرە.

مەجید بەگ وەکوو قەلەمموونە لووتی بەسـەر لچیدا شۆڕ ببۆوە، چاوی بڕیبووە عەرزەکە. بە کز ییەکەوە گو تی: بڵێم چی؟ منیش دەزا نم دیواخان و میواخان وەختی بەسەر چووە. گوتم بەرە جێژنـانە. جـاریٚ بـا وا بیٚ، بەڵکوو ڕەعیەتەکان ڕۆژی جێژنانەمان بۆ بێنن، جا لە پاشان بەڕەو مەڕەکان کۆدەکەینەوە.

جێژنی چی؟ تـازە بە تەمـای جێژنـانەی؟ ئەوا ئەمڕۆش ماڵێکی دیکەیان ڕۆیشـت. ماوەتەوە چوار ماڵ، نا گاتە جێژن ئەوانیش بار دەکەن. بە تەمای جێژنانە خۆت لەسـەرمانا دەکوژی؟ هەسـتە بڕۆ بۆ زەنبیـل، بەڵکو سـەییـد هیمەتێکمـان بۆ بکـا، فەرەج کەوتە پێشـی و چوونە زەنبیل. نە وەک جاران بارگە و بنەی پێبوو و نەدیـاری و سـەوقـات. کەس خۆی تێنەگەیـانـد. شـەو لێفەیەکیـان بۆ هێنـا لە خـانەقـا، چووە نـاو دووتۆیی لێفەکەوە. لە خەو یدا لای وابوو جاری جارانە، سـەردەمی دەسـڕۆیشـتنییەتی. خەبەری بووەوە، بە دەم خەوەوە بانگی کرد: کیٚ لەوێیە؟

فەرەج گوتی: بەڵێ ئاغا.

شتێکم پێدا دە، ساردە.

هیچ نییە، جلی ئێسترەکە نەبێ.

بێدەنگ بە، سەگباب.

تاوێکی دیکەی پێچوو، سەرما زۆری بۆ هێنا. بانگی کرد: فەرەج شتێکم پێدادە، زۆرم سەرمایە.

فەرەج گوتی: هەر جلە ئێسترەکە هەیە، هیچی دیکە نییە.

مەجید بەگ وتی: وست بە، کەرە.

چاوی چۆوە خەو، لە خەویدا زارا خانم لێی بە دەمدا هاتووە، گەزارە دەکێشێ و ئەوی بەسەر زاریدا دێ، پێی دەڵێ: داچڵەکا. لەسەر مانا دەلەرزی. گوتی:

فەرەج، زۆرم سەرمایە، عیلاجم بکە.

فەرەج گوتی: ئاغا، بەم شەوە کێ چاوی لێیە، قەی چی ئەکا؟

با جڵی ئێسترەکەت پێدا دەم. مەجید بەگ گوتی: باشە، بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە،

# تاج و تەختی کۆیخا هۆمەر

چەند ساڵ پێش شەڕی دووهەمی جیهانی، هەر لە بەیانییەوە ڕۆژێک لە بازاڕی مەهاباد، سەودا و کڕین و فرۆشتن وێستا. دوو کاندارەکان کە هەموو شتێک بە گەزی خۆیان دەپێون، وە هەموو شتێک بە سەنگ و تەرازووی خۆیان دەکێشن، تا گەز و تەرازوو یان لە کاردا بێ بەتەنگ هیچەوە نین، دنیا ژێروژوور بێ، هەر ئەوان فرۆشیان ببێ، پەکیان پێناکەوێ. ئەو ڕۆژە نیوگەز وەکو مقاشی هاوین لەولاوە کەوتبوو، تەرازووش مریشکە بەکورکت تێدا بنایەتەوە. کوتووپڕ چپەچپ کەوتە بازاڕ. یەک لە یەکی دەپرسی: چ باسە، کرمانج ئەمڕۆ بۆدەرمانیش دەست ناکەوێ؟

زۆری پێ نەچوو زانرا: سەرباز دەوری شاری گرتووە، سوخرەیە، ماین، ئەسب، وشتر، گوێدرێژ، هەرچی بە کاری سواری و باری بێت بە سوخرە دەگێرێ.

ئەمجار خەڵک زیاتر تینووی دەنگوباس بوون. چیە؟ چ قەوماوە؟ کەس نەیدەزانی! کەسیش نەیدەوێرا زۆری لێ بکۆڵێتەوە. کاروباری لە شکری دەوڵەتە و نهێنییە، لێکۆڵینەوەی باسی سەرە.

دوو سێ ڕۆژی پێچوو، ورده ورده سوخره بڕاوه و وەزع هاتەوە دۆخی خۆی. دەنگوو باس بڵاو بۆوه:

بەشێک لەو لەشکرەی لە مەهابادە، چووه بۆ ناو «گەورکان» پاشان خەبەر گەیشت کە لە گەورکانیش تێپەڕیوه و بەرەو سەردەشت ڕۆیشتوه. ئیتر دەنگو باس وشکاری هات. هێندێک دەیانگووت: ڕەنگە ئەمانە چووبن هیی سەردەشت بگۆڕن. هێندێکانیش دەیانگوت: ڕەنگە لەو ناوە شەڕ بێت. هاتوچوو بۆ سەردەشت نەبوو، نەیاندەهێشت هیچ کەس ببیسێ. ئەوە ببورە مەتەڵۆ کەیەک کەس نەیتوانی هەڵیبێنێ. تا شین و شەپۆڕ لە ماڵی «حەیدەر عەلی خان» دا کەوت. حەیدەر عەلی خان ئەفسەری فەرماندەی بەشی شەست تیری ئەو لەشکرە بوو کە چووبووە سەردەشت. دەرکەوت کە سەید عەلی خان کوژراوە.

خەڵک لە ژوو مارەی سەر بازە کوژراوە کان کەوتنە خۆ. یەکێ دەیگوت: سەد سەرباز کوژراوه.

یەکێک دەیگوت: دوو سەد هیی وابوو دەیگەیاند پێنج سەد. هێندێکیش دە یانگوت قەلاچۆ یان تێخراوە و چولەکەکوژیان نەماوە.

خەڵک ئەوەندەیان حەز بە فەوتانی لەشـــکری دەوڵەت دەکرد، ئەوەی لە دڵیـانـدا بوو بە زۆرکردنی ژمارەی سـەربازە کوژراوەکان دەریان دەبڕی و، بەم جۆرە کفتوکۆی دڵی خۆیـان دەڕشت. بەڵام سەرلەبەریش بتگرتاتە قسەیان بێ نـاوەڕۆک، نەبوو، چوونکە ئەو بەشـــە لەشکری دەوڵەت کە لە سـەردەشت بوو هیچی پێ نەکرا.

دەوڵەت نەیدەویســـت وەکو جاران-کە لە هەر لایەکی کوردستانی ئێران جووڵانەوەیەک ببوایە تفەنگی بە عەلی ئـاغـای حـاجی ئێلخـانی و قەرەنی ئـاغـای مـامەش و چەنـد ســـەرۆک عەشـــیرەتی خۆفرۆشـــی دیکە کۆدەکردەوە و جووڵانەوەکانی کوردی بە کوردەکان دەخنکاند - ئەمجاریش وا بکات.

دوڵەت خۆی بە دەســتەڵاتدار دەزانی، ئەوانیش چەک چن کردبوو، ئیتر نەیدویســـت جارێکی دیکە چەکیان بداتەوە دەســـت. دەیگوت؛ «ڕەش هەر ڕەشـــە». ئەمانە با خانینی گەلەکەشـیان بن، هەر کوردن و جێگای بڕوانین.

تەشـیدەویســت لە شـارەکانی دیکەوە لەشـکر بێنێ. تا خەڵک نەزانن هێشـتا کەســی وا ماوە بتۆانێ لە زەمانی ڕەزاشادا سەری دڵی هەڵاوێ.

**لە تارانەوە فەرمان درامەسەلەکە لە کورتی ببڕنەوە و پووش بەسەری کەن.**

**فەرماندەکانی لەشکری «ورمێ» و «مەهاباد» و «سەردەشت» کەوتنە ڕاو تەگبیر. ئاخرییەکەی بڕیاریاندا لە گەڵ کوێخا هۆمەری سۆێسنێ و توویژ بکەن. «کێ ئەم زەنگۆڵە لە ملی پشیلە بکات؟» دەستیان کرد بە پرسیار لەو بازرگان و دەربەگانەی سەر بە دەڵەوت بوون. بە هەموویان «کا حسێن» یان دۆزییەوە.**

**کا حسێن هەم سەید بوو، هەم بە ڕاوێژی دەمی عەشایری دەزانی. کاتی شەڕی هەوەڵی جیهانی میرزای با پیراغای مەنگوڕ بوو. لە پاشان بە نۆرە میرزای عەلی ئاغای حاجی ئێڵخانی و قەرەنی ئاغای مامەش بوو. سەرۆک عەشیرەتەکان دەیاناسی و بە پیاوێکی ئاقڵیان دزانی. چەق و تەقی دنیای زۆر دیبوو. لە شەڕی هەوەڵی جیهاندا کە لەشکری عوسمانی لە سابڵاخ «مەهاباد» بوو، داوایان لە پیراغا کرد بە خۆی و لەشکرەکەییەوە بچێ بۆ «خەزا» با پیراغا بە کاحسێندا وەڵامێکی زۆر تۆند و تیژی بۆ ئەفسەری عوسمانی ناردەوە. ئەفسەری عوسمانی کە دەستی نەدەگەیشتە باپیراغا، حوکمی ئیعدامی کا حسێنی دا.**

کا حســـێن بە تکای قازی عەلی باوکی قازی محەمەدی شـــەهید ڕزگاری بوو. کە لەشـــکری ڕووسـی قەیسـەری هات و لەشکری عوسمانی شـــکاند، ڕۆژێک کا حســـێن بۆ کاری باپیراغا دەچووە سـابلاخ. لە ڕێگا تووشـی دەسـتەیەک سـاڵداتی ڕووســـی بوو، سـاڵداتەکان کە بۆ کـابـرایەکـی دیـکە دەگەڕان، بەهەڵەچـوون و کاحســـێنیان گرت، وە لەگەڵ دیلی دیکە نێردرا بۆ قەفقاز، تا لە شـــۆرشـــی مەزنی ئۆکتۆبردا بەربوو، هاتەوە.

کا حســـێن کە بەســـارد و گەرمی ڕۆژگار قاڵ ببوو، بۆ ئەم کـارە هەڵبژێردرا، وە لە گەڵ ئەفســـەرێک ناردیان بۆ لای کوێخا هۆمەر لە گوندی «قەلەڕەشە«

کا حسێن گوتی: فەرماندەی سەردەشت لە پێشدا پیاوی ناردبووە لای کوێخا هۆمەر، کە لە لایەن دەوڵەتەوە دوو کەس دەنێردرێن بۆ وتوویژ، کوێخـا هۆمەر قبووڵی کردبوو. لەســـەر ئەو بەڵێنییە کەوتینەڕێ. کە لە ســـەردەشـــت دەرکەوتین و گەییشـــتینە ناو نزار، دوو کابرای سۆێسنیی ڕووتەڵە لە بن دەوەنێک دەرپەڕین، تفەنگەکانیان قایشـــی پێوە نەبوو، لە جیاتیی قایش بەنیان تێخســـتبوو. پرســـییان چ کارەن، بۆ کوێ دە چن؟

گوتمان: لە لایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆ لای کوێخا هۆمەر.

گوتیان: ڕاوەستن تا پرس بکەین.

یەکیان ڕۆیشت، دوای نیو سەعات هاتەوە گوتی: با بڕۆن.

ڕۆیشتین، گەییشتینە بەندەیێ، دیسان دوو سوێسنی لەبن دارێک دەرپەرین:

چ کارەن؟ بۆ کوێ دەچن؟

لە لایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆ لای کوێخا هۆمەر. ڕاوەستن، با پرس بکەین.

یەکیان ڕۆیشت و دوای سەعاتێک هاتەوە، گوتی: با بڕۆن.

بە دۆڵی قەلەڕەشدا بەربووینەوە. لە شیوێک دوو سوێسنیمان لێ دەبەڕێ:

چ کارەن؟ بۆ کوێ دەچن؟

لە لایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆ لای کوێخا هۆمەر.

ڕاوستن، با پرس بکەین.

یەکیان ڕۆیشت و دوای سەعات و نیوێک هاتەوە.

گوتی: با بڕۆن.

ڕۆیشتین تا گەیشتینە بەر حەوشەیەک کە بە تەیمان گیرابوو، چەپەرێکی گەورەی پێوە بوو.

سوێسنییەک بە تفەنگەوە لەو دیوی چەپەرەکە ڕاوێستابوو.

چ کارەن، لە چی دەگەڕێن؟

لە لایەن دەوڵەتەوە هـاتووین بۆ لای کوێخـا هۆمەر.

بانگی کرد: پیرۆت! ئەمانە دەیانەوێ بێنە لای کوێخا هۆمەر.

دوای چـارەگە ســـەعـاتێک پیرۆت لە هیوانی هۆدەکەیەوە بانگی کرد: با بێن.

ڕۆیشـــتین گەییشـــتینە هەیوانەکە. پیرۆت لە هەیوانی هۆدەکەوە بانگی کرد: با بێن.

ڕۆیشـتین گەییشـتینە هەیوانەکە. پیرۆت گوتی: ڕاوەستن.

پیرۆت چووە ژوورەوە. چ ببینین؟ ســـەیر و ســـەمەرە! هۆدەیەکی قوڕین، دیوارەکـانی بە دووکەڵ ڕەش ببوو، میچەکەی قورمـاوی بوو، تـاقە پەنجەرێکی چووکی تێدا بوو بۆ ســـەر هەیوانەکە، شـــووشـــەکەی بە دووکەڵ ڕەش داگەڕابوو. هیچی لێ ڕانەخرابوو. لە ناوەڕاستی هۆدەکەدا کورســـییەکی زســـتانی کە لەســـەر

تەنوور دایـدەنێن و لێفەی پێـدا دەدەن و لـە دەوری دادەنیشـــن، دانرابوو. کوێخــا هۆمەر لەسـەر کورسـیەکە دانیشـتبوو، لاقێکی نابووە سەر لاقێکی، بەسەر سەریەوە سەوەتەیەک بە بەن بە داری میچەکەوە هەڵاوســـرابوو. کوێخا هۆمەر سەری کردبوو بە بن سەوەتەکەدا کوێخا هۆمەر نە تەما شای کردین، نە وەڵامی داینەوە. پیرۆت قەلیانێکی تێکرد و دایە دەســـت کوێخا هۆمەر. کو ێخــا هۆمەر نــاوبەنــاو مژی لە قەلیـانەکە دەدا و چـاوی بڕیبووە پەنجەرەکە. ئێمەش وێســـتابووین. کابرای ئەفســـەر ســـپی هەڵگەڕابوو.، لە بیچمی وا دەرکەوت لای وایە بەدەست ئەم دێو و درنجەوە هەزار گیانی پێ بێ گیانێک بە سـاخی دەرناکات. بە چاو ئیشـارەم لێ کرد: نەترســـی. دوای تاوێک کوێخا هۆمەر گوتی: پیرۆت، چای بێنە.

پیرۆت چـایەکی هێنـا و داینـا. کوێخـا هۆمەر ناوبەناو مژێکی لە قەلیانەکە دەدا و قومێکی لە چـایەکە دەخواردوە کە لە قەلیـان و چـایەکە بۆوە، ڕویکردە ئێمە و گوتی: ئێوە کێن؟ دەڵێن چی.

گوتم کوێخــا هۆمەر: ئەمە ڕەســـم و بــاری کوردەواری نییە. لە هەموو مــاڵێـک ڕێز و حورمەت لە میوان دەگرن. ئێمە میوانی تۆین.

بەڵێ، کە دەستتان ناڕوات، ئەم قسانە دەکەن. ئێستا قسەتان چییە بیڵێن.

لە پێشدا پیاویان ناردبووە لات قبووڵت کردبوو ئێمە بێین. ئەوا لە لایەن دەوڵەتەوە هاتووین قسەت لەگەڵ بکەین.

چۆن هاتن؟

لە سەردەشت کەوتینە ڕێ و ئەوا گەیشتووینەتە ئێرە، لای تۆ.

نا، نا، بەوردی بۆم بگێڕنەوە، تووشی کێ هاتن؟ چییان لێ پرسن؟

بەوردی هەمووم بۆ گێڕایەوە، چەند جار ڕایانگرتین، چەند لێ پرسین؟

بەوردی هەمووم بۆ گێڕایەوە، چەند جار ڕایانگرتین، چەند برسی و تینووی بووین.

گوتی: لێرە، لەم هۆدەیەدا چۆن؟

گوتم: وەڵامی سڵاوت نەداینەوە، ماندوو نەبوونیت نەکردین. لەو ساوە تا ئێستا بە پێوە ڕاتگرتووین.

قسەی چیم لەگەڵ دەکەن. ئەمە وەڵامەکەتانە. کردەوەی پیاوەکانی دەوڵەتەکەتان لە سەردەشت لەگەڵ ئێمە ئاوایە. بە شایەکەتان بڵێن کردەوەی پیاوەکانی باش دەکا و وەکو ئینسانان

دەبزوونەوە، ئەوا باشە. ئەگەر هەر لەسەر ئەم پێودا نانەش دەڕۆن، ئەو تاج و تەختی هەیە، منیش ئەمە «ئێشارەی بۆ سەوەتەکە کرد» تاج و، ئەمەش «ئیشـــارەی بۆ کورســـییەکە کرد» تەختم. دەسـا دەسـت و قەوەت لە خوا. کوێخا هۆمەر دەرفەتی نەداین قسە بکە، گوتی: پیرۆت بییانبە.

پیرۆت بردینییە هۆدەیەکی گەورەی ڕوونـاک و خاوێن، قاڵیی لێ ڕاخرابوو، پاڵ و پشـــتی لێ دانرابوو، سەماوەر قوڵتەقوڵتی بوو. دانیشتن، چایان بۆ تێکردین. دوای تاوێک کوێخا هۆمەر هات و لای خوارەوە دانیشت. بە ڕووخۆشییەوە بە خێرهـاتنێکی گەرم و گوڕی کردین. نـان و خوانێکی باشیان هێنا و نانمان خوارد.

گوتم: دەی کوێخا هۆمەر، ئێســـتا با قســـان بکەین.

قســـەی چی بکەین؟ «قســـەی هەزارە یەکی بەکارە». من وەڵامی ئێوەم دایەوە. تۆ پیاوێکی ئاقڵی.

بڕوا ناکەم تێنەگەشـــتبی. ماڵاواییمـان لێکرد. کوێخا هۆمەر زۆر بە حورمەتەوە بەڕێی کردین.

هاتمەوە، ســـەر لەشـــکرم تێگە یا ند تاوانی ژاندرمەیە سـوێسـنییەکانی ئەوەندە هەراسـان

کردووە نــاچــار بوون بەگژ دەوڵەتــدا بچن. دەوڵەت قەدەغەی کــرد ژانــدارم بە خــاکــی سۆیسنیدا بچێ. بۆ کاروباری ئەوێ دایرەیەکیان دانا بە ناوی «دایرەی ئینتیزاماتی عەشایری»، کابرایەکیان کردە سـەرۆکی ئەو دایریە بە ناوی «ســـەرهەنگ پزیشــکیان» ســـەربازەکانی پزیشــکیانیش پاش یەک دوو ســاڵ وردە وردە چوونەوە ســـەر پێودانەکەی ژاندارم، تا ڕژێمی ڕەزا شـــا ڕووخا. ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی هاوینی ساڵی ١٩٤١ پزیشـکیان و سـەربازەکانی، وەکو سـقڵی ڕووت، بە تویێی کراس و دەرپێ هاتنەوە مەهـابـاد و لەوێوە ڕۆیشـــتنەوە بۆ پێتەختی شاهەنشاهی.

# ئاغا وەجاغی ڕۆشنە

ڕەشـــید ئاغا لە تەمەنی لاوێتیدا بوو. چەند ســـاڵێک بوو ببووە ئاغا. ئەویش وەک «گای حـاکم» لە تەڕی دەیخوارد و لە ویشـــکی دەخەوت. لەوەتی پێگەیشـتبوو، شـەو خەریکی قومار و، ڕۆژ خەریکی ڕاو و شـــکار بوو. تاقە هونەرێکی کە بووی، ئەوە بوو لە زمانی تاژیی دەزانی.

ڕەشید ئاغا: هەو... هەو... ڕەستی هاوریشم و قەلادەی زیوت لە ئەســـتۆ دەکەم، دەســـت و پەنجەت لە خەنە دەگرم؛ ؛ جلی تورمەت بۆ دەکەم!

تـاوس، ؛ وەکو ژانـدارمەیەک کە تـازە چەنـد کـوردی گـرتـبێ و ئـافەریـنـی لـێ کـرابـێ و ئەفســـەرەکەی بـانگی کـات، یـا وەک ژنە وەرزێڕێکی کە بە ناو دڕک و داڵدا بەدوای تاقە مانگا ونبووەکەیدا ڕابکات، بە خۆشـــبەزی و خێرایی بـازی دەبرد بۆ لای ڕەشـــیـد ئـاغـا، وەخشپەی پێی نەدەبیسرا، بە قەلادەی زێوین و جلی تورمەوە بە دەوروبەری ئـاغـا دەهـات و دەرچوو، کلکە سووتەی دەکرد، خۆی دەکێشاوە و دەیقوروســـکـانـد، پـای: ئـامـادەی ڕاوو و تێبەربوونم.

ئاغا و تانجی، پشـــتاوپشـــت، لەگەڵ یەکتر هاتبوونە خوارەوە. هەر چەند لە دوو ڕەگەزی جیاواز بوون، بەڵام ســـەبارەت بە پێشـــینەی مێژوویی بێ تەرجومان لە یەکتر تێدەگەیشتن.

ئێوارەی ڕۆژێکی دەمەوزسـتان بوو. لە هەیوانی دیواخانی «نۆبار» ڕەشید ئاغا و تاوس بەدیار نۆکەرەکانەوە، بە زمانی حاڵ ئەو قســـانەیان دەکرد.

نۆ کەرەکانی ڕەشـــید ئاغا کە زۆربەیان لەگەڵ نۆبار و دیواخانە و ئەســـپ و تاژی لە ئاغای ڕەحمەتی بە میراث مـابوونەوە، لە هەراویی ناودەســـت و باریکیی دەســـت و پاشـــوو و خۆشـــبەزیی تاوس واقیان وڕمابوو، هیوادار بوون خۆیان و ئاغایان بێ گۆشت نەکات. یەک لە دوای یەک پیرۆزبایی تاوســیان لەڕەشـــید ئاغا دەکرد. لە پاشـان کوێخا عەولا هەڵیدایە و گوتی: بە گۆڕێکی ئـاغـای ڕەحمەتیی تێچووە، ئەو تاژیە دیزیەتییە. ئەگینا ئەم هەڵۆیە و دوو تەغار گەنمیان نەگوتووە.

ڕەشـید ئاغا: دەچەغەبە. دەویت باب، ئاقڵت بۆ لەکار کردم! دیارە، ئەگەر حەمەوەیس لەبرسـا قۆڕەی زگی نەهـاتـایە، بۆ دوو تەغـار گەنم لـێرەوە نەدەچـووە «تـیـلەکۆ» بە شـــەوی

ئەنگوستەچاو، سینگی خۆی بە گوولەوە نێت و تاوس بۆ من بدزێ، دووساڵی تەواوە ناوبانگی تاوسم بیستووە.

لە عاسمان بۆی دەگەڕام، لەسەر زەوی دەستم کەوت، ئەگەر زۆرت بە خیلی بە حەمەوەیس دێ دوو تەغار گەنمی دستکەوووە، نەچووە بچێ، ڕستت دەکەم وتێت بەردەدەم، کە کەروێشکێکت کوشت دوو تەغار گەنم بە تۆ دەدەم.

کوێخا عەولا: دەباشە ئاغا. تۆ لەسەر کەروێشکی خۆت نیی؟ من تەماڵێکت بۆ دەدوزمەوە، کەیفت لێیە لە لاندا بە زیندوویی دەیگرم، حەز دەکەی تاوسی تێبەردە.

ڕەشید ئاغا: دەبڕۆ تەماڵ بدۆزەرەوە.

کوێخا عەولا: ئاغا ئەوەندەم لێ بوەستە گەرداڵێک بەفر بباری. بزانە دوو تەغار گەنمەکە حەلال دەکەم یان نا؟

لەو کاتەدا، تاوس ڕەشید ئاغای تێگەیاند کە ئارەزووی ڕاوی هەیە. بە بەردەمی ئاغادا ٤-٣ بازی برد. بە حاڵ نووکی پەنجەی لە زەوی دەخشا. ڕەشید ئاغا «بە تاوس» دەک لەبەر قەڵەمبازت مرم.

»ئەوجار بە کوێخا عەولاّ»: بە ســـەری مارف ئــاغــا، ســــبەینێ تــا چێشـــتـانێ تەمـاڵێـک نەدورییەوە گەسکت لە سەر بارەوە دەنێم٤ . کە دۆزیـشتەوە جگە لە دوو تەغار گەنم، ئەو ڕانک و چۆغەی بەریشـــم هیی تۆیە. دەبڕۆ بزانم چ دەکەی؟

کوێخا عەولاّ: ئاغا! سوێندەکەت بە گوڵ بێ. لە بەفری نەباریوە، تەماڵت لە کوێ بۆ بدۆزمەوە؟

ئەوەندەم سەبر لێ بگرە. بەفر عەرز سپی بکات جا ئەو حەلە چاوم لێ بکە.

ڕەشـــید ئاغا: ئەو قســـانەی پێ ناوێ. باســـی تە ما ڵت کرد، دەبێ بیدۆزیتەوە. دە نا دەتکەمە تەماڵ و سەگت تێ بەردەدەم.

بایز «یەکێ لە نۆکەرە کان، کە بە ڕێز لە بن دیواری هەیوانەکە بەدیار ئاغاوە وێســتابوون» لەبەر خۆیەوە: عەولاّ خۆی بە دەمڕاست دەزانێ. دەبڕۆ بەم ڕەشانگە تەماڵ بدۆزەوە.

جافر «یەکێکی دیکە لە نۆ کەرەکان»: ئەوەندە گەوجە پێی وایە کەروێشـکیش ڕەعیەتە بچێ لە مـاڵەوە بە شـــەق بیهێنێتەوە بێگـار. ئێمەش دەتوانین ڕەعیەت بە شـــەق ئەمـدیوو ئەودیو کەین. دەبڕۆ تە ماڵ بدۆزەرەوە بە زمانی خۆت پێوە بووی!

مام ســـەلیم «بە حاڵ کەڵبەی لە دەمدا مابوو، وەختی خۆی گەورە نۆکەری مارف ئاغای باوکی ڕەشـــید ئاغا بوو» بە پڵتەپڵت لەبەر خۆیەوە دەســـتی پێکرد: دەک کوێر بم، ئاغا ئاوا دەبێ. دەمەویست ئێستا ئاغای ڕەحمەتی بوایەم ئەم چەلەحانێیەی لە گەڵ بکردایە. چما کاری لە پێستی سەری نەدەئاخنی.

ڕەشـــید ئاغا، کە بە بەرســـەفی نۆکەرەکاندا پیاسەی دەکرد، گوێی لەو قسەیە بوو، چووە پێستی باوکییەوە و گوتی: مام سەلیم! سبەینێ تا نیوەڕۆم لێ ڕاوێستە، جا قسەی ئاغای خۆت تاقی کەرەوە، بزانە چۆن دەیکەمە تەماڵ.

کوێخا عەولا، هەر چەند باب نۆکەر نەبوو، وەکو مام ســـەلیم چاوی بە پاشـــخوانی ئاغای ڕەحمەتی نەپشـــکووتبوو، بەڵام دەتگوت لەژێر چەکوشی شەیتان دەرپەڕیوە. لە فڕوفێڵی ئاغا و نۆکەریدا وەستابوو،

دەیزانی ئاقڵی ئاغا تا کوێ بڕدەکات. تەگبیری خۆی کردبوو، ئەمما دەیویست ڕەشید ئاغا پتر شێلگێرکا. تا دوو تەغار گەنمەکەی دەستکەوێ. ڕووی کردە میرزا ســـمایلی میرزای ئـاغـا کە لەولاوە وێستابوو.

کتێبێکی چڵکنی بە دەستەوە بوو: مام میرزا بۆم کتێبە، ڕبەیەکت لە گەنمەکە دەدەمێ. میرزا سمایل: دەبڕۆ مردووت مرێ. ئێستاکە لە قەندیلیش بەفر نەکەوتووە، قامووسیش تەماڵ ناگرێ. بۆت بڕوانمە کتێبی چی؟

کوێخا عەولا: بەسەری ئەو ئاغایە ڕبە گەنمێکت لە کیس چوو!

ڕەشید ئاغا: ها... ها... سبەینێی نەهاتوو، لە تەماڵی نەدۆزراوە و، لە گەنمی وەرنەگیراو، داخ دەباتە دڵی میرزا!

نۆکەرەکان: بەڵێ، ئاغا جوانی دەفەرمۆێ.

ئەها.. ئەها.. ها..

کوێخا عەولا «دەیەویست بۆ پێکەنینی ئاغا زیاتر سەربکاتە سەر میرزا»: باشە، مەڕوانە کتێبە چڵکنت، بەسەری ئەو ئاغایە چاوت بە گەنم ناکەوێ.

میرزا «کە داخی عەولای لە دڵدا بوو»: شوکور باوکی نەماوە، ئەگینا بێ گەنمیش دەیهێنایە سەما. کوێخا عەولا تێگەیشت مەبەستی میرزا ئەوەیە باوکی عەولا ڕەعیەت بوو. ئەگەر بمایە ئەویشی بە دەردی ڕەعیەتەکانی دیکە دەبرد.

گوتی: من نمەک بە حەرام نیم. ئاغا چۆنی پێ خۆش بێ وا دەکەم.

میرزا، کە زانیی قســە دەگاتە ناسـکی، گوتی: ئاغا حەزدەکا تەماڵی بۆ بدۆزێتەوە.

کوێخا عەوڵا: باشـە، بەڵام بەو شـەرتە دەم لە گۆشتەکەی نەدەی.

مام سەلیم: هەتیوە، عەوڵا تۆ شێتی؟ لەبەفری نەباریوە، لە تەماڵی نەبوو، لە ڕاوی نەکراو، لە ژیانی تێبەرنەدراو، لە کەروێشکی نەکوژراو، لە چێشتی لێنەنراو، میرزا دەم لە گۆشتی چی نادات؟

میرزا: بە خوا بڵێم چی؟ ســەرم لەم قســانە دەرناچێ!

کوێخا عەوڵا: ڕاســت دەکا. هەر ســەری لەوە دەردەچێ بۆ ڕەعیەتەکان بپاڕێتەوە و تکایان بۆ بکا. ئەوەندەی قاقەز و ماقەز خوێندۆتەوە و هاتوچۆی کردووە قسەی ئێمەی پێ هیجە.

میرزا: تۆ بڕۆ تەمـاڵ بـدۆزەرەوە و واز لە من قاقەز و ماقەزم بێنە. هەر شــتە وەختی خۆی هەیە. ئێستا جارێ ئەوا وەختی تەماڵ و ڕاوە.

ڕەشـــید ئاغا «بە دەم ڕێگای ژوورەوە» عەوڵا! تاوس بەرە دەست و پاشووی لە خەنە گرە بۆ تەماڵەکەی سبەینێ.

کوێخا عەوڵا «بەیانی دوای نان و چا» عەوڵا!

کوێخا عەوڵا «کە لە پێشخانە لەگەڵ نۆکەرەکان خەریکی پاشـخوان خواردن بوو، پارووەکەی بە خڕی قووت دا»: بەڵێ... بەڵێ... ئاغا.

ڕەشـید ئاغا: دەسـت و پاشـووری تاوسـت لە خەنە گرت؟

عەوڵا: بەڵێ، ئاغا.

ڕەشـــید ئا غا: قســـەی خۆم لەبیرنەچۆتەوە تەماڵت دۆرییەوە.

عەوڵا: بەڵێ ئاغا.

ڕەشید ئاغا: وڵاغان بێنن، با بچین بۆ ڕاو.

تاوس لە بەر ئەسـپی ڕەشـید ئاغاوە سـەمای دەکرد. لە بناری «تەورەغە» ڕاو دابەسـترا. گە گەیشـتنە شـێوەڵێک، عەوڵا، لەپڕ، هەڵیکێشـا تەماڵ:

خۆڵامی سەری ئاغای خۆمم، تەما... لە

ڕەشـــید ئاغا تاژیی تێبەردا، بەڵام کەروێشــک هەڵنەستا.

عەولا: ئـاغـا، بەلان کەوتووە، بـا بچم هەڵی ئەستێنم. ڕکێفی لێدا و چووە پێشەوە.

دابەزی و گورجێک پەتی ملی کەروێشــکی دارنی و فرێیدا دەرەوە.

ڕەشــــید ئاغا «تاوســــی دووبارە تێپەردا» ها بیگرە تاوس ها..! دەری نەکەی ها!.. لەســەری منت کەویَ... تاوس یەک دوو سەری پێداهات و کەروێشکی هەڵگرت.

عەولا بەغـار چوو کەروێشـــکی لە دەم تـاژی سەندەوە و بە پاشکۆیەوە هەڵیواسی.

کە گەڕانەوە عەولا چاوی پێکەوت برایمە شـــەڵ لە ســــەرەمـانـا دەڵەرزیَ کەچی لەبەر دەرکی مزگەوت لە گەڵ میرزا وێســـتاوە قســـەی بۆ دەکات.

کوێخا عەولا «بە پەلە» برایم ئەوە هێشـــتا نەڕۆیشتووی؟

برایم: بۆ کویَ؟ تۆ هیچـت بە من نەگوتووە. کوێخــا عەولا: پێم نەگوتی، ئەوا گوتم، ڕاکە بچۆ بۆکـان تەنەکەیەک نەوت بێنە بۆ مـاڵی ئاغا. زوو وەرەوە، بۆ ئێواریَ فریای خە!

شــــەو لە دیواخــان بەدەم خواردنی گۆشـــتی کەروێشکەوە، باس باسی ڕاو و تاریف تاریفی تاوس بوو.

ڕەشید ئاغا: مام سەلیم! چۆنم تەماڵ بە عەوڵا پەیدا کرد؟ خۆ ئێستا ئاغایەتی دەزانم؟

مام ســـەلیم: ئەوەندەی گڵ بەســـەر ئاغای ڕەحمەتییەوەیە، ســەد ئەوەندە عومری تۆ بێ. شوکر ئاغا وەجاخی ڕۆشنە.

میرزا «بزەی دەهاتی» : بەڵێم، ئاغا وەجاغی ڕوونە!

ڕەشـــید ئاغا: مام ســـەلیم! بەیانی دوو تەغار گەنم بدە عەوڵا، ڕانک و چۆغەکانیشـــی بۆ دەنێرم..

شـــەو دیواخان چۆڵ بوو، عەوڵا دەڕۆیشـــتە ماڵەوە، لای دا دەرکی ماڵی برایمە شـــەل و بانگی کردە

دەرەوە، گوتی؛ برایم؛ لە دەمت دەربێ کەروێشکی ماڵیت لێ ون بووە، لەژێر بێگاردا دەتپڕووۆێنم. خۆ دوێنێ هیچت بە میرزا نەگوتووە؟

برایم: جا با پێشم گوتبێ، چیی تێدایە، ئەویش هەر لە خۆتانە!

عەولا: نا، نا، ئەوە کابرایەکی شاری و دمشڕە. ئەگەر لای ئاغا باسی کرد، تۆ بڵێ درۆکات شتی وا نەبووە، جا نۆرە بیگارت لەســـەر بێگارت لەسەر هەڵدەگرم.

# خەملی پەموو

هاوینی ساڵی ١٩٥٦ بوو، خانەقا چۆڵ و هوڵ بوو، زەوی خوا دەزانێ بۆ جاری چەندەم لە ڕۆژ نێزیک دەبووە و تیشک وتینی زیاتری لە خۆر و وەردەگرت. وەرزێڕەکان وەکو هەموو هاوینێکی دیکە بە ئیش و کاری کشتوکاڵەوە سەریان قاڵ بوو، نەیاندەپرژا سەری ماڵی شێخ بدەن. ئەگەر دەرفەتیشیان ببوایە، لەبەر ئەوە کە نوخشە دەر نەهاتبوو، لە ڕوویان نەدەهات بە دەستی خاڵی و بەتاڵ بێنە زیارەت. پەردەی کشوماتی بەسەر خانەقا و ماڵی شێخا کشابوو. لە شەو و ڕۆژدا تەنیا پێنج جار دەنگی بانگی سوفی قادری هەورامی گۆمی بێدەنگیی نەختێ دەشڵەقاند. لە جیاتیی «خەم و تەهلیلە»ی سوفی و زکر و دەفی دەروێش، مێشوولەکان کە لە برسانا ئاڵۆزابوون، تێکدەهاڵان و ویزەویزیان بوو.

شێخ پێش نیوەڕۆ و ئێوارە تا نێزیک بانگدان یا لە حەوشەی خانەقا پیاسەی دەکرد، یا لەسەر کورسییەکەی کە لە هەیوانی خانەقا بە تایبەتی بۆ دانرابوو دادەنیشت و دەنکی تەزبێحەکەی دەگێڕاو، دیار بوو بیری لە داهاتی پایزی پار دەکردەوە کە چەندە بوو، وە ئەمساڵ چەندە دەبێت.

مەلا جەلال کە ئەگەر نویژ کالاّ بوایە دەکرا بلّیین کریکاری دینی بوو، مانگی بە پینج دینار بۆ پیشنویژی بە کریّ گیرابوو. وەکو کریکاری دەستەمۆ کە چاوی لە دەمی خاوەن کار بیت و وریای وەخت و کاتی کارەکە بیّ، گۆیی لەوە نەبوو کەس هەیە لە پشتیەوە نویژ بکا یان نا، لەگەڵ دەنگی بانگەکە دەستبەجیّ دەخزا میحرابەکە. سوفی قادریش کە نویژ بەشیکی گرینگ بوو لە دەسمایە، یا باشتر بلّیین «دەم مایە» ی ژیانی، لە پشتیەوە. میرزا عەلیش کە کڕیوە پیچ بوو دەبوو سیهەمیان. بەلاّم شیخ یا وەڕەز بوو، یا بە پیویستی نەدەزانی، یا بەشکم لە مالّەوە نۆیژی دەکرد، لەو وەختەدا نەدەهاتە خانەقا.

مەلا جەلال و سۆفی قادر کەقامەتیان بۆ یەکتر دەستاندەوە، لە هەوای دەنگ و خاویی دەمیان دەردەکەوت هەر ئەوەندە بوو ئەرکی خۆیان بەجیّ دەگەیاند، ئەگینا هیچ لە شانیان خۆش نەبوو. میرزا عەلیش وەکو ڕەشایی لەشکر وابوو، لە نویژکەریکی سادە بەولاوە ڕۆلیکی یاری نەدەکرد.

ئەو خانەقا وڕاق و گەورەیە بە سیّ کەسەوە، لە کاتی جەماعەتدا وەکو حەمامیکی قەدیمی وابوو کە حەمامچی و ئاوگیڕ و یەکیکیش بەخیر

خۆیانی تێدا بشـــۆن، وە ئەو ڕۆژانە دیاری و سەوقامێکی بۆ شێخ و خەتم و تەهلیلەیەکی بۆ خوا تێدا نەبوو.

پێش نیوەڕۆیەک سۆفی قادر وەکو هەموو ڕۆژێ حەوشـــەکە و هەیوانەکەی گەســـــک دابوو، ئاوپڕژێنی کردبوو. کورسیەکەی شـێخی خاوێن کردبووە. ڕاوێستابوو شانی دابوو بە لاشیپانی دەرکی ماڵی شێخەوە.

شێخ هاتە دەرەوە:

سۆفی قادر چ باسە؟

ســـۆفی قادر «بە شـــێوەیەکی نیوە هەورامی»: ســەلامەتی و ســەرو شــێخی. ناشــوکری نەبو خانەقا چۆڵەن. شێخ هات لەسەر کورسییەکە دانیشـــت و چاوی بڕییە دەرگای حەوشـــەکە. کوتووپڕ مەلا جەلال بە شان و عەباوە خۆی کرد بە ژووردا، وا دیـاربوو دوێنێ نێوارێ مـانگی دیبوو.

شــێخ چاوەڕوانی هاتنی خەڵک بوو، نەک هیی وەکـوو مەلا جەلال کە جـگە لەوە خـێری بە ناوچاوەوە نەبوو، ڕەنگ بوو داوای مانگانەش بکات. شـێخ کە ئەحواڵی پرســی و خۆشــهاتنی مەلا جەلالی کرد، لە بیچمی وا دەرکەوت لە دڵی خۆیدا دەڵی خۆیدا دەڵێ:

کابرا تۆ پێشنوێژی خانەقای، دەبێ لە واریداتی ڕۆژانەی خانەقا پارەت بدرێتێ. خانەقاش ئەم ڕۆژانە چۆڵ و هۆڵە. ئیتر چیت دوێ، نابێ نەختێ ئاقڵت ببێ؟

لەم کاتەدا سۆفی نامیق کە چاکی کەوا شۆڕەکەی کردبوو بەلادا و بەنەخوێنەکەی بەسەر دەرپێ سپییە چڵکنەکەیەوە تاقمانەجووتی دەکرد، ئەوەندە بە پەلە خۆی کرد بە ژووردا، لە بیری چوو ئاتەکی کەواکەی داداتەوە. شێخ کە چاوی بە سۆفی نامیق کەوت، تەمومژی ناوچەوانی نەختێ ڕەوی، بانگی کرد:

سۆفی نامیق بە خێرێی، خێرە شوکر؟

سۆفی نامیق: بەخوا قوروان مەگەر هیمەت پیران فریام کەفێ! خێری چی؟

شێخ هەقی بوو هاتنی سۆفی نامیقی پێ خۆش بێ. مریدێکی بە سۆز و موخلیس بوو، خزمەتی خانەقای زۆر دەکرد، هیچ کاتێ بە دەستی خاڵی نەدەهاتە زیارەت.

»هیچ نەبێ دینارێکی هێناوە مەلا جەلالی پێ بێدەنگ کەم. خۆ ئەگەر هیچیشی نەهێنابێ، دیسان هەر قەیناکا. هاوینە، نوخشە

دەرنەهاتوە» دار ئەگەر ســــالێ بەری نەهێنا: ناشێ بیبڕی.«

سۆفی نامیق سەرکەوت، سڵاوی کرد و دەستی شێخی ماچ کرد

سۆفی نامیق، بە خێر هاتی. خۆشی شوکر؟

قوروان خوا خۆشـــت کا. لە ســـایەی خواوە و هیمەت و بەرەکەتی شێخەوە؟

ماڵ و منداڵت چۆنن؟

قوروان، دەستەکانت ماچ ئەکەن.. خزمەتکارن.

شیناوەردەکەت چۆنە، نوخشە دەرهاتووە؟

ئای قوروان نوخشەی چی؟ خۆزیا هەر نەبوایە. ئەمســـاڵ پەمگەکەمان هەراش بوو، بە خاو و خـێزانەوە تـێی وررووکـاین. چەنـد مـانـگ کوێرەوەریمان لە تەکیا دی، ئەوا ئیسـە گشـتی بووگە وە هیچ.

مەگەر خۆت هیمەتێکم بۆ بفەرمووی، پەنـام هـاوردگە بەر خـانەقـا، تـا چـارەم نەکەی نارۆمەوە.

شێخ «بە شێوەی دەمی سۆفی نامیق» : سۆفی نامیق، بێژە خوا کەریمە ئەوەندە قورسە گشت پەمگەکەی بەمێ ئینجـا ڕزگـارم تێ. ئەوا خۆم خســـتگە خانەقا. بەخوا ئەشـــێ هیمەتێکم بۆ

بکەی. شــــتی وا چۆن نەبێ؟ ئــاخر خەمڵیش ڕێوشوین و قاعیدەی خوی هەیە.

قوروان شـــڵە و قوڵەی بەگ کوا گوێ ئەدەنە ڕپۆشوین و قایدە؟

لەو کەتەدا سۆفی قادر بانگی نیوەڕۆی دا.

شــێخ: خاســە، ســۆفی نامیق خاســە، ئیســە دەنــێــرمە لای زۆراوبەگ. مەلا جەلال! تــۆش مەڕۆرەوە.

جەماعەتەکە بکەن. لەگەڵ ســـۆفی نامیق لەو حوجرە دانیشە، لێرە قاوەڵتی بکە.

دوای قاوەڵتی شێخ هاتە دەرەوە: سۆفی نامیق ڕەشیدم ناردە خزمەت زۆراو بەگ ئێستا دێتەوە. خوا کەریمە.

ســۆفی نامیق: ئای خوا بمکا وەســەیەقەت. ئای بم وەقوروانەکەت.

تاوێکی پێچوو سۆفی ڕەشید هاتەوە.

شــێخ: ئادەی ســۆفی ڕەشــید، زۆراوبەگ گوتی چی؟

سۆفی ڕەشید: قوروان، چووم، فەرمایشتەکەی جەنابتم بە زۆراوبەگ گوت، زۆر ســەلامی عەرز دەکری.

عەلەیکەسەلام. خوا کاری ڕاست کا. دەی ئیشەکەی سۆفی نامیق بوو بە چی؟

عەرزت دەکەم «چووە پێشەوە، شتێکی بە گوێچکەی شێخدا سرکاند.«

تومەس زۆراو بەگ گوتبووی شێخ ئەوەندە ڕوونەدا بەو مسکێنانە. ئاخر خۆشی خاوەن موڵکە.

ئەمانە ڕوویان بکرێتەوە هیچ بە خۆشی نادەن.

شێخ ڕاوێژی دەمی گۆڕا. گوتی: ئەمانە پیاوی دنیان، هەر لەسەر تەماعی خۆیانن، بیریان بەلای قەبر و قیامەتەوە نییە، تکای ئێمە ناگرن. بچۆ بزانە بەشکەم لەتەک وەکیلەکەیا ڕێک کەوی.

سۆفی نامیق: قوروان ڕێککەوتنی چی؟ کاورا ئێژی بەرازە. گشت پەمگەکەی گەرەک.

شێخ: سا بێژن چی؟ زەمانە خراپ بووە. زۆڵمەت دنیای داگرتووە. خوا ڕەحم بە ئیمانەکەمان بکا.

سۆفی نامیق: بیم وەقوروانەکەت. خاس ئەفەرمووی. ئاخر زەمانە. ئەمە پێنج مانگی ڕەبەقە بە خۆم و بە منداڵەکانمەوە ڕەنج

ئەدەین. ئیســـە گشـــت پەمگەکەی بەمێ، ئەمە چییە خەمڵی کردگە؟

شێخ عیلاج نییە سۆفی نامیق. زەمانەکە خراپ بووە. خوا خراپتر نەدا.

ســۆفی نامیق: یا شــێخ کەواســـە، بێژە «تۆ فەرموو، ئێمە میاو.«

مەلا جەلال ویسـتی سـۆفی نامیق تێبگەیێنێ لە ڕووی شێخدا قسەی وا نەکا.

گوتی: سـۆفی نامیق، ئەمە مانای چیە؟ سـۆفی نـــامـــیـــق لەبەر پەرۆش و پەژارەی خـــوی تێنەگەیشت

مەلا جەلال مەبەستی چییە؟

گوتی: مامۆســـتا، زوو هەرە زوو گەنج بووم. ئەوسـا گەرمیان و کێوسـانمان ئەکرد، هاوینان ئەڕۆیشتینە سەرشیو سەقز، کاورایێ سەقزی بوو ناوی لالۆ هەواس بوو، ئاشـــنامان بوو، مـامەڵەمـان لە تەکیـا ئەکرد. ڕۆژێ هـاتە وار گەکەمان ڕۆن و خوری لێمان کڕی. سـۆزی ڕۆن و خوریەکەم بۆ بردە سەقز و میوان بووم. شەو خێزانەکەی ســـینی بۆ هاوردین، گۆشـــتاوی لێنابوو، نانمان تێ وڵی، کتکە بۆر پەیابوو. دەســـتی کرد بە میـاومیـاو. خـاوەن مـاڵەکە

پارووپەکی بۆ هاویشت، گورج قۆستیەوە و، دیسان میاو!

پارووپەکی تری هاویشت، کتکە بۆر ئەمیشی قۆستەوە و دیسان میاو! ئەوەندەی پارووی بۆ هاویشت، وازی لە میاو میاو نەهێنا و نەیهێشت نانەکەمان بخۆین. لالۆ هەواس سینیەکەی هەڵگرت و نایە بەردەمی کتکە بۆر و گوتی:

کەواسە تۆ فەرموو، ئێمە: میاو! سۆفی نامیق دەستی ماچ کرد و ڕۆیشت. بە دەم ڕێگەوە دەیگوت:

هەزار قەزا و قەدەر بێ، پەمگی خۆمی نادەمێ...

مەلا جەلال لای وابوو سۆفی نامیق شتێکی بۆ هێناوە، بە دەرفەتی و گوتی:

قوربان! شەکر و چامان نەماوە. مانگاکەمان پێ کەرەم نافەرمووی؟

شێخ خوی لە قسەی مەلا جەلالیش گێل کرد و گوتی:

زۆراوبەگ هەقیەتی. بڕوانە، ئەم خەڵکە دەڵێی شەیتان دەرسی داداون، قسەیان چەند ڕەق و ناخۆش بووە. ئاخر زەمانە، خوا ڕەحم بە ئیمانەکەمان بکات.

## سەرفیترە

حاجی عەلی دەوڵەمەندێکی قورس بوو، بازاڕی گەرم بوو، نەیدەپرژا سەری خۆی بخورێنێ،

کاری بەوە باش بوو کە وەکوو بەزاز و چەقاڵ و وردەفرۆش نەبوو. ئەگینا هەر فریانەدەکەوت. ئێساش کە بە تاو لینگە بار شتی دەفرۆشت بە تەنیا پێڕانەدەگەیشت. میرزا سالحی خزمی خۆی مانگی بە حەوت دینار و نیو گرتبوو کە دەفتەریشی بۆ بگرێ، هاتوچووی بانکی بۆ بکا، پارەی لای بە قاڵ و بەزازەکانیشی بۆ کۆکاتەوە.

حاجی هەر چەند سەری زۆر قاڵ بوو، بەڵام خوا هەڵناگرێ لەگەڵ ئەوەش سەری بچوایە نوێژی نەدەچوو. ڕۆژووی ڕەمەزانیش ئەوا هیچ. پیاوێکی وریا و عاقڵ بوو، حیسابی دنیا و قیامەتی خۆی باش دەزانی. زۆر چاک لێکی دابۆوە: ڕەمەزان هەم زیارەتە و تیجارەت. خواشی لێ ڕازی دەبێ و ژەمی سی نیوەڕۆش دەگەڕێتەوە. خوا نەکا دوور لە گیانی حاجی، خۆ قسە لەوە نییە پیاو هەر دەبێ ڕووت و نەدار بێ تادەس پێوە بگرێ. پیاوەکە بازرگان بوو، ئەهلی بازاڕ بوو. بازاڕیش جێگای دەفتەر

و حیسـابە. سـەرمایە هەر چەندە زۆریش بێ، کە لێکی دەیتەوە هەر فلس کەوتۆتە سەریەک.

هەموو فلسـێک لە دەفتەردا جێگای خۆی هەیە. بۆ مـاڵی حـاجی بەو مەخـاریج و دەرچوونە زۆرەوە، سـی نیوەڕۆژە بە لانی کەمەوە دەیکرد پازدە دینار.

ئەمە پـارەیەکی کەم نەبوو، کرێی دوو مـانگی میرزا سـالحی لەکۆڵ دەکەوت، یا دەیتوانی پێنج شـەش جار بۆ سـەودا و مامڵە پێی بچێتە بەغـدا. بە کورتی ڕۆژووی مـانگی ڕەمەزان لە هەموو بارێکەوە بە قازانج دەبوو.

حـاجی مـانگی ڕەمەزانی بە ڕێکوپێکی گرتبوو. «تەڕاوێح» ی شەوەکانیش سەربازی. لە مەلای بیستبوو هەرکەس شوکرانەبژێر بێ، خوا بۆی زیاد دەکات. جا بۆیە هەموو شـەوێ بە دەم تەڕاوێحەکەوە ئەوەندەی زمانی هێزی تێدابوو شـوکری خوای دەکرد. خواش لێی قبووڵ کردبوو، ڕۆژبەڕۆژ بەسەریدا ڕشتبوو.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٨ی ڕەمەزان حاجی لە مزگەوت نوێژی شـێوانی بە جەمـاعەت کرد و بە دەم ڕێگاوە وردە دوعاکانی خوێند. کە گەیشـتنە مـاڵەوە. دەمی لە ئـاخرین دوعـا بەتـاڵ بوو، بیسـمیللایەکی کرد و دەسـتی کرد بە بەربانگ

کردنەوە. نۆشـــی گیانی بێ بەروبووی ڕەنجی شـانی خۆیەتی وەکو «سـوننە» لە شـیرینەوە پاقلاوەی بە نیوەجواوی قووتدا و ڕێزی لێگرت سـێ چوار شـیلەی پاقلاوە بە گەروویەوە لکاو هەناسـەی سـوار بوو. بە پەرداخێک ماسـتاو شۆردییەوە و کۆکەیەکیشی بەدوادا کرد.

ڕێگـا بۆ خواردنی دیکە بە تەواوی کرایەوە، پەلامـاری دەوریی قبوولّیی دا، قبوولّییەکە بە یـارمەتی بـامیە و گۆشـــت، بـاشـــتر خۆی کۆکردەکردەوە، بە ڕەحەتی بەناو پەرژینی ڕیش و سمێڵیدا خۆی دەکرد بە دەمی حاجیدا و ئاوای ئەودیو دەبوو.

ناوبەناو پەرداخێک ماسـتاوی دەخواردەوە، «دوور لە حاجی و بەرنانگەکە» شـفتەیەکیشـی دەکردە مەزەی. وەکو وەرزێڕێکی لێزان باشـــی سـینییەکەی کرد. دەسـتێکی بە ڕیشـیدا هێنا. ئەلحەمـدولیلا، خوایە شــوکری تۆ. ڕۆیکردە خێزانی:

ئا خێراکە چایەکم بۆ تێکە، با فریای جەماعەت تەڕاوێحەکە بکەوم.

حاجی ژن – سـەرپۆشـی نوێژی شـێوانی بەسەرەوە بوو– پیاڵەیەک چای بۆ حاجی هێنا:

حاجی! ئەرێ سەرفیترەت قەبڵاندووە؟

یا ڕەبی خوا جەزای بەخێرت بداتەوە ئافرەت! چا بوو وەبیرت خستمەوە. هاوار بە ماڵم! شەیتانی مەلعوون بە هەموو فێڵێک خەریکە ڕەنج بە خەمەسارمان کا. وەختابوو نوێژ و ڕۆژووکەمان بە خۆڕایی بچێ. دەڵێی چی با سەرفیترەکە بدەین بە میرزا.

حاجی ژن: میرزا ساڵح پیاوی خۆتە. جگە لەوە مەعاشیشی هەیە. لە کوێ سەرفیترەی پێ دەشێ؟

حاجی ژن: دەیجا یەک دوو دیناری جێژنانە بدەرێ، هەم خێرە و هەم پیاوەتی. سەرفیترەکەش بدە بە مستەحەقێک.

حاجی: تۆ بەم دەسبڵاوییە لە جێگای من بوایەی، نە من دەبووم بە حاجی عەلی، نە تۆش بە حاجی ژن. من هەمیشە میرزا ساڵحم لەبیر بووە. چاکەشم لەگەڵ کردووە.

دەڵێم ئەمەشی لە زیادی بدەینێ.

حاجی ژن: باشە، وابکە، من مانیعی خێری تۆ نابم،

حاجی: ڕوویکردە کوڕە گەورەکەی، ئەوڕەحمان ئا ڕاکە، میرزا بانگ کە.

میرزا ســـاڵح هات، بەدەنگێکی نیوەنووســـاوی خەفەتـاوییەوە ســـڵاوێکی کرد و لای خوارەوە دانیشت.

حاجی کە لەبەر جە ماعەتەکەی بە پەلە بوو، لە لایەک ڕوویکردە میرزا ساڵح و گوتی دەمەوێ سـەرفیترەکەی ئەمسـاڵ بدەم بە تۆ، لە لایەکی دیکەشـــەوە بانگی کردە حاجی ژن: فاتێ، ئا خێراکە، نێزیکەی دوو هۆقە گەنم بێنە.

حاجی ژن: گەنممان نییە، هەر برنج لە ماڵەوە هەیە، برنج دەبێ؟

حـاجی: فەرقی چییە؟ ئەویش زەوادە. خێراکە. دوو قۆتە برنج بێنە!

میرزا سـاڵح: ناعیلاج نەبوایەم وەرم نەدەگرت، پیاو کە ناچار بوو خێر و ســـەدقەش قەبووڵ دەکا!

حـاجی: دوور لە تۆ، میرزا، تۆ خوێنـدەواری. شـتی وا مەڵێ. عیلاجی چی؟ سـاغ و سـەلیمی، مانگی حەوت دینار و نیو مەعاشـــتە. شـــوکری خوا بکە. برینجیان هێنا. حاجی میرزا ســاڵحی بانگ کردە پێشەوە:

ئەوا ئەو برینجەم دا بە تۆ لە ســـەرفیترەی ئەمســـاڵەدا کە خوا لەســـەر منی فەرز کردووە.

میرزا ساڵح گوتی: ئەوا قبووڵم کردو دامەوە بە خۆت بە قەرز. برنجەکەت حەوت جار لە سەرفیترەی حاجی و حاجی ژن و سێ کوڕەکە و دووکچەکەیان لە بەینی حاجی و میرزادا دەستاودەستی کرد.

حاجی هەستا بڕوا بۆ جەماعەت، بەسەر پێوە گوتی:

سەر فیترە بە زیادەوەی دانێی باشترە. بۆ میرزا ساڵحیش بە زایە ناچێ. دایدەنێین هەر سەرەی بە ڕوبعێک، دەکاتە دوو دینار چارەکی کەم. حاجی چوو بۆ جەماعەت. میرزا ساڵح خەریک بوو بڕوا. حاجی ژن بە زۆر گێڕایەوە و چایەکی بۆ تێکرد. حاجی ژن ئەحواڵی منداڵەکانی میرزا ساڵحی دەپرسی. میرزا ساڵح شاش و واش وەڵامی حاجی ژنی داوە. زیاتر بیری لە پارەی سەرفیترەکە دەکردەوە؛ چۆنی خەرج کات بەشی کاسەجێژنەش بکا و جێژنانەیەکیش بۆ ژنەکەی و منداڵەکانی بکڕێ. چایەکی خواردەوە، ماڵاوایی کرد و ڕۆیشت.

بەیانی میرزا ساڵح وەکوو هەموو خەڵکی بازاڕ دەڵین «محەلەکەی» کردەوە. گەسکی داو دەفتەر و شتی خۆی ئامادە کرد و دانیشت. تاوێکی پێچوو، حاجی پەیدابوو.

حاجی: میرزا، تا زووه و سەرمان قاڵ نەبووە، دەســـت دەرە قەڵەمەکەت با حیســـابی خۆمان بکەین.

میرزا: حیسابی چی؟

-چۆن حیسابی چی؟ تۆ دوو دینار چارەکێ لای من هەیە.

-باشە، ئیتر ئەمە حیسابی دەوێ؟

-تۆ دەڵێی ئەمڕۆ هـاتوویتە بـازاڕ چۆن حیسـابی ناوێ؟ هەموو شـتێک حیسـابی دەوێ. برامان خرایی، کیسەمان جیایی.

میرزا: بـاشـــە، دەی فەرموو. ئەمە قەڵەم و کاغەز.

حاجی: بنووسە دوو دینار چارەکێ کەم.

میرزا: ئەوا نووسیم.

حاجی: دەی من چیم لای تۆ هەیە؟

میرزا: وەڵڵا نازانم. لە بیرم نییە تۆ هیچت لای منەوە بێ.

حاجی: تۆ لەبیرت نییە، من لە بیرمە. زستانێ قۆندەرکانت دڕابوو. دووکانەکەت پیس دەکرد. جووتێ قۆندەرەم دایەی. قەیناکا، با لەبەر تۆ بە دینارێکی دانێین. بنووسە دینارێک.

میرزا: بۆ چی بە چەندت کڕیبوو، وا بە کۆنیش بە دینارێکی لەسەر من حیساب دەکەی؟

حاجی: کاکی خۆم تۆ ئەهڵی بازاڕی. لە بازاڕ قسە لەوە نییە بە چەند کڕاوە، قسە لە نرخی ڕۆژە.

کۆنی چی و شـــتی چی! تاقە زســـتانێک لە پێم کردبوو. هێشتا تازە و نوێ بوو.

میرزا: دەباشە، ئەوا نووسیم دینارێک.

حاجی: ئەو ڕۆژە حاجی فەتحوڵڵای پێنجوێنی ســـــندووقە چـاکەی لێکڕین، چـارەکێ چـای نموونەت ڕشـت. ئەویش سـێسـەد فلسـمیرزا: چـارەکە چـایەکەم کـۆ کـردەوە و کـردمە سندووقێکی.

حـاجی: کۆ کردنەوە ی چی؟ نەختێکت کۆ کردەوە. ئەوەکەی تێکەڵ خاک و دخۆڵ بوو،

گەسکت لێدا. قەیناکا بنووسە دوو سەد فلس.

میرزا: دەی باشـــە ئەمە دینارێک و دوو ســـەد فلس.

حاجی: تەختەی دوو سندووقە قوندەرەت بردەوە کورســـی پێ دروســـت کەی. ئەویش یەکی نیو دینار. بنووسە دینارێک.

میرزا: تۆ دەڵێی بە نرخی ڕۆژ. ئێستا تەختەی سندووقە قۆندەرەت چەند دەکات؟

حاجی؛ ئەوسا زستان بوو زیاتریشی دەکرد. باشە بەنرخی ئەمڕۆکەی دادەنێین. بنووسە هەشت سەد فلس. ئەمە بووە دوو دیناری تەواو.

میرزا: بەڵێ تەواوە.

حاجی: تۆ دینارێک و حەوت سەد و پەنجا فلس پارەی ڤیترەت لای من هەیە، ئەوە لە دوو دینارەکە دەرکە. تۆ ڕوبعێکت دەکەوێتە سەر. ئەویش جێژنانەی ئەم جێژنەت بێ. ئێتر بێ حیساب.

میرزا «بە زەردە خەنەیەکەوە»: جا بۆچی بەو ڕوبعە دینارە سەرفیترەی ساڵێکی دیکەم لێ سەلەم ناکەی؟

حاجی: حیسابی ساڵێکی دیکە وەختی دەکەین. ئێستا چۆن بێ جێژنانە و بە دەستی بەتاڵ دێڵم لە محەل دەرکەوی؟

# کەشکۆڵی جادوویی

وەیسە و ناسکۆڵ تاقانەی دایک و باوکی خۆیان بوون و، بە نازداری پەروەردە کرابوون. یارە و، پیرۆتی باوکیان، برایەتییان خۆش بوو. چەندیهای چەند ساڵ بوو دڵی یەکتریان نەیەشاندبوو، لەسەر ماڵ مابوونەوە و بە براشی ڕایان دەبوارد. ڕان و پاتاڵیان بوو. لە زەوی و زاری فەرەیدوون بەگدا دەیانلەوەڕاند و بژێوی خۆیان پەیدا دەکرد. هەر چەند دەوڵەمەند نەبوون، بەڵام سەبارەت بەوە کە هێدی و هێمن وبێوەی بوون، خەڵکی ئاوایی خۆشیان دەویستن.

وەیسە و ناسکۆڵ کە جووتە منداڵی ماڵ بوون، هۆگری یەکتر بوون و لە یەک جیانەدەبوونەوە.

بە یەکەوە چوونە مەزرا بۆ لای باوکیان و بەیەکەوە ماڵ بۆ لای دایکیان. بە یەکەوە لە گەڵ بەرخۆڵەکان دەکرد.

ساڵ و مانگ بە دوای یەکدا تێدەپەڕین و وەیسە و ناسکۆڵیش بە خۆدا دەهاتن و گەورە دەبوون.

تا گەورەتر دەبوون خۆشەویستییان پتەوتر و هاوڵەتییان گەرمتر دەبوو. ڕۆژێ لە ڕۆژان یارە و پیرۆت بە یەکەوە دانیشتبوون باسی حاڵ و باڵی خۆیان دەکرد. یارەی باوکی وەیسە بە

پیرۆتی گوت: ئێمە چەند ساڵە برایەتی خۆمان ڕاگرتووە و بە تەبایی و سەرودڵ خۆ شی ڕامان بواردووە. ئێستاتش با کارێکی وا بکەین منداڵەکانیشمان وەکوو خۆمان بن و لەیەک جیانەبنەوە. خۆت دەزانی لە منداڵییەوە بە یەکەوە گەورە بوون و زۆر هۆگری یەکترن.

پیرۆت گوتی: یارە، من هەرگیز نابمە دڕکی مەم و زین و ئۆباڵی وەیسە و ناسکۆڵ ناهێنمە ئەستۆی خۆم. برالە، منیش دەزانم پارووو لە دەم بکەوێتە خوارێ بۆ کۆش باشە. ئێمە کە براین دیارە کچی منیش بۆ کوڕی تۆ چاکە. بە بێ ئەوەی تۆ بڵێی من خۆم ئەمەم هەر لە دڵدا بوو.

شەوێک مەلای ئاوایی و دوو سێ کەس لە دەر و دراوسێی خۆیان بانگ کرد و ناسکۆڵیان لە وەیسە مارەبڕی. مەلا بە چاکەی یارەو پیرۆتا هاتە خوارێ و پیرۆزبایی ئەو کارە چاکەی کرد. یارە بە هێوا شێک دەستی بۆ لای مەلا درێژ کرد و دوو دیناری مارەبڕانە دا بە مامۆستا. مەلا سەرلە نوێ دەستی کردەوە بە پیرۆزبایی و دوعای خێر و پاشان هەڵستان و ڕۆیشتن.

وەیسە و ناسکۆڵ ئیتر لە دوو منداڵی ماڵ و دوو هاواڵی خۆشەویستەوە بوونە دەزگیرانی

یەکتر و شـــەرمیـان دەکرد و وەک جـاران بە یەکەوە نەدەگەڕان. بەڵام تا دەهات عەشـــق و ئەوین لە دڵیاندا زیاتر تین و تاوی دەساند.

پـایز کە خوری و ڕۆن و شـــەک و کـاوڕیـان فرۆشت، کەوتنە سەروکاری زەماوەندی ناسکۆڵ و وەیسە. جگە لە خەڵکی ئاوایی لە کەسوکاری خۆشـیان گێڕاوە و سـێ ڕۆژ شـاییان کرد و بە تەقەی دەهۆڵ و زۆڕنا داوەتیان گێڕا. کچ و کۆڕ و ژن و پیـاوی ئـاوایی بە چەپی و ڕۆینەو ســـوێســـکەیی و شـــێخانی هەڵدەپەڕین. یارە دەستپێشکەریی خۆی کرد نەیهێشت گزیز بێتە سـەری دە دیناری سـوورانە بۆ فەریدوون بەگ برد و دوو دیناریشـــی شـــیرینی دا کوێخا و کاوڕێشی. پێشکەشی ئاغاژن کرد.

دوو سێ سـاڵێک بەسـەر زەماوەندی وەیسـە و ناســکۆڵەدا ڕابوورد. ســـاڵێک دەرد کەوتە ناو ڕانەکەیان و بەرودوای کوشت. چەند سەرێکیشی کە لە چنگ دەرد ڕزگاری بوو، ناچار فرۆشتیان و دایـان بە نـان و ئیتر بە یەکجـاری پەکیـان کەوت. دەبوو بە ڕەنجبەری و ســەپانیی خەڵک بژێوی خۆیـان پەیداکەن، وەک جـارێک گزێر هات و دەنگی دان بۆ بێگار. پیرۆت گوتی: من دەچم. یارە نەیهێشـــت و گوتی: تۆ لە من پیر تری وا براگەورەی، تا من ماوم ناهێڵم لەگەڵ

منـــاڵ و مەزنـــا بچێ بۆ بێگـــار. وەیســـــەش ڕەنجبەری خەڵکە، من خۆم دەچم، یارە نان و شـــەکر و چـــاو قۆری و پیـــاڵەی خســــتە تۆشـــــەبەرەیەکەوە و کڵاشــــەکانی کردەپێی و دەســــتی دا داس و کەوتە دوای گزیر. کـــاتێ گەیشـــــتە ناز و بێگارچییەکان و دیتی هەموو هەرزەکـــار و کوڕوکـــاڵن وکەســــــی لە تەمەنی ئەویـــان تێـدا نییە، زۆر بەزەییی بە خۆیـــانـدا هات و لە دڵی خۆیدا وتووێژەی ئەوەی دەکرد: کە ئەگەر نەهاتی ســـــواری شــــانیان نەبوایە و هەژار نەکەوتنایە، یان بێگارانەیان ئەدا، یا دەیتوانی وەیســــــە بنێرێت. چۆنێک بوو کەوتنە بەندەن و ڕوویان کردە کەماجاری فەرەیدوون بەگ.

کەما جارەکە بە هەورازێکی زۆر سـەخت و کووڕ و تەلانـــێـکــی ڕژد و بەردەڵانەوە بـــوو. لای خواروشـیـان هەڵدێر و زەرد و ماهبوو. بەریان لە کەماکەندن گرت. یارە کەوتبووە لای ڕەوەزە بەردێکەوە و جگە لە مـانـدوویی و شــــەکەتی وتووێرەش زۆری بۆ دەهێنا و دڵتەنگی دەکرد. کوڕوکاڵ دەنگی یەکتریان دەدا وەک گرەوەکانی دەیانویســـت لە یەکتر پێشـکەون. یارەی هەژار پیر و بێهێز بوو، لەگەڵیـــان دەرنەئەچوو. لە لایەکیشـــەوە لەوە دەترســـا کە ســـەرکارەکەیان

قســـەیەکی ســـووکی پێ بڵێ، ناچار ئەویشـــی کەوتبووە پەلە و تەکانی دەدا. چاویشـــی کز و پڕووش بوو، باش ڕێی بەدی نەکرد. لە نەکاو لە ڕەوزە بەردەکە قاچی خلیســـکا و هەڵدێرا. کاتێک چوونە ســـەری بێهۆش کەوتبوو. ئێوارە بەدارەتەرم بردیانەوە ماڵەوە. یارەی بەدبەخت پشتی شکابوو.

چەنـد ڕۆژێـک بە ئێش و ئـازارەوە ژیـاو مرد. خەڵکی ئاوایی و ســـەرەخۆشـــیکەری دێهاتی دەوروبەر، ســـەریان تێکردن. «شـــین و شـــایی دەستەوایە». ئەمڕۆ لەمانە، سبەینێش لەوان. ئەبێ پیاو بە تەنگ خزم و هاوماڵەوە بێت.

چەک و پووشێکی بووشیان لە پرسەدا ڕۆیشت. ئەمجار پیرۆتیش هەر چەند وەیســـە تەقەلای دەدا نەهێڵی کـاربکـا، کەڵکی نەدەگرت و بەو پیرییەوە تەکانی لە خوی دەدوا ئیشـــی دەکرد، تـــا ئەویش لە خەم و خەفەتی براکەی وبێ خۆراکی و کەم حەســـانەوەیی، ئاخری نەخۆش کەوت و چەنـد ڕۆژێـک لەســـەر جێگـا بوو، ئەوەنـدەی «خـێـر و ســـەدەقە» یـان بـۆ بەخشییەوە، نووشتە و دوعایان بۆ کرد سوودی نەدا و لە دنیا دەرچوو.

وەیســـە بە تاقی تەنیا مایەوە. دەبوو ئەرکی ئاغاش بگرێتە ئەســتوی و ناســکۆڵ و دایکی و خەســووشــی بەخێو کا. ئەم قوڕبەســەرە هەر کردەی ئەو بوو و بردەی شەیتان. تا نانی پەیدا دەکرد، شــەکر و چــا نەبوو. تــا چەوری و بەرەچێشــتی دەس ئەخســت، جلوبەرگ نەبوو. ســەری لێشــیوا. خۆشــی نەیدەزانی چ بکا.. ئەمــانەش گشـــتی لەوێ بوەســـتێ. هەر تــاونــاتــاوێکیش دەنگیــان دەدا بۆ بێگــار و هەرەوەز. وەیســـە بۆ ئەوەی لە بێگار تەرخان بێ، قەد پــاڵێکی خوایی لە فەرەیــدوون بەگ مەختە گرت کە بنێشتی لێ بکات.

ڕۆژانە بەو لێڕەوار و نزارە چڕوپڕەدا گەڕا و دارەبەنــی دەدۆزیــیەوە، لەلەی دەکــردن و کۆچەڵەی تری دەکرد. یەکێکی وەک وەیســە بێ بژ یو و دامــاو نە بوایە کە مەتر دە یو ێرا ڕوی ىقبقتێکــا. دارەبەنەکــان ئەســـتێور بوون و بنێشـــتێکی زۆریان دەردا. وەیســـە کە دیدەی کۆچەڵەکان زوو پڕ دەبن، هەروا زۆر دڵی خۆش ببوو. هیوایەکی باشـــی بە بەربووی کارەکەی پەیدا کردبوو.

ڕۆژ ێک ئیشـــو کاری خوی خێرا تەواو کرد. بە ئارەزوو بە لێڕەوارەکەدا دەگەڕا، بە نیازی ئەوە بە ڵکو کانی ئاو ێک بدۆزێتەوە لە کو ندە ئاو

گێڕان ڕزگاری بێ. بە کەژەکەدا فرە هەڵگەڕا و تەواو لە ڕێبـاز و ئـاوەدانی دوورکەوتبوەوە. نزار لەوێ زۆر پڕ و داری تەنبوو ئەســـتوور و کۆنەســاڵانی فرە بوو. لە شـیوەڵێکدا پنگەڵ و زەل و قەرەم دیـاریـدا. بەرداو بەردو بنـدارە و بندار بۆی چوو تا گەشـتە پێشـەوە. تەماشـای کرد ئاوێکی کەمە لە سەرەوە دێتە خوارێ. زانی کە دوور یا نزیک کوێرە کانییەک لەو ناوەدا هەیە. بەرەو ژوور هەڵکشــا تا گەیشـــتە بن داربەڕوویەکی زۆر ئەسـتوور و کۆنەسـاڵ کە بە لک و پۆپی خوی سـێبەری لە مەودایەکی هەراو کردبوو. ڕابواردنێکی ســاڵانی زۆر شــوینان کردبووە دڵی پیرەدار و کلۆرێکی گەورەی تێکەوتبوو. لە بن داربەڕووەکە کـانییەکی بچووکی لێبوو، بەڵام تا بڵێی ئاوەکەی ڕوون و ســارد بوو. لێی دانیشـــت و نەختێ بەری کانییەکەی خاوێن کردەوە و دەست و دەموچاوی شـوسـت و دووسـێ مسـتی ئاو خواردەوە و لە حـاســتی خۆی پـاڵیـدا بە بەردێکەوە، تۆزێ بحەسـێتەوە. کە سـەری هەڵبری تەماشـای کرد ئەوا ســـیپـاڵێـک و هـێنـدێ کەلوپەل لە بەرامبەریەوە لە نـاو کلۆری دارەکەدا دیـارە. گوتی: ڕەنگە ئەوانەش هینی چارەڕەشێکی وەک من بن، وا چاکە چاوەڕوانی بکەم تا دێتەوە.

هەر باشـــە لەم نزارە بەســـامەدا هاوالێکم بۆ پەیدا بووە. ماوەیەک چاوەڕوانی کرد لە لابەلای دارەکانەوە کابرایەکی ڕیش ســـپیی ناو چاوان پاک دیاریدا، وردە وردە هاتە پێشـەوە. وەیسە لەبەری هەســتا ســڵاوی لێکرد. ئەویش زۆر بە ڕووخۆشـیەوە وەڵامی دایەوە و چاک و خۆشـی لە گەڵ کرد. وەیســە پرســی: مامە گیان! ناوت چیە؟ مامە پیرە گوتی: ئینسان.

وەیســە ئەم ناوەی بەلاوە ســەمەرە بوو. ئیتر نەیویسـت لێی بپرسـێ کێیە و چ کارەیە و بۆچ لەوێیە. بە دەرفەتی زانی و لە دڵی خۆیدا گوتی هەرچییەک بێ یا پیاوچاکە یان بە لانی کەمەوە دنیـادیتووە و بەرژەوەنـدی زۆرە. وا بـاشـــە چارەڕەشـــیی خۆمی بۆ بگێڕمەوە و تەگبیرێکی پێ بکەم.

کە باســـی شـــپرزەیی خۆی کرد، لالۆی پیرە بەزەیی پێـدا هـات و بزەیەکی هـاتێ و گوتی: هەروا نابێ، بەڵام درەنگ و زوویی کەوتووە. بەهەر جۆر من دوو کەشـــکۆلم هەیە بەشـــیان دەکەین، یەکیان بۆ من ئەوی تریشـــیان بۆ تۆ. وەیسە زۆری کرد سوپاس کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی ئەمیش هەر باشـە کەڵکی شـتێک دەگرێ. کە لالۆی پیرە کەشـــکۆڵەی لە کەلوپەلەکەی دەرهێنا و دایە دەسـتی، تەماشـای کرد شـتێکی

زۆر جوانە و باش نەخشـــاوە و کەندەکارییەکی نایابی لێکراوە. دەرخۆنەیەکی کپی بەسەرەوەیە ئەگەر شـــتی تێکرێ تەپوتۆزی لێ نانیشـــێ. ئەمجار بە خەیاڵ شـتی بۆ دەدۆزییەوە تێی کا. ئاخری گوتی بۆ شەکر و چا باشە.

کەشـــکۆڵی وەرگرت و گەلێـک ســـوپـاس و ماڵئاوایی لالۆی پیرەی کرد و گەڕایەوە. کە لێی وردبۆوە وەک شـــتێکی لێ نووســـرابێ وابوو، بەڵام نەیدەزانی بیخوێنێتەوە. بەینێک ڕۆیشت، برسیی بوو، گوتی خۆزگە ئەو کەشکۆڵە ئێستە نان و پێخۆرێکی تیدا بوایە. بە دەم ڕێوە یاریی بە کەشـــکۆڵەکە دەکرد و ســـەری لابرد بزانێ چۆنە، کە تەماشای کرد نان و پەنیرێکی باشی تێدایە. تاوێک ســـەرســـام ماو گوتی: تۆ بڵێی ئەمە وەک هـامـانەبۆر نەبێ یـا کەشـــکۆڵێکی جادوویی بێ هەرچی پیاو ئارەزوو بکا تێیدا بێ؟ نـــان و پەنیرەکەی خوارد و گوتی: خۆزگە پڕ بوایە لە ئاوی ســـارد. کە دەرخۆنەکەی لابرد پڕبوو لە ئاوی سـارد. تێریشـی ئاو خواردەوە. ئەمجار وتی خۆزگە سێ چوار پیاڵە چاشی تێدا بوایە. دیســـان کە دەرخۆنەکەی لابرد چاشـــی تێدابوو.

وەیســـە لە خۆشـــییان هەر ئەوەندە بوو باڵی نەدەگرتەوە. وتی: ئیتر دەحەســـێمەوە. ئیتر

ناسـکۆڵ و دایکم و خەسـووم برسـیایەتی ناکێشن. ئیتر گرانی و هەرزانی نازانم. ئیتر لە نانی گاڵ و پۆوە خواردن ڕزگارمان دەبێ. بەرەو ماڵ کەوتەڕێ. تا زووتر خێزانەکەی تێرکاو تامەزرۆییان بشکێنێ. لە خۆشییان و پەلەپەلیان ئاگای لە دەوەن و پنچک و بەرد ودار و دڕک و داڵ نەبوو. هەروا دەپەڕی. هێندێ جار گۆرانیی دەگوت. هێندێ جاریش لە کەشکۆڵەکە ورد دەبۆوە و قاقا پێدەکەنێ. هەر دوو هەنگاوی دەکرد هەنگاوێک و خێرا دەکات تا لە دێ نێزیک دەبوو.

قەڵای فەرەیدوون بەگ لە ژوور ئاواییەوە بە جێگایەکی بەرزەوە بوو. پەنجەرەکانی دیوەخانەکەی دەیانڕوانییە هەموو ئاوایی و ماڵبەماڵی لێوە دیاربوو. فەرەیدوون بەگ هەمیشە لە سەرەوەی دیوەخانەکە لەبەر پەنجەرەیەک دادەنیشت و سەرنجی خەڵکی ئاوایی و کار و کردەوەیانی دەدا.

وەیسە گەیشتە قەراخ ئاویی و فەرەیدوون بەگ چاوی پێکەوت. لە خێرا ڕۆیشتنی وەیسە و بەزوو هاتنەوەی هەستی بێدار بوو. هەنگاو بە هەنگاو بەر سەرنجی دا. کە نێریکتر بۆوە تەماشای کرد لە خۆشییان دەموچاوی پێدەکەنێ و شتێکیشی توند گرتۆتە بن باخەڵی.

فەرەیدوون بەگ گوتی: ببێ و نەبێ ئەم خۆ شییەی وەیسە سەبارەت بەو شتەیە لە بن باخەڵیدایە. کە لە دیوەخان نێزیک بۆوە، فەریدوون بەگ بانگی کرد: ئا وەیسە وەرە ئێرە. وەیسە لە ترسان نەیوێرا وەڵامی نەداتەوە. نا چار چووە دیوە خانە. فەر یدوون بەگ ئەوە چییە بە بن باخەڵتەوە؟ وەیسە گوتی هیچ نییە، کەشکۆڵێکی دەورێشییە. فەرەیدوون بەگ وتی کەشکۆڵی لێ وەرگرت و تەماشای کرد نەخش و نیگارێکی سەیری لێکرابوو. کە سەرنجی ئەولاکەیدا بە خەتێکی جوان لێی نووسرابوو «کشتوکاڵ». تێگەیشت کە چەندە هێژاو بە نرخە. گوتی: ئەمە بۆ من چاکە. تۆ کابرایەکی وەرزێڕ و بۆرە پیاوێکی بێسەروپێی، شایانی تۆ نییە. ئەوەندەی وەیسە پاڕاوە و لاڵاوە سوودی نەبوو، بە پاڵەپەستۆ کردیانە دەرەوە. فەریدوون بەگ ئیتر و خەو خواردنی لێهەڵگێرا، هەمێشە خەریکی کە شکۆڵی تاین بوو، ئەوە ندەی خەلە و چەڵتووک و تووتن و پەمۆ و نیسک و نۆک و دانەوێڵەی تر لێ پەیدا کردبوو ماڵەکەی وەک هەڕاجە بازاڕ هەمێشە پڕ بوو لە بازرگان و چەرچی. دارایی و سامانێکی زۆر زەوەندی پێکەوە ناو قەڵاکەی لەبەر کارەکەر و خزمەتکاری زۆر و زڕەزڕی ڕادیۆ و بریسکە

برێســـکی کـارەبـا و ورەوڕی ترۆمبێـل و چزوهووڕی چێستخانە و زرینگەزرینگی بۆتڵ و پێک هەر دەتگوت کابارەی شـــار گەورەکانە. وەیســـەی چارەڕەش لە تاوی کەشـــکۆڵەکەی ئاگای لە بنێشــت کردن بڕا و بندارە و بندار بە دوای لالۆی پیرەدا ئەگەڕا.

ســـەر کـانییەکەی کردبوو وارگەی بەیـانی و ئێوارێ، بەڵام بۆ نەگبەتی بە هیچ جۆرێـک ئـاســـەوارێکی لە لالۆی پیرە بەدی نەکرد. مـاوەیەکی زۆری بەم چـاوەڕوانییەوە ڕابوود، هیچ ســـوودی نەبوو. ئەمجار بیرێکی لە حاڵی خۆی کردەوە و گوتی: من تـازە خەریکی چیم، پاش ئەوەی نەمفامی و کەشـــکۆڵەکەم لە کیس خۆم دا، لە بنێشــت کردنەکە بۆ وازبێنم. ئەدی دوو ڕۆژی تر خێزانەکەم بەچی بە خێو کەم، پارەی مەختەکەی بەگ بدەم؟

وەیســـە کە لەســـەر کـانییەکە ئەم بیرانەی دەکردەوە، تۆزێـک هۆشـــی هـاتەوە بەرو دەموچاوی شـۆرد و نەختێ ئاوی خوارەوە و بە داخێکەوە سەرنجێکی جێگای لالۆی پیرە دا چۆڵ و هوڵ بوو. هەستاو بەهەناسە ساردی گەڕایەوە ســـەر ئیش و کارەکەی، بنێشـــتی کۆکردەوە و کردیە مەشـقاڵە و بردییە شـار و فرۆشـتی. کە پارەکەی وەرگرت و لێکی دایەوە، هەر ئەوەندە

بوو لە جیاتی مەختەدا بیدا بە فەرەیدوون بەگ، لە تاوان ئەژنۆی شکاو گوتی: ئەو زستانە خێزانەکەم لە برسان دەمرن. پارەکەی نا باخەڵ و بە شپرزەیی لە شار دەرکەوت. لە قەراخ شار خانوویەکی گەورەی تازە دروست دەکرا. وەیسە دیاری وێستا و سەیری کرێکار و وەستا و ئیشەکەیانی دەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئەگەر بمگرن بە کرێکار ماوەیەک ئیش دەکەم و شتێک بۆ خێزانەکەم کۆدەکەوە. وەیسە لەم بیرەدا بوو کە کابرای وەستا چاوی پێ کەوت و بەناو بانگی کرد: وەیسە وەرە بۆ ئێرە. وەیسە سەری سوورما و چووە پێشەوە. وەستا گوتی: وەیسە ئەوە نامناسییەوە؟ وەیسە گوتی: نە بە خوا، جا من تۆم لە کوێ دیوە تا بتناسمەوە؟ وەستا گوتی: من ئەو کابرایەم کەشکۆڵە کەم دایەی. وەیسە ڕایکردە پێشەوە و دەستی کردە ملی و گوتی: تۆ ئەو وەختە لە نزار بووی و ئێستا لە شاری و بەننایەتی دەکەی. ئەمە لە کوێ بە بیری مندا دەهات؟ وەستا گوتی: تاخر وەیسە؛ بەرخ هەمیشە لەژێر سەوەتەدا نابێ، ئینسان بەرەو پێش دەچێ. ئێستا حالت چۆنە؟

وەیسە بەسەر هاتی خۆی بۆ گێڕاوە و زۆری داد و بێداد کرد لە دەست فەرەیدوون بەگ. وەستا

کە جوان ببۆوە و وەک کوڕێکی قیت ۆ قۆز دەهات و دەچوو، گوتی: وەیسە خەمت نەبێ. کەشکۆڵەکەی کەشم بۆ هەڵگرتووی. لێرە بوەستە تا دێمەوە.

لالۆی ئینسان تاوێکی پێچوو هاتەوە کەشکۆڵەکەی دا دەست وەیسە. وەیسە وەریگرت و زۆری مالاوایی لێ کرد و بە دڵخۆشییەوە کەوتەڕێ. ماوەیەک ڕۆیشت، لە ڕێگا ویستی تاقیکاتەوە. هەر چەند نیازی لێ گرت و تەقەلای دا دەرخۆنەکەی بۆ نەکرایەوە. ئیتر خۆی پێوە خەریک نەکرد و لە خۆشییان کارەساتی پێشووی لە بیر چۆوە، بە پەلە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.

گەیشتەوە ئاوایی. سەر لە نوێ فەرەیدوون بەگ چاوی پێکەوت و بانگی کرد. کە چووە دیوەخان گورج ئەم کەشکۆڵەشی لێساند. هێشتا وەیسە لەوێ وێستابوو کە فەرەیدوون بەگ وەک تەلیسمێکی بە ناوی ئەوەوە بێت دەستی دا دەرخۆنەی کەشکۆڵەکە و بۆی لابرا. بەلام دەسبەجێ دوو مستی قورس و قایم لە کەشکۆڵ هاتنە دەرێ و ڕاست و چەپیان لە سەری فەرەیدوون بەگ گرت و لە لاجانگیان دەسرەواند. هەروا پشوویەکی پێنەچوو هێندەیان بەسەریا کێشا نزیک بوو مێشکی لە

کونەلووتیـدا بێتە خوارەوە. فەرەیـدوون بەگ خۆی پێڕانەگیرا و لە تـاوانـا هـاواری کردە وەیسـە: کوڕە وەیسـە فریام کەوە، وەیسـە تۆ کوڕ و برامی، من کردم تۆ نەیکەی. جـارێکە و ئەمجار، ئەمان وەیسە! دەخیل وەیسە!

وەیســە ئاهەنگێکی هاتەوەبەر. بە کەشـــکۆڵی تاین پشتت ئەسوور بوو، گوتی: ئاغام بفەرموو کەشـــکۆڵەکەی ترم بۆ بێننەوە جـا ڕزگـارت ئەکەم.

فەرەیـدوون بەگ بـانگی کرد: کێ لەوێیە؟ ئـا ڕاکەن کەشـــکۆڵەکەی بۆ بێننەوە، خێراکەن، گیانم دەرچوو، کەللەی سەرم ورد و خاش بوو. کوڕە وەیسە، من ماڵی دنیام بۆ چییە؟ گیانیشم هـی تـۆیە؟ خـزمەتـکـارێـک هـاتە ژووری و کەشـکۆڵەکەی پێشـووی هێنا و دایەوە دەسـت وەیســە. کە وەیســە کەشـکۆڵەکەی وەرگرت، مســـتەکان لە جێگای خۆیان وێســـتان و لە تێسرەواندنی سـەر و گوێلاکی فەرەیدوون بەگ بوونەوە. فەرەیـدوون بەگ بســـتێ زمـانی دەرکێشــــابوو، چاوی بە مۆڵەق وێســـتابوو، زرینگە زرینگ لە سەریەوە ئەهات. سەرنجێکی کەشـکۆڵەکەی دا بزانێ چ جادوویەکی تێدایە وا ئەم کارەســـاتەی پێکرد، کە تۆزێ لێی خێس بۆوە، لێی نووســـرابوو: «زەوی بۆ وەرزێڕ و،

مەرگ بۆ دەربەگ» ئیتر لە تـاوانـا وەک مـار پێوەی دا کەشکۆلی بۆ وەیسـە فڕیدا و ڕایکرد، ئەو ڕۆێنەی ڕۆیشـت نەگەڕایەوە. ئیتر جارێکی دیکە کشـتوکاڵ لە وەرزێڕ و بۆرە پیاو داگیر نەکرا و هەرکەس ڕەنجی شانی خۆی هیی خۆی بوو. ئەگەر کەسێک بیویستایە زۆرداری بکا و دەسـڕەنجی خەڵک داگیرکا مسـتەکان لای چەناگای ئەوێسـتان و دەسـتیان دەکردەوە بە تێسرەواندنی.

وەیسـەش بە تێرو تەسـەلی ڕایبواردو لە نانی گاڵ و پووە ڕزگاری بوو.

- بەڕوو دەهـاڕن و لەگەڵ ئـاردی جـۆ تێکەڵی دەکەن و دەیکەنە نـان و پێی دەڵێن «نانی پووە». خەڵکی هەورامان لەبەر نەداری و پەرێشانی پتریان ئەوە دەخۆن.

# شەهیدی زوڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ

ســـاڵێک لە ســـاڵان دێوی قات و قڕی و گرانی باڵی ڕەشـی بەسـەر ناوچەی «ژاوەرۆ» کێشـا، ڕەهێڵەی پەریشـــانی و پەشـــێوی و شـــپرزەیی دایکرد. وەرزێر لە کشـــتو کاڵی بەهاری و لە ڕەسـتە و ئاوەنیاوی پایزە، مافنگی و ڕەنجەڕۆ مایەوە، هەژار و نەدار و کز و کەنەفت کەوت و ژیانی تاڵ و ئاڵۆز بوو. ســـەرەڕای ئەمانەش ئەوەنـدیـان بـردبـووە گەل و هەرەوەز وەک قسـەقوتان ئەڵێن «لە چوارپەلا گوێچکەی ساغ بوو» زگی برســی و پشـــتی بریندار و شـــان و شـــەپیلکی تێکشـــکابوو. کۆڵکێشـــانی زۆر و زەوەنـدە هێز و توانـایی پێ نەهێشـــتبوو. برســـیایەتی و بێبژێوی ڕســـت و دەرتانی لێ بڕیبوو.

وەرزێڕ ئەوەندەی سەرنجی دا و بیری کردەوە و ســـەری هێنا و برد، نەیتوانی ڕێگای ڕزگاری و چاری چارەڕەشـــی خۆی بەدی بکا. لە لایەکەوە بێگـار مەودای نەئەدا بەرژەوەنـدێـک لە خـاڵی خۆی بکات و، لە لایەکی تریشەوە ناشارەزایی و نەزانـی ڕۆژی ڕوونـاکـی لـێـکـردبـووە و شەوەزەنگ.

بێبارانیٚ و وشکەساڵ و خەلە گران بوو. بێکاری بوو. ئیش لە حـانـد ڕەنجبەر و ئێشـکەران چووبووە پشتی شێران. ئەوەی لە ناوەدا فرە و فراوان و کەم نرخ و هەرزان بوو، تەنیا تەرم و جەندەکی نەژاران و فڕین و پەڕەواز و ئاوەکی بوونی گیانی وەرزێڕان و بوو، ئـاژاوە و پەشێوی بوو لەناو لەشاندا. گیانی سەربەهەش توانای مانەوەی ناو جەندەکایان نەمابوو، نـاچـار هەڵوەدا ئەبوون و ڕایـان ئەکرد بە ئاسمانا.

هەباسـی وەرزێڕ پێش گیان لێتۆران چشـی لە خاو و خێزان و سـەرێخوی هەڵگرت و ڕۆیشت. بەدارەدارە و لارەلارەوە ڕێگای گرتەبەر، بەڵکو لە جیگایەک چارەسەری خوی بکا. بە چنگەکڕکە و پەلەکوتە و ڵنگەلەرزە بە چەند کەژ و کێو و چیا و هەوراز هەڵگەڕا و لەچەند شـیو و دۆڵ و نشـێوەوە داگەڕا و، لە چەند چەم و ڕووبار پەڕییەوە تا ئاخری بەهەر مەینەتێک بوو خۆی گەیاندە شارێک لە شارە نزیکەکانی گەرمێن.

کە لە شـار نزیک بۆوە شنەی هیوایەک دای لە دڵی زاماری. بە خەیاڵی خۆی لای وابوو ئیتر ئاودانییە و جێگای ئینسـانەتی و پیاوەتی و شارستانییەتە. زگی تێر و لەشی تیمار ئەکات و کە تـۆزیٚ و بـووژایەوە دەس و ئەداتە و

کاروبارێک، خۆشـــی و ئەژییێنێ و، پارەش بۆ خاوخێزانی ئەنێرێ و لە چنگ برســـیياتەتی و مردن دەریان ئەهێنێ. جا بە شـــێنەیی ئەوانیش دێنێ ولێی دائەنیشـــێ. هەریەک خەریکی ئیشـو کارێک ئەبن و لەشارستانی پڕ خێر و بێر و لە وڵاتی تێر و تەســـەلـدا ئـاســـوودە و دڵنیـا ئەحەســـــێنەوە و جـار ێکی تر بە بیر یش ناگەرێتەوە.

وەرزێڕی ساویلکە و دڵپاک هەروا ژینی خۆی و خێزانی لەو شارەدا سووک و ئا سان بە خەیاڵ پێکهێنا و بزەی هومێد و هیوا ئەیگرت و لەبەر خۆیەوە ئەیگوت: نەم ئەزانی کوڕدستان ئاوایە، جێگای بەپیت و بەرەکەتی وەک ئێرەی تێدایە. نامەخوا ئەم خەڵک و مەردمە چەن تێر و پڕن، چەن پۆشـــــتە و پەرداخ و بەهێز و گۆڕن. چەن کۆک و بۆشـنـاختن؛ چەن ڕەنگ و ڕوو سـوور و خەریک و دەســـــبەکارن. ئەگەر کوردســـــتان وا ئاوەدانە. ئەی بۆ لای ئێمە ئەوەندە کوڕ و کڕێن و خاپوور و وێرانە؟

ئەبوو کە قات و قڕی و نەهاتی ڕوویکردە لایەکی تر درێغیی لێ نەکات و یارمەتی بدات!

دیسان هەر باشە دێین لێرە ئەبین تا لە سیایاڵ و نەهاتی ڕزگار ئەبین. ئەخوا دەرویەکی باشـی

لـێ کـردمەوە. بە هـۆی مەیـنەت و دەردەوە گەیاندمیە ئێرە. پیرۆ و پێشینیان گووتوویانە: خـوا کە بە لـێزانـی دەرگـایەک داخـات، بە میهرەبانی کەڵێنێکی تر ئەکاتەوە. ئیتر شـان و قۆڵم لە بێگار ئاسـوودە ئەبێت و، مردووی گۆڕ و گۆڕسـتانیشـم لە خوسـەند و جمێن و جنێو ئەحەسێتنەوە.

وەرزێڕ گەشـــایەوە و زۆری پێ خۆش بوو کە ڕزگـاری بووە و، جەنـدەرمە و خـان و بەگ و بێگاری لە کۆڵ کەوتووە. بە دڵێکی پڕ لە ئاوات و هیواوە ڕوویکردە ناو شـــار و هێندێ گەڕا بە جادە و بازاڕا.

شەرمی کرد داوای هیچ لە هیچ کەس بکات و لە ڕووی نەهات لە کووچە و کۆلانان هەوڵی دوو سێ نان بدات.

بە زگی برســی لەشــی ماندوو و شــەکەتەوە ڕۆیشــت و ڕوویکردە مزگەوت، بەڵکو لەوێ دڵ نەرمێ، دینـدارێ، خـاوەن ئیمـانێ، بە چەن فلسێ یا بە یەک دوو نانێ دەسگرۆیی بکات، تا شــەو بحەســێتەوە و بەیانی خۆی گورج کا بۆ ئیشــوکارێک. تەنیا ڕۆژێکی دژوارە، کە یەک دوو ژەم تێر بوو ئیتر وردە وردە ئیش ئەکات و پارەی دەس ئەکەوێت و ئەبووژێتەوە و دێتەوە

دۆخی جاران «چ بکا؟ بڵێ؟ کار بۆ ڕەنجبەران حەسـانەوەیە. پیشـەی کرێکـار ڕەنج و چەوسـانەوەیە. کار کاڵایەکە بە بەژن و باڵای کرێکـار و وەرزێران بڕاوە. ئەو ڕۆژەی بێکـار نەبن خۆشی و جەژنیانە.«

چوو لە هەیوانی مزگەوت دانیشـت و بە چـاوەنـواڕیـی ڕێـکەوت کـزکەی کـرد. زۆری نەخـایـانـد کـابرایەکی چڵکنەی چـاو مژمۆر لە دەرگای مزگەوتەکە هاتە دەرەوە، لەم نەگبەت و چارەڕەشە هاتە بەرەوە. چڵکن بە تێخوڕینەوە گوتی: کابرا خەڵکی کوێی؟

وەرزێڕ بە خاو و خلیچەک و بێهێزییەوە وەڵامی دایەوە: ژا.. وە.. ڕۆ

چڵکن گوتی: خێراکە هەسە بڕۆ.

وەرزێڕ گوتی: هیچ ئەرکێکم لەسەر، بۆچی دەرم ئەکەی؟ ئێرە مزگەوتە، خانەی خوایە، جێگەی ئاوارە و هەژار و داماوانە. لە خوا ناترسـی وا تێم ئەخوڕی و ئەگوڕێنی بەسەرما و لەم خانەی خوایە وا بە سووکییەوە دەرم ئەنێی؟ تۆش هەر وەکوو من مافت پێوەیەتی، ئێتر بۆچی وازم لێ نـایەنی تۆزێ بحەسـێمەوە؟ چڵکن گوتی: بـا مجێوریش بم، پێم ناخۆش نییە و لێم لە چاو نایە کابرایەکی چارەڕەشـی وەکو تۆ لێرە بێت.

بەڵام لەبەر خوا ئەمەت پێ ئەڵێم، کەچی دیارە ناشارەزای و نازانی. قوڕبەسەر، بتبینن ئەڵێن بێگانەی و ئەتگرن. جا ئێتر ئارەزووی خۆتە.

وەرزێڕ گوتی: بۆچی من و تۆ هەردووکمان کورد نین؟ هەردووکمان وەک یەک هاوڕەگەز و خوێن نین؟ ئێرەش هەر کوردســـتان نییە؟ من و ئەم خەڵکەی لەم شــارەدان گشــتمان کورد نین و لە کوردســـتان نین؟ ئیتر بۆچی ئەمگرن؟ ئەم من و تۆیی و دووبەرەکییە چییە و، ئەم جیاوازی و قینەبەرییە شـــوورەیی نییە؟ خۆ من نەهاتووم بە شی کەس بخۆم و ببمە بار بە سەر کەسەوە. ئەمەوێ لێرە بحاوێمەوە و بە ڕەنجی شــــان و کرێی دەســـتی خۆم بژیم ئیتر ســـووچ و تاوانم چییە، لەسەر چی ئەمگرن؟

چڵکن گوتی: تێ ئەگەم و ئەمــانەم وەک ڕۆژ بەلاوە ڕۆشــــن و ڕوونە. بەڵام کێ ئەم چەند و چوونەت لێ ئەبیستێ؟ بێسوودە ڕاکەن، ئەتگرن و ماوەیەک ئەتخەنەزیندان و لە پاشــان بەڕێت ئەکەونەوە بۆ وڵاتی خۆتــان. وەزێڕ کە ئەمەی بســـــت جەرگ و هەناوی داکەوت و حەوش و حەساوی مزگەوتی لێ بوو بە کونە مشک. جنێو و لێدان و برســــییەتی و بێگاری بیرکەوتەوە و زامی جێگە کۆڵ و داری زۆرداری کولایەوە. ئاخێکی هەڵکێشـــا و چاوێکی بە ئاســـماندا

خشـــاند، چ ڕوانین و چاوپیاخشـــاندنێک! به قەدرایی سـەد کتێب پڕ بوو له گلەیی و بناشت. بە دوو ســێ تەکان هەســتاو لەشــی لە قاچی بــارکرد. لاقی لەرزی و ئەتگوت ئەڵێ: ئیتر بەســە، هێزم تێدا نەماوە، ســواوم، داروبەرد ئاســن و پۆڵانیم، گۆشــت و ئێســقانم، پەکم کەوتووە؛ ڕاســـتییەکەی ئەوەیە ئیتر بە من دەرناچێ!

وەرزێڕ گوێی نەدایە، بە کۆمەگی گـالۆکەکەی وەک پەت کێشـــی کرد و بە دارە دارە خوی پێ گەیاندە قەراخ شار. ئیتر لەوێ مەینەت کوتایی هــات. لاق لەرزی. لەش کەوتە زەوی. گیــانی شەکەت و وەڕزیش بۆ ئاسمان ڕێ.

مجێور کە قســـەی پتەو و بیچمی مەینەتباری کــابرای وەرزێڕی کــاریــان کردبووە دڵی و ئازاریان ئەدا، هەستی هاومەینەتیی بێداربوو و گوتی: ئێمەی هەژار بەزەییمــان بە یەکترا نەیەتەوە، کێ بەزەیی پێماندا دێتەوە؟ هەســـتا دوای کەوت کە بیهێنێتەوە

بەڵکو خێرۆمەندان لە مزگەوت خێری پێ بکەن تا تۆزێ ئەبووژێتەوە، جا ئەوســـا ملی کارێ بگرێ یــان بڕواتەوە. بــازاڕ و جــادە و کۆڵانی بەدوادا گەڕا و کەلێن و قوژبنی شــاری پشــکنی.

تووشـــی نەهات. تا ئاخری لە قەراخ شـــار دۆزییەوە، بەڵام چی؟

لاشـــەیەکی بێگیـان و زامـار! زانیی تـاوانێکی گەورەی کردووە و سووچی ئەوە ئەم چارەڕەشە مردووە.

تەریق بووەوە و پاڕایەوە لە تەرمی زامار و، دوعا و فاتیحای خوێند بۆ گیانی پەڕەوازی هەژار، بەڵکو لێی ببورێ و لەوتـاوانەی کردوویەتی بیبەخشـێ. لەبەر خۆیەوە ئەیگوت: من بە گیـانی نـاخێرم دڵســۆزیم کرد، بەو قســـانەویســـتم خێرخوایی بکەم، خۆ بۆیەکم نەبوو بەم ڕۆژە بگات.

بە شــــەرمەزاری دای بە کۆڵی خۆیدا و پەیتا پەیتا لەژێر لچەوە ئەیگوت: بریا سەد بریا من بوومایە لە جیاتی تۆ! هەڵیگرت و هێنای لە حەوزی مزگەوت ڕاکێشـــا و بۆ کفن کەوتە ناو بازار. ڕۆیشـت تا گەیشـتە دووکانی مام حاجی بازرگان و گوتی: کابرایەکی هەژار و ئاوارە و بێکەس و کار لە برسـا مردووە هاتووم بۆ کفن. تۆ کفنی بۆ بکە و شۆردن و گۆڕیشی لەسەرمن. حاجی پیشـی خواردەوە و مژێکی لە جگەرەکەی دا. وەک مار پێوەی دا، پڕ بە پێست ئاوسا. لە پاشان کۆیەیەکی کرد و هاتە قسە و گوتی: بەم

بێبـازاڕییه و گوتی: بـاشـــه، پەلە مەکە، بـا بازاڕمان ببێ ئەوســـا وەرەوە کفنی بۆ ئەکەم. مجێور بە تووڕەیی و بەســـەر ڕاوەشـــانـدن گەڕایەوە، لەژێر لێوەوە، بە دەم ڕێگەوە بە جنێوەوە ئەیگوت بەڵێ، مـام حـاجی! تەرمەکە خوێ بکەم بۆ گەن نەکات تا بازاڕت ئەبێت، ئەوســـا بێمەوە خزمەتـت! تف لە خۆت و پارەشـــت. بۆچی مردووش کاڵا و کووتاڵە و پەســـا و ئیحتیکار بکرێ! بردی بە جل و بە گەرکەی بەریەوە ناشـــتی و گوتی: شـــەهیدی زۆڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ.

## نووشتەکەی ئامینە خان

»قاجر» و «کانی پانکە» دوو دێن لە ناوچەی بۆکان. هاوکەوشـــەن، ســـنوور و ســـەراوەیان پێکەوەیە و جووتیان لە یەک ئەگەڕێتەوە.

شـــێخ ئەحمەدی کانی پانکە «خوای لیَ خۆش بیَ» بە ســـەرێنیی خۆی ماڵی لە کانی پانکە بوو.

خەریکی خۆشـــکردنەوەی شـــێت و هار بوو. بۆ هەموو ئێش و ئۆف و دەرد و ئازاریَ نووشـــتەی ئەکرد.

بە هات و هاواری هەموو کەسـەوە بوو. هەرگیز ماندوویی و شـەکەتێی نەئەزانی چییە. نازانم و ناتوانم و پێم ناکرێی بە دەما نەئەهات. خوای لیَ ڕازی بێت. بۆ کاروباری خەڵک زۆر جەڵد و خێرا و چوست و چالاک بوو. لە دوعا و نزا. لە نووشـــتە و جادوو، لە تێڕوانین و فاڵگرتنەوە، لە پڕوپیتە و داودەرمان درێغیی لە موسوڵمانان نەئەکرد.

دیارە موســـوڵمانانیش بیریان لەمە کردبووەوە کە ئەم پیاوە شـەو ڕۆژ خەریکی نوێژ و تاعەتی خوا و ئیش و فەرمانی ئەوانە، کار و کاســـبی پیَ نـاکریَ. وەک ئەو لە ڕێی خوادا بە هەموو هــاوار و بــانگێکی ئەوانەوە هەیە و ئەگــاتە

فریایان، ئەمانیش ئەبێ شـــەرم بیانگرێت و بە دەسـتی بەتاڵ نەچنە خزمەتی. دوعا و نزای بێ خزمەت، نو شتەی بێ سەرقەڵەمانە، دەرمان و تیمـاری بێ ئولیفەت کـار نـاکـات. ئەمـانیش خێرێکیان دەســگیر نابێت و ئەویش نفووســـی ئە شکێ! ڕۆژ و شەو وەک قەتاری ڕەش و سپی بە دوای یەکا تێ ئەپەڕین. ئەم دەمی بە ســـڵاو سەندنەوە و چاک و خۆشی و دوعا

خۆێندنەوە خەریک و، دەســـتیشـــی نووشـــتە نووسین و گژوگیا کوتانا بوو. خەڵکیش دەم بە سـڵاوو پاڕانەوە و دەسـت بە دیاری و پشـت بە کۆڵەوە لە هاتوچۆدا بوون.

هەردوولا پێکهاتبوون و ســـەرودڵ خۆش بوون. ئەم بژیوییێکی بـاشـــی دەســــت ئەکەوت و گوزەرانێکی چاکی ئەکرد و دارایی و ســامانێکی جوانی پێکەوە نـابوو، لەســـەر هیچ پەکی نەئەکەوت و گوزەرانێکی چاکی ئەکرد و دارایی و سامانێکی جوانی پێکەوە نابوو، لە سەر هیچ پەکی نەئەکەوت. ئەوانیش کـاروبـاریـان هەڵ ئەسـووڕا و عەمر وماڵیان بەزیاد ئەبوو، دەرد و بەڵایان لە کۆڵ ئەکەوت.

بەڵێ وابوو! هەســت و ئاگا پادشــای لە شــەو فەرمانی لە ناوچەی پاشـایەتی خوێدا ڕەوایە و

لەسەر سەر و چاوانە! ئەوان لایان وابوو وایە. جا تۆ هەر بڵێ: وابوو.. واچوو.. بەچی ئەچێت؟! هەروەکو خۆی ئەیفەرموو:

دنیا فانییە و بۆ کەس نامێنێت. ئەوەی بمێنێتەوە کۆچی کرد. بەڵام ئەو وەک هێندێ پیاوچاکانی تر نەبوو. جگە لە چاکەکانی تەنیا سامانێکی باشی بۆ منداڵەکانی جێهێشت و ئیتر بۆی نەکرا دێ و خانووبەرە و شتی وا بکڕێت.

منداڵەکانی لە کاتی خۆشی و تێر و تەسەلیدا چاویان پشکووتبوو، خۆشخۆر و خۆشدڕ و نازپەروەردە بوون. ئاگایان لە سەرەتای ژیانی باوکیان نەبوو، نەیان ئەزانی ئەم ماڵ و دەوڵەتە لە کوێ پەیدابووە و، ئەم بەند وجۆگەیە بناوانی لە کوێ هەڵگیراوە ژیانی خۆش، دارایی زۆر، هاتوچووی خەڵکیش نەئەسپایەوە. ئیتر چی؟ باشە، ئەمان خافڵابوون و بەرجەوەندی دنیایان نەکردبوو، ئەی باوکیان بۆ فێری پیشەکەی خۆی نەکردن و بەزەیی بە موسووڵمانان نەهاتبووەوە؟

منیش وەک لە تاریکاییدام. تۆ بڵێی وەکو لە نا لە ناویانا باوە لە ترسی ئەومە بووبێت کە ئەوان هەوەڵی دەمیان بوو، هەرزەکار بوون، ئەترسا پێیان ڕاگیر نەکرێت و تێیا بشێوێن،

یان نەی ئەویست ڕازی نهێنی پیشە و هونەری خۆی بڵێت کە ڕازی نهێنی هونەر و پیشە تەنانەت ئێستاش خۆشەویستە، یان

بە دارایی و سامانەکەی لێیان دڵنیا بووە؟ بەڵام قسەی خۆ مان بێت و لە ناو مان دەرنەچێ، چییان پێ بڵێ و چییان فێر بکات؟ خۆی چی فێر بووبوو تا لەوانی بشارێتەوە! کار و دەسەڵات بە خوایە، ئەو بڵێ چی و چ بکات؟ بەشی ئەمانی تیا نەبوو!

منداڵەکانی ڕەنجیان تیا نەدابوو، پشتیان پێیەوە نەیەشابوو. دوای باوکیان شەش و بێش لێیان داو تەخشان و پەخشانیان کرد. خوا نەیبڕێ، ئەوەندە زۆر بوو بەم جۆرەش بەشی چەند ساڵێکی کرد. کوڕەکان کە هەریەکەی لە ژنێک بوون، بەرودوا جیا بوونەوە و، هەریەکەیان ماڵ و حاڵێکی بۆ خۆی پێکەوە ناو وەک جووجکی کەچەڵە پەڕەوازە بوون، لەبەر دەستەنگی و نەمانی دارایی و سامانی میراتی ڕوو یانکردە ماڵە خاڵوانی خۆ یان و مر یدانی باوکیان و، ئامینەخان و برا بچکۆلەکەی و دایکەکەیان جێهێشت، ئەوەی لەو ناوەدا دەسەوسان و داماو بوو، هەر ئامینەخانی چارەڕەش بوو.

دیســـــان تا دایکی مابوو هەر باشـــــترێک بوو، چوونکە دایکی هەرچە ند پیر و پەرپووت بوو و کەنەفت و پەک کەوتە بوو، جێگەی بیروباوەڕی خە ڵک بوو. بە پیرۆز یان ئەزانی و بە چاوێکی موفەڕک تەماشـــایان دەکرد. بە تایبەتی لەناو ژناندا دەم و نفووســـی بە پیت و بەرەکەت بوو. بەڵام «نەهـاتی چـاکە، قۆرتی خراپە» دوای جیـابوونەوە و تەفروتوونـا بوونی براکـانی، زۆری نەخایاند دایکیشــــی ئەمەگی بەجێهێنا و دوای باوکی کەوت بۆ شـــــاری خامۆشـــــان. ئامینەخان خۆی مایەوە و برا چکۆلەکەی.

ئیتر ئـامینە خـان بوو بە گەورەی مـاڵ و جێنشـینی باوکی و جێداری دایکی و بناوانی برا چکۆلەکەی. ئەبوو ئیشـــو کاری ماڵ بکات و بۆ چاک و خۆشـی و دوعا و نزا و داو و دەرمان بە دەم خەڵکیشەوە بێت.

کاری بەوە چاک بوو لە وەختی خۆیدا بۆ باوکی جێبەجێ ئەکرد ئەنا سی و فێری بەکار هێنانیان بووبوو. لە دێی خۆ یان و ئاواییە کانی دەورو پشتیانەوە کوڕ و کچ بۆ دوعای چەور و شیرینی و پێکبڕان، ژن و پیاو بۆ مناڵبوون و دەمبەست و داوودەرمان ڕوویان تێ ئەکرد و ســەریان قاڵ کردبوو.

ئـامینەخـان، وەک جوان نەبوو، ئەوەنـدەش دزێو و ناشـــیرین نەبوو کەس نەیخوازێ. لە تافی جوانی و نوخشەی پێگەیشتندا کەڵەگەت و پـان و پۆڕ و، بەژن و بـاڵایەکی ڕێکوپێـک و لەخت و لار و داروبارێکی باشـــی بوو، بەڵام دیـارە بۆرە و کوڕە وەرزێڕ هـاوشـــانی ئەو نەبوون و. داواکـارێکی تریشـــی نەبوو. لە بەرئەمە مابووەوە. بە ســـەرێنیی دایکی مەیدانی تێکەڵیی کوڕ و کاڵ و مەودای باســـوخواســـی لەگەڵ گەورە کچ و جوانەژناندا نەبوو. ناچار بە هیوای ڕۆژی بەختەوەری ددانی بە جەرگی خۆیا گرتبوو، کەین و بەینی دڵداریی نەئەزانی و ئاگای لێ نەبوو.

ئێستا، کە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی هەموو جۆرە ســـکاڵایێکی دڵداری و هەموو چەشـــنە ڕاز و نیـازێکی کچێنی و کوڕێنی بووە و، لەژێر ســـەرپەرشـــتیی دایکیشـــیا نەماوە، هەر چەند هاتوچووی مانگ و ســـاڵانی زۆر بە ســـەریا شوێنیان کردووەتە دیمەنی و گۆناکانیان سیس و مەمگەکـانـیـان بـڵ کـردووە و چەنـاگە داچۆڕاندووە وتاڵی سپییان خستووەتە سەری و ددانیان کەل کردووە، بەڵام وەک ترێی شـــەراب کە تا خۆی بخواتەوە و توندتر ئەبێت، ئەمیش زیاتر دەروونی بڵێســـەی ســـەندبوو و دڵی گڕی

گرتبوو. ئیتر ناچار بوو لە گەڵ کوڕ و کاڵا لە کاتی دەرمان پێدان و نووشـتە کردنا چاوبڕکێنە بـکـا و، دوو جەفەنـگ و دوو زەردەخەنەی دڵتەڕانەش ئاڵوگۆڕ کات و، جار و باریش لە گەڵ ئەوانەی زۆر دڵگیر بن لە چاوداگر تنێکیش درێـغـی نەکـات. لەگەڵ کـچـۆڵەکـان و ژنە دڵتەڕەکانیش لە باســـی دڵداری و کردنەوەی گرێی دڵی خۆی و هــاوێر کردنی جوان و ناشیرینی لاوان و هەرزەکار و کوڕۆکاڵی ئاوایی لەزەتێک بەرێ.

ئامینەخان بازاڕی گەرم بوو، هەر کەســـە بە خەیاڵێک و هەریەکەی بۆ کارێک ئەچوونە لای و هەمیشە ماڵەکەی جمەی ئەهات.

براکانی لەوە تووڕە بوون کە خەڵکەکە سەریان کردۆتە ئـامینەخـان و دیـاریی بۆ ئەبەن و خێروبێر یان هەموو بۆ ئەوە و ئەمانیش کەس ڕوویان تێناکات.

ئەمـان بـا نەخوێنـدەواریش بن، بە ســـەر و مێزرێکی زل و ڕشـــێکی پانەوە زرتەی چاویان بێت و، ئافرەتێکیش لە جێگەی باوکیان دانیشت و بازاری واگەرم بێت.

براکـانی لێی کەوتنە تۆپ و تەشـــەر. نـاو و بیتکەیەکی زۆریان دواخســت و هەزاران بەیت و باویان بۆ ڕێکخست.

ئامینەخانیش بە نۆرەی خۆی دەســـتەوســـتان نەوێستا و ئاکاری دزێو و کردەوەی ناپەسەندی ئەوانی بۆ خەڵک دەرخســت و لێی کردنە قاو و ئەیگوت: هەرچی بە منی ئەڵێن خراپتر ئەکەن.

ئەگەر ئەڵێن نەخوێندەوارم نازانم دوعا و نزا بکەم، ئەوانیش وەک من نەخوێندەوارن و هیچ نازانن. ئەگەر ئەڵێن دیاریم بۆ دێت،

ئەوانیش هەر بە نـانی خەڵکی بەڕی ئەچن. ئەگەر ئەڵێن من بە دەم پیـاوان و کوڕوکـاڵی نـامەحرەمەوە ئەچم، ئەوانیش تەنـانەت بە سەرێنیی باوکیشم بە دەم ئافرەت و کچ و کیژی نـامەحرەمەوە ئەچوون. خۆ من لە ســـایەی خواوە لە ڕێگای هیچیشـــا نیم و لە ڕێی خوادا خـــزمەتـــی خەڵـــک ئەکەم و، ئەڵـــێـــم بـــا وەجـــاخەکەمـــان کـــوێـــر نەبـــێـــتەوە. مـــن بەم ئـــافرەتییەی خۆمەوە حورمەتی جێگـــاکەم ڕاگرتووە، کەچی ئەوان بۆ ڕابواردن خۆیـــان بڵاوەیان لێکرد و هەر یەکەی ڕوویکردە لایەک.

خەڵکەکەش نەیان ئەتوانی مورشـــیدزادەکانیان بەدرۆ بـــخەنەوە، نـــاچـــار بـــوون بـــڕوا بە

هەردوولایان بکەن و، وردە وردە تێگەیشتن ئەمە بناغەی بۆ شە و «کێشە لە سەر لێفەی مەلایە» و ئەم گێرەو کێشـــە و هەرا و بەزمە هەر بۆ کرووساندنەوەی ئەوانە! ئیتر لێیان تەکینەوە و وازیان لە هەردوولایان هێنا.

ئامینەخان کە هاتووچووکەری نەما و دیاری و کۆڵەباری لێ بڕا، ناچار بوو خوی بە ماڵان و، لە نوخشـەشـا بە خەرمانانـاوە بگەڕێ نووشـتە بکا و دوعا بخۆێنێ و شـــت دەســـخات، بۆ هاتوچووی ســـەر خەرمانان گوێدرێژێکی پەیدا کرد، لە مسەرەوە سواری ئەبوو، لەوسەریشەوە خەلەی لێ ئەنا.

خەرمەنەکانی کانیپانکەی تەواو کردبوو، نانی ســـاڵی کۆدبووەوە، ئەمجـار بۆ جلوبەرگ و پێداویســـتی ماڵ ئەیەویســـت هێندێکی تریش کۆکاتەوە و بیفرۆشـــێ. ئیتر تا ســـاڵێکی کە پۆشتە و پەرداخ و تێر و تەسەڵ ڕابوێری.

گوێرێژی کوردتان کرد و لێی ســوار بوو بەرەو خەرمانەکانی قاجر. کە لە ئاسـۆگەی کانیپانکە سـەرکەوت، لە پێشـدەشـتیدا، کە زۆری نەئەما بۆ ســەرچەمی «تەتەهوو» خەرمانێکی گەورەی بەدی کرد. بە دڵێکی خۆش و تەمایەکی زۆرەوە

و ولاغەکەی بەرەو خەرمـــان لـێخوڕی. زۆری نەخایاند

گەیشـتە پێشـەوە. تەماشـای کرد ڕەشـیدی مام هەباس کە باوکی یەکە دەوڵەمەندی قاجرە بە تەنیا لەوێیە و بەکاوەخۆ شـــەن ئەکات بە لام چەند مالوسکەی گەورەی سوور کرووە.

ئامینەخان سلاوێکی کرد و هێندێ دۆعای لەژێر لێوەوە خوێند و فووی کرد بەسەر خەرمەناکەدا پیتو بەرەکاتی تێکەوت و بێچاوێنی بێت.

ڕەشید کە کوڕێکی گەنج و هەرزەکار بوو دەستی لە شـــەن هەڵگرت و هات بەدەم ئامینەخانەوە. زۆری بە خێرهـاتن کرد و دۆی ســـــاردی لە مەشـکۆڵەکە و تێکرد تا تیوانیەتی بشـکێت. لە ژێر سێبەری کەپرەکە دانیشتن و ڕەشید دەستی کرد بە چاڵنان و لەبەریشەوە چاک و خۆشییان ئەکرد و هەواڵی کەســـوکـاری یەکتریـان و ئەپرسی.

ئامینەخان هەواڵی خەجێی خوشـکی ڕەشـــیدی پرســـی. ڕەشـــید گوتی: دوێنێ خوازبێنی کەری هاتەسەر و دامان بەشوو. ئامینەخان کە باسی شـووکردنی بیسـت برینی دڵی کولاوە و ئاخێکی هەڵکێشـــا و گوتی: ئەی ڕەشـــید گیان، تۆ کەی ژن دێنی؟

ڕەشـــید: چارە نووس بە خوایە. بزانین چۆن ئەبێت.

ئامینەخان: بەڵێ چارەنووس بە خوایە، بەڵام کوڕێکی وەک تۆ جوان و لاوچـاک چۆن ئەبێ کەسـت نەدۆزیبێتەوە و حەز لە کەس نەکەیت؟ کوڕی وەک تۆ جوان بۆ ژن دائەمێنێ؟ خوا نەیبڕێ، جگە لە جوانیی خۆت، لە هیچیشـتان کەم نییە!

ڕەشید: بڵێم چی! کێ جوابی من ئەداتەوە؟

ئامینەخان «بە نازێک و چاوێکی نەومەوە:«

ئەوە ئەڵـێی چـی؟ حەیف نـییە! ئەو چـاوە جوانانەی بە تۆوەیە بە خوا خوشـکی خۆشـت عاشقت ئەبێت!

ڕەشـید: چی بۆ لە تۆ نهێنی بێ! حەز لە کچێک ئەکەم. بە لام ئەوەندەی ئەکەم و ئەکرێنم جوابم ناداتەوە. ئەگەر نووشتەیەکم بۆ بکەی بۆم ساز بێ، چی ئەڵێی ئەتدەمێ.

ئامینەخان: ڕەشـید گیان! سـەر قەڵەمانە ئەبێ پێشەکی بدرێ، ئەگینا نووشتە کار ناکات.

ڕەشـــید: باشـــە، چیت ئەوێ ئەتدەمێ، بە لام ئەترسم نووشتەکە کار نەکات.

ئـامـیـنەخـان: تـۆ جەواڵـێ گەنـمـم بـدەیە. نووشتەیەکت بۆ ئەکەم بە مەرج. خوانەخواستە کە کاری نەکرد لە منی بناسە.

ڕەشـــید: هەســـتا جەواڵەکەی لە گوێرێژەکەی ئامینەخان داگرت و پڕی کرد لە گەنم و دووری و داینـا و هـاتەوە ژێر کەپرەکە، گوتی: ئەوە گەنم. دەیسا تۆش نووشتەکەم بۆ بنووسە.

ئامینەخان کۆتێک کاغەزی چڵکن و قەڵەمێکی لە گیرفانی دەرهێنا و نەختێ ڕەش و سـپیی لێ کێشـــا و نووشـــتاندییەوە و تۆزێ منجەمنجی کردوو فووی کرد بە نووشـــتەکەدا و گوتی: بە سەری باوکم نووشتەیەکم بۆ کردووی تا ئێستا نووشتەی وام بۆ کەس نەکردووە.

ڕەشـــید نووشـــتەکەی لێ وەرگرت و گوتی: جا ئەمە چیی لێ بکەم؟

ئامینەخان: بیخەرە کۆشـــیەوە و ئیتر دەنگ مەکە، خۆی بانگت ئەکات.

ڕەشـــید: دەترســـم دەســـتم ببڕێ و تووشـــی پەندێکیشـــم بکەی. بۆ خاتری خوا ئامینەخان چۆن لە خۆمەوە بیخەمە گۆشی ئافرەتەوە؟

ئامینەخان: ڕەشـــید وا دیارە تۆ زۆر بێباوەڕی بە چـاک و پیران، یـان زۆر شـــەرمنی. ئەم

نووشـــتەیەی بۆ تۆم کردووە بە ســـەری باوکم بیخەیە کۆشـــی ئـــافرەتێکی دینـــداری وەکوو منیشەوە کە لە سایەی خواوە لە ڕێگەی هیچشا نیم، ناچارە دەنگ ئەکات.

ڕەشـــید کە ئەمەی بیســـت نەیکردە ڕێوڕاســـت نووشتەکەی خستە کۆشی ئامینەخانەوە.

ئامینەخان گوتی: ئەیەڕۆ ڕەشـــید! ئەوە چیت کرد؟ چۆن ئەو فێڵەت دۆزییەوە؟

ئیتر ئامینەخان گوتی: ئەیەڕۆ ڕەشـــید! ئەوە چیت کرد؟ چۆن ئەو فێڵەت دۆزییەوە؟

ئیتر ئامینەخان خۆی بە درۆ نەخســتەوە و، لە پاشـــان نووشـــتەکەی دایەوە دەســـت ڕەشـــید و گوتی:

خۆ باوەڕت کرد کارئەکات. دەسا باشی هەڵگرە بۆ هەموو جارێ با بەکارت بێت.

ڕەشید نووشتەکەی نا گیرفانی و گەنمەکەی بۆ بارکرد.، ئامینەخان بە جەواڵە گەنمەوە بەرەو کانیپانکە کەوتەڕێ و ڕەشـیدیش هەی لێکرد بۆ چەمی تەتەهوو..

# هێلکەی هادی خانی

بێگومان پێت سەیرە، ڕەنگە لات وابێ هێلکە لەسەر واتەی خۆی نییە، یان هادی خان وەک جادووگەر هێلکەی کردووە.

نەخێر، هێلکە هەر هێلکەیە. هادی خانیش نە جادووگەرە، نە مریشک.

یەکێکە لەو دەوڵەمەند و خاوەن موڵکە گەورانە کە لە سنە پێیان دەڵێن «ئەعیان.«

ئەم چیرۆکە ڕاست و دروست و ڕوودراوە. نە هەڵبەستە و ڕێک خراوە، نە ڕێسیاو و پێسیاوی بیر و خەیاڵە. ئەگەر هەڵەشە نەبی و پەلە نەکەی و تۆزێ بەشێنەیی بی، تا چیرۆکەکە دوایی دێ، لام وایە زۆرت بەلاوە سەیرتر دەبێ لەوەی کە بیری لێ دەکەیتەوە، وەکو من کە بەش بەحاڵی خۆم زۆرم بەلاوە سەیرترە لەوە کە هادی خان جادووگەر بوایە، یان بووبووایە بە مریشک و هێلکەی بکردایە. چونکە ئەوسا هەر ئەوەندە بوو شتێکی سەیرو سەمەرە ڕووی دەدا و نەختێکیش پێکەنینی لێ پەیدا دەبوو. بەڵام ئێستا هەر دەستی لێ مەدە. پێشەکی خۆت تووشی تووڕەیی یان خەم و خەفەت مەکە، بوێستە تا چیرۆکەکە دوایی دێ، جا بزانە چی

دەبێ، لەگەڵ چ جۆرە جانەوەرێکدا دەستەویەخە دەبی؟

سەرت نەیەشێنم، خۆشم نازانم جاری چەندەم بوو لە دەست ڕێژیمی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی ڕام دەکرد. لە کرماشان هاواڵێکم منی بەپیاوێکی باش سپارد کە بەڕێم کا. کابرا پیاوێکی باش و بەڕێز بوو، خەڵک دەســـتی قەدریان لێ دەنا. ســـەربەدەرەوە و ناســـراو بوو. کەمێکیش بە دەستەڵات بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا خاکینە و بێ فیز بوو. بەیەکەوە چووینە گـاراج، بە کابرای گارا جداری گوت: ئێمەش ڕەوتەنین. گـاراجـدار زۆر بەحورمەتەوە لە پێشـــەوەی پاسێکدا کە بۆ سنە دەچوو جێگەی بۆ داناین و ســـەبارەت بەو تا دەرگەی گاراجەکەش بەڕێی کردین.

کەوتینە ڕێ و لە شار دەرچووین. من کە لە دڵی خۆمـدا زۆرم ترس لەوە بوو کە پێم بزانن، نەختێ هاتمەوە سەر خۆم، پشوویەکم هاتەوە بەر. هێندێکی تر ڕۆیشـــتین. کە تەماشـــام کرد هۆدەیەک لەســـەر چەقی ڕێگەیەکەیە. لەبەر ئـاڵۆز و بڵۆزیی خۆم و وتوویرەی تێکەڵ و پێکەڵ نەمتوانی بەهیچی تێ بگەم. هێشتا تەواو نەگەیشـــتبووینە حـاســـتی هۆدەکە کتوپڕ کـابرایەکی دەم چەقەڵەی ڕەنـگ تریـاکی و

ژانــدارمەیەکی مـل بــاریکی لەڕ و لاواز کە بە کــاســــکێتە زلەکەی ســــەری و بەژن و بــاڵای ڕەقەڵیدا وەک قارچکە گوڵانە دەچوو، هاتن و پێشی پاسەکەیان گرت. من لەبەر خۆمەوە گوتم یاخوا خێر بێت، لە ئاگر ڕزگار بووین بەســـەر ماردا کەوتین. کابرای هاوڕێم چاوێکی لێ کردم و سووکێک گوتی: هیچ نییە.

ترومبێلچی دەرگەی پاســـەکەی کردەوە. کابرای دەم چەقەڵ بەفیزێکەوە هــاتە ســـەرێ، بێ ماندوونەبوونی و چاکوخۆشـــی، بە ڕوویەکی گرژ و دەم و کاوێژێکی خاووخلیچک و خەواڵوو یان خومارەوە گوتی: یائەڵڵا! بدەن، خێرا کەن.

هەرکەســــە دەری هێنــا و پێنج قرانی دایە. هــاوڕێکەی منیش لە جیــاتیی هەردووکمــان تـمەنـێـکـی دایە، بەڵام کـوڕێـکـی تـیـژکەڵەی دەمڕووتە کە بەشێوە لە چاوکراوەکانی دێهاتی ســەرجادە دەچوو، کردیە هەراوهوریا: لە کوێم بوو، نیمە، ئێمە ڕۆژی تمەنێک پەیدا ناکەین. کرێی ترومبێـل و دەڵاڵیی گەراج و فێـڵ و تەڵەکەی بەقاڵ لەوێ بوەســـتێ. ئێســـتا پێنج قران بدەین، مەشکەیەکم ماست هێنابوو ئەوەتا بەشـــی دوو ژەمم قەند و چا لێ کڕیوە، بەخوا ئیتر هیچم پێ نەماوە.

کابرای دەم چەقەڵ سـەرێکی کێشـا بۆ دەرەوەی پاسـەکە، وابزانم دەیویسـت ژاندارمەکە بانگ کات کوڕەکە دابەزێنێ و بیگرێ، بەڵام هاوڕێکەی من نازانم بەزەییی بەودا هاتەوە و پێوەندییەکی پێیەوە بوو، یـان مەترسـیی لەوە بوو کە بمانگێڕنەوە دواوە و گێرە و کێشـەیەک بۆ من سـاز بێ، ماوەی کابرای دەم چەقەڵی نەدا و خێرا گوتی: بگرە!

کابرا ئاوڕی دایەوە گورج تمەنێکی دا دەسـتی و گوتی پێنج قرانی لە جیاتیی ئەو کوڕە و ئەوی تریشـی بۆ خۆت. کابرای دەم چەقەڵ چرچ و لۆچی ناوچاوانی نەختێ لەبەریەک کشانەوە و لە خۆشییا تۆزێ دەمی داچەقا و بەنووزەیەکەوە گوتی: خوا خۆشت کا.

ئەو دابەزی و ئێمەش کەوتینە ڕێ.

کوڕە دەمڕووتەکە هاتەوە قسە و گوتی:

–هەی.. هەی!. دەوڵەت دەیەوێ بەپێنج قران پێنج قرانی ڕێبوار و هاتوچووکەران داوودەزگای خۆی بەڕێوە بەرێ! بۆ خـاتری خوا کووچە و کۆڵانی کرما شان بەمن چی؟ من پارە بۆ بدەم بە شارەوانیی کرماشان؟

هـاوڕێکەی من گوتی: کوڕم ئەم قسـانە پـار دەکران (واتە کە زەمانی مو سەدیق بوو). ئێستا

کەڵکی نییە و تووشی گرتن و ئازاردانیش دەبی. تۆزێ ئاگات لە دەمی خۆت بێ.

ئیتر بەم پێنج قرانە وەک کلیلی تەلیسم یا بیسمیللای پیاوچاکان ڕێگەمان بۆ کرایەوە و بەبێ گرێ و قۆرت، بە بەر (تاقۆسان)دا بە بەر یادگارەکەی فەرهادی قارەمانی چیرۆکی (شیرین و فەرهاد)دا ڕۆیشتین و لە (ناودەربەند) تێ پەڕین.

لە چایخانەکەی (ملە مرواری) هەرچەند ڕەمەزانیش بوو، دابەزین و لەبەر هاوڕێکەم کە لە پێشەوایانی دینی ئەژمێررا، لە قوژبنێکدا قاوەڵتیمان کرد.

هاوڕێکانیشمان، شارستانییەکانیان لە نان و چاخواردن و بۆرەپیاوەکانیشیان لە دەستنوێژ و نوێژکردن بوونەوە، سەرلەنوێ سوار بووین و کەوتینەوە ڕێ. دەتگوت پێنج قرانی تاین هێشتا پیت و بەرەکەتی هەر مابوو، بە بەر چەند ژاندرمەخانەدا ڕەت بووین هیچ گەڕوگێچەڵیان نەکردین. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ وا دیاربوو هاوڕێکەی منیش لەو ناوەدا لە پێنج قرانی گۆڕین بێ نرختر نەبوو، چونکە ئیتر هەموو کەس دەیناسی و تەنانەت ژاندارمەکانیش کە چاویان پێ دەکەوت بەدەست سڵاوێکیان لێ

دەکرد. جا نازانم لەوەپێش پێنج قرانی بەوانیش دابـوو یــان هەر بە دەوڵەمەنــدیـیەکەی وەک نووشتەی دەمبەست دەمیان ڕەق دەبوو.

پـاس بە ورەوڕ ڕێگەی خۆی دەبڕی. منیش بە دڵنیایی ســـەیری هەوراز و نشـــێو و چەم و ڕووبارانم دەکرد. هاوڕێکەشـم بە ڕواڵەت لەبەر وەرزی ڕۆژوو، لە ڕاســتیشــدا ســەبارەت بە تێرخواردن و خاوبوونەوە وەنەوزی دەدا.

ڕێبوارەکــانی تریش یەکتریــان دەدوانــد تــا گەیشــتینە چایخانەی (...) لەوێ دابەزین و بە چایچی و بە خەڵکەوە گشــتیان هاتن بە پیری هـاوڕێکەمەوە، تمەس ئەو چـایخـانەیە موڵکی ئەوە و ئەم خەڵــکەش یـا بـۆرەپـیــاو یــا دەسوپێوەندی ئەون.

تاوێک لەوێ حەســـاینەوە. لە پاشـــان ئەوان بەرەو ســـنە کەوتنە ڕێ. منیش بەرەو ئاوایی دەســـتم دا کەژ. ناشـــارەزا بووم نەمدەزانی بەکوێدا بڕۆم. دوو پیاو کەلوپەلی ماڵی کابرای هاوڕێمیان دەبردەوە و کەمێک لە پێش منەوە بوون. تۆزێ پێم هەڵگرت و گرتمنەوە. هەرچەند ئەوان کوڕی کێو و کەژ بوون، بەڵام ســەبارەت بەمە کۆڵەکانیان قورس بوو زۆر باش لەگەڵیان دەردەچووم.

له باســـک و مله‌یه‌ک ســـه‌رکه‌وتین، دێیه‌ک ده‌رکه‌وت. پرســـیم: ئه‌مه‌یه ئـــاوا یـیی (...)؟ گوتیـــان: نه‌خێر! ئه‌مه‌ی چی. ئه‌م ته‌مومژه‌ت دیوه نووچکه‌ی که‌ژه‌که‌ی داگرتووه؟ ئـــاواییی (...) وا له‌وێیه.

که‌ژه‌که زۆر به‌رز و کوورِ و زه‌ردو ما بوو. بۆم نه‌ده‌قه‌بڵا به‌رزاییی چه‌نده‌یه؟

تا له پاشـــان کابرای خاوه‌ن ئاوایی هاته‌وه، جارێک له‌ناو قساندا گوتی: حه‌وت هه‌زار پێ له بان ده‌ریاوه به‌رزه.

به شیو و ده‌ره‌یه‌کدا هه‌ڵکشاین. بۆن و به‌رامه‌ی گوڵ و گوڵزار پیاوی مه‌ســـت ده‌کرد. به په‌نای دۆڵه‌که‌وه و تا ســـه‌ری به‌نده‌ن باخ و باخات بوو. دار و دره‌خت وه‌ک دۆســـتانی به ئه‌مه‌گ و هاوبیر سه‌ریان به‌سه‌ر یه‌که‌وه نابوو، ده‌تگوت ڕاز و نیاز ده‌که‌ن به ئاڵاوواڵای ســـه‌وزه‌گه‌ڵاوه، به‌ده‌م شـــنه‌ی باوه ده‌شـــه‌کانه‌وه، ده‌تگوت به هه‌وای موزیکی خوڕه‌خوڕی ئـــاوه‌که‌وه که له لـــووتـــکه‌ی که‌ژه‌که ده‌هـــاته خـــواره‌وه، وه‌ک ده‌وڵه‌مه‌ند و خوا پێداوه‌کان، له‌ســـه‌ر شـــانۆی کابارییه‌کان ســـه‌ما ده‌که‌ن و ئاگایان له ده‌رد و مه‌رگی که‌س نییه.

ئەم دیمەنە بۆ من، بە تایبەتی دوای ماوەیەک زینـدان، ئەوەنــدە جوان و خەمڕەوێن بوو، بەرزیی کەژەکە و شــەکەت و ماندوویی خۆمی لە بیر بردبوومەوە. بەکاوەخۆ تێ هەڵدەگەڕاین تا دەمادەمی خۆراوا گەیشتینە ئاوایی.(...)

دوای چەند ڕۆژێک کوڕێکی ســنەییش کە خزمی خانەخوێکەم بوو، بە ناوی ســەردانەوە هاتە ئەوێ. کوڕێکی خوێندەوار و وریا بوو. وابزانم ئەویش وەک ما سی لە تاوی ڕاوکەران قوڵاخەی دابـوو. بەڕۆژ لەبەر هــاتـوچـۆی ژانــدارمە و چەرچی و وردەواڵەفرۆش کە پتریان بە پۆلیسی نهێنی دەزانران، دەچووینە بــاخێکی دوور لە ئاوایی.

بــاخەکە لە جێگەیە کی ئێجگــار خۆشـــــدا هەڵکەوتبوو. هەرچەند گێلاس و قەیســی نزیک پێگەیشـتن بوون، هێشـتا لە سـەرووی ئەوێوە، بە نووچکەی کەژە بەرزەکەی پشـتیەوە، ڕنووی بەفر دەدرەوشـــــایەوە. لەوێ بۆم دەرکەوت ئەو ئــاوەی بەنــاو بــاخەکــانی خوارەوەدا هــاژەی دەکرد، سەرچاوەی لای ئەو ڕنووانەیە و لەگەڵ بەفراوەکەیـــان تێکەڵ دەبێ. بۆیە بە ڕۆژ هەر هاژەی دێت و بە شەو کە بەفراو دەیبەستێ کەم و هێدی دەبێتەوە.

لەم بـاخەدا کۆمەڵێ کرێکـاری لەڕ و لاواز و ڕووتەڵە قوڕەکارییان دەکرد.

خەریک بوون خـانوویەک بۆ خـاوەن بـاخەکە دروســت کەن. نیوەڕۆیان ســەرو ســێ نانیان دەدانێ. هێندێ ڕۆژ دۆشـــی لەگەڵ دەبوو. لە ئەوڕەحمانی باخەوانم پرســـی: ئەمانە کرێیان چەندەیە؟ گوتی: ڕۆژی تمەنێک. گوتم: جا چۆن بەم ڕۆژە درێژانە بە تمەنێک کار دەکەن؟ گوتی: هاهوو! ئەمە کار و کاسـبییان ڕەنێوهێنانی ئەم بـاخەیە. ئەگەر ســـالێـک تەرزە و گلێرە درەختەکانیان بکوتێ، هیچیان نییە پێی بژین. پـارەکە نەهـاتیـان بوو، زســـتـان پـارەیـان وەرگرتووە لەپێی کـاری هـاویـنـدا ڕۆژی بە تمەنێک و خۆیان پێ خستووەتە بەهار. ئێستا بۆیە بەوەنـدە کـار دەکەن. ئەم ســـێ نـانەی دەشیاندرێتێ پیاوەتییە!

ئەوڕەحمـان کە نیوەڕۆیـان دەچووەوە ئـاوایی نـان بۆ کرێکـارەکـان بێنێ، ئێمەش پـارەمـان دەدایە شتێکمان بۆ بکڕێ. ڕۆژێ لەو ڕۆژانە دوو تمەنمـان دایە هێلکەمان بۆ بکڕێ. ئەوڕەحمـان هـاتەوە، نـانی لە کرێکـارەکـان دابەش کرد و سـەرکەوت بۆ لای ئێمە. هێشـتا چەند هەنگاوی مابوو بگاتە لامان گوتی:

نان و ڕۆنم لە ماڵی ئاغا هێنا و بابیی دوو تمەنەکەش هێلکەم بۆ هاوردوون، بەڵام چ هێلکە؟ هێلکەی هادی خانی!

لە کوڕە سنەیییەکەم پرسی: هێلکەی هادی خانی چییە؟ گوتی: بەخوا بێژم چە!

ئەوڕەحمان هاتە پێشەوە شتومەکەکەی دانا. ئاگری کردەوە و چای لێ نا و هێلکەوڕۆنێکی باشی کرد و هەرسێکمان دەستمان بە خواردنی کرد. لەسەر نانخواردن لە ئەوڕەحمانم پرسی: هێلکەی هادی خانی چۆنە؟ گوتی: ئەی چاوت پێیان نەکەوت چەند درشت و گەورە بوون؟ هۆوەتا بڕوانە تێکوڵەکەیان.

گوتم: بۆچی ئەوڕەحمان ئێوە بە هێلکەی گەورە دەڵێن هادی خانی؟ گوتی:

بەڵێ، لەم چەمی (گاوەرۆ)یەدا وا دەڵێین. ئەمە حیکایەتی هەس. گوتم: ئادەی حیکایەتەکەمان بۆ بگێڕەوە.

ئەوڕەحمان کە کوڕێکی ساویلکە و دەم بەپێکەنین بوو، بزەیەکی گرت و دەستی پێ کرد و گوتی: لەو شیوەی ئەودیومانەوە لە داوێنی عەودالان دێیەکی ئاوەدان و گەورەی لێیە نێزیکەی دوو سەد ماڵ دەبێ ناوی (نشوور)ە.

ئەم دێیە جگە لە باخاتی زۆر کێڵگەی فرەشـــی هەیە و ئاووهەواشی گەلێ سازگارە.

هادی خانی خاوەنی، سەرەڕای گشت مڵکەکانی، خانوویەکی خۆشـــی لەوێ دروســـت کردووە هاوینان دوو ســـێ مانگ بە خاووخێزانەوە بۆ ڕابواردن دێتە ئەوێ. پیـاوێکی فرە لەچەر و چنۆکە لە پیـاوی دەوڵەت بەولاوە مشـــکیش چێشکەی نانی ناکا.

خەڵکی نشـــوور ئەوانەی جووتبەنـدن وەک دێهاتی تر خەرج و پیتاک و پووشـانە و ڕۆنانە و کاوڕانە و خورییانە و moوانە و فڕووجانە و بـێگـارانەی خـۆیـان دەدەن. دەغـڵ و دان و شیناوەردیش ئەوە دیارە کە نیوەیی و سێیەکە.

باخەکانیشیان لەم ساڵانەدا بەهۆی تاپۆوە لێ کراوەتە نیوەیی. ئەوانەی ڕەشـاییشـن دیسـان وەکو هەندەران مانگی ســـێ ڕۆژ بێگار دەکەن. ئەگەر ئـاژەڵیشـــیـان ببێـت، ئەوا ڕۆنـانە و پووشانە و کاوڕانە و خورییانەش دەدەن.

بەڵام هادی خان زیاد لە گشـت شـوێنێک بەپێی ئەژمارە بۆ گشت مامرێکی سەرە پازدە هێلکە لە ڕەشاییەکان دەسێنێ.

کە هادی خان ماڵی دێتە نشوور، گزیر دەکەوێتە ناو ئاوایی مامرەکان چاوئەژمێر دەکا، سیاییی

دەگرێ و دەیبا بۆ ئاغا. لە پاشان دەنگیان دەدا هەرکەس چەندی هێلکانە لە پێدایە بیبات. ڕەشاییەکان کە ڕەنجبەر و وەرزێری جووتبەندەکانن، خۆیان لە دەشت خەریکی کارن. ژن و منداڵیان زەمبیلە هێلکە هەڵدەگرن و دەیبەن بۆ ماڵی هادی خان. هادی خان بۆ ئەندازەگرتنی هێلکەکان کونێکی خڕی کردووەتە تەختەیەک. خزمەتکارەکەی تەختەکە دەگرێ بەدەستەوە و لە بەرچاوی هادی خان هێلکەکانی پێ ئەندازە دەگرێ، هەر هێلکەیەک بە کونەکەوە نەچوو وەری دەگرێ و ئەوەی بە کونەکەشەوە نەوێستا نایەوێ. خاوەنەکەی ناچارە بیبا بیگۆڕێتەوە بەهێلکەی قەڵەو. جا سەبارەت بەمە هێلکەی گەورە لەم ناوەدا ناوبانگی کردووە بەهێلکەی هادی خانی.

گوتم: ئەورەحمان جا بۆ دەیدەن؟ کەی ئەمە لە قانووندا هەیە؟

گوتی: تۆ ئێژی چە؟ ئەی نایدەین چ دەکەین؟ هادی خان ئەعیانە و ماڵی لە شارە و هەر خۆی حەساوە. ژاندارمە دەنێرێتە سەرمان بە شەق ورگمان دەدڕن.

-جا ئێوەش هەمووتان قســـەی خۆتان بکەنە یەک و لە هادی خانیش و لە ژاندارمەکانیش لای دەوڵەت شکات بکەن.

-بەڵێ لە زەمانی دوکتۆر موسـەدیقدا ئەمەمان کرد و تەنانەت من خۆم ئێســتا ئاوارەی ئەوەم: دایکم هێلکانەی بردبوو بۆ ماڵی هادی خان، هێلکەکان بە کونی تەختەکەوە نەوێســـتابوون، کابرای خزمەتکار هەموو هێلکەکانی دابوو بە ســـەرە ســـپییەکەی دایکمدا. ئێوارە کە لە ئیش هاتمەوە ســـەری شـۆردبوو، باســـی هیچیشـــی نەکرد تـــا من تووشـــــی گێچەڵ نەبم، بەڵام دراوســـێکان بۆ یان گێڕامەوە. منیش هەر بەو شـــەکەتی و ماندوویییەوە دەســـتم دا داس و چوومە مـالّی هـادی خـان تـا وەک کەمـا ملی هەڵبڕم، خواوڕاســتان چووبوو بۆ ســـنە و لە جیاتیی ئەو کابرای خزمەتکارم بەر پەل کەوت داخی هادی خانیشم بەو ڕشت و هەتا جووڵاوە لێم دا و لە دوو ســێ لاوە ســـەرم شـکاند. ئیتر دنیا وەک ماســـتی مەییوی لێ هات و باســـی هێلکە لەو ناوەدا نەما تا دەوری موسەدیق تێک چوو.

دیسان سەرلەنوێ هادی خان لە جاران خراپتر زەبروزەنگی دەست پێ کردەوە و ژاندارمەی هێنا کە من بگرێ. منیش بۆی دەرچووم و ئەوەتـا

لێره باخەوانم. بەڵام برا بچووکەکەمیان بەردەست کەوت و گرتیان، ئێستا وا لە کرماشان لە زینداندایه، ها نەبوو کە ئێوە هاتن منیش لە پاسەکەدا بووم و قرەم لە تەک کابرای دەم چەقەڵدا کرد، ئەوە چووبوومە کرماشان سەری براکەم دابوو.

-ئەورەحمان، تۆ ئەوسا گوتت ماستم هێناوه بیفرۆشم.

-ئەی چە؟ بێژم ئەورەحمانم و بمگرن! بەخوا هەر ئەوەندە بوو ماستم نەبردبووە فرۆشتن، ئەگینا گشت قسەکانی ترم ڕاست بوو. ئەوسا کە ماستم دەبردە فرۆشتن، ئەوانەم گشت بەسەر دەهات.

-ئەورەحمان، وەرزێر خۆی بەربەرەکانێی خان و بەگ و ژاندرمەی پێ ناکرێ. لەگەڵ ڕۆشنبیر و زەحمەتکێشەکانی شارستان ڕێک کەون، ئەوان خوێندەوارن و باشتر ڕێگەی کار دەزانن، با شارەزاییتان بکەن.

-ئا ئەمە خۆشه. نەخوێندەوار وەک کوێر وایه چوزانێ چ بکا؟ ئیستە ئێمە شارەوشار بەدوای ئەوا ندا بگەڕێین، یان ئەوان دەبێ بێن و ئێمە تێ بگەیێنن؟

خۆ هیچ نەبێ نانێکیان لە بەروبووی ڕەنجەکەی ئێمە خواردووە؟

-ئەوڕەحمان قسەی تۆیە، بەڵام پەلە مەکە با ئەوانیش خۆیان تەواو پێ بگەیەنن، جا ئێوەش شارەزایی دەکەن.

-سا وەڵڵا ئێمەش لە تای تەوراس ئامادەترین. بگرە بە هەموو لایەکمان پیرێژن و مامر و هێلکە لەم پەند و مەخسەرەیە ڕزگار بکەین.

## قورئان خوێندن لە جیاتیی پارەی بەرتیل

پێش شـــەڕی دووهەمی جیهانی بوو، ڕۆژێک سـەعاتی هەشـتی بەیانی، گرووهبان ڕەزائی، سەرۆکی پاسگەی ژاندارمەی بۆکان هاتە دایرە، چووە هۆدەی کارەکەی، لە پشـــت مێزەکەی دانیشـــت، باوێشـــکێکی دا و جگەرەیەکی داگیرســـاند. دەســـتێکی دابووە بەرچەناگەی، بەدەستەکەی تریشی جاروبار جگەرەکەی دەنا بە لێویەوە و مژێکی تونـدی لێ دەدا. دەمی دەکردەوە و دووکەڵەکە لەسـەرخۆ قەف قەف لە دەمی دەهاتە دەرێ. لەســـەر مێزەکەوە بۆ لای میچی هۆدەکە خەتێکی مـارپێچیی دەکێشـــا. دەتگوت کلۆ خەڵووزێکی نەســـووتـاوە لەنـاو مەنقەڵی زستانی ماڵە فەقیرێکدا دووکەڵ دەکا و لە تاوی سـەرما دەرگە یا پەنجەرە ناکەنەوە و بە دووکەڵەکە ڕازین.

لە ڕاستیدا دووکەڵەکە دووکەڵی عادەتیی جگەرە نەبوو، بۆچڕووکیشـــی لێ دەهـات. کەســـێ ناشـارەزا بوایە وای دەزانی پاشـماوە دووکەڵی تریـاکی شـــەو لە کەلێن و قوژبنی ورگیـدا ماوەتەوە و ئێســـتا تێکەڵ دووکەڵی جگەرەکە دەبێ و دێتە دەرێ. بەڵام نەخێر، بۆچڕووکی جەرگ و هەنـاوی بوو، ئـاگر لە دەروونی بەربووبوو، خەم و خەفەت یا باشـــتر بڵێین

ترس و خۆف ئـارامی لێ هەڵگرتبوو، پەیتـا پەیتـا بـاوێشـکی دەدا. وا دیـاربوو شـەو نەخەوتبوو، ئێستاش بەیارمەتیی جگەرەکێشان پەرۆش و پەژارەی شەوێ لە مێشکیدا لە بێژینگ و هـێـڵەک دەدا. دوای وتـوویـرەیەکـی زۆر بەدەنگێکی سـەرۆکـانە نـا، بەدەنگێکی لە عادەتییش نەرمتر بانگی کرد:

-حوسێن قولی!

حوسـێن قولی، کە لە هەموو ژانـدارمەکـان دەمڕاسـتتر و بەگوڕ و گێچەڵتر بوو، هـاتە ژوورەوە و تەق هەردوو لاقی لەیەک دا. دەسـتی ڕاسـتی تا بناگوێی بەرز کردەوە و بەدەسـتی لە بناگوێ نراو و بەورگی ئاوسـاویەوە دەتگوت کووپەی ترخێنەیە.

ڕەزائی: چەندی مانگە؟

حوسێن قولی: بیست و سێی مانگە.

ڕەزائی، هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا و لەبەر خۆیەوە گوتی: یانی حەوتوویەکی ماوە. ئەمجار ڕووی کردە حوسێن قولی:

-ئەم مانگە وەزعەکەمان زۆر شـپرزەیە. ئەگەر مەعاشـەکەی خۆشـم و ئێوەشـی بخەمە سـەر دەری ناهێنێ. پێنج سـەد تمەن لە کوێ بێنم؟

بەڕاســـتی بۆ ئێرە پێنج ســـەد تمەن زۆرە، بەتایبەتی لە بەهاردا، کە خەڵکەکە خۆشـــیان حـــاســـڵی پـــارەکەیـــان تەواو بووە و هیی ئەمســـاڵیشـــیان پێ نەگەیشـــتووە، بەو کەژ و کێوانەدا بڵاو بوونەتەوە و خەریکی کـــار و کاسبین. نە شکات و شکاتکاری هەیە و نە کێشە و هەرا.

حوســـێن قولی: دەی جا با ئەم مانگە هێندێک قەرزار بین، لە پاشان دەیدەین.

ڕەزائی: شـــتێکی ســـەیرە! تۆ چەند ســـاڵە ژاندارمی، کەچی ئێســـتا قســـەی ئاوا دەکەی! مەگەر نازانی سەرهەنگ ئەم جۆرە قسانەی بە گوێچکەدا ناچێ؟

شـــتی وای پێ بگوترێ دەســـبەجێ هەموومان دەگوێزێتەوە. لەوانەیە گێچەڵێکیشمان بۆ ساز بکا. ئەگەر شتومەکی خۆشمان فرۆشتبێ، دەبێ پـــارەکەی بۆ تەواو کەین. بەڵام ئەو قەرزەی دەیڵێی دەتوانین لەگەڵ خۆمـانی بکەین، یـانی ئەم مانگە هەر تەنیا بە مەعاشـــەکەمان بژین، وە لە پاشان تێی هەڵبێنینەوە.

حوســـێن قولی: بەڵێ، بەڵێ، تێ گەیشـــتم، ئێستا پووڵەکەی سەرهەنگ چەندی کەمە؟

ڕەزائی: دوو سەد تمەن.

حوسێن قولی: خوا سەلامەتت کا، دوو سەد تمەن ئەوەی دەوێ؟

مەئمووریەتێک بدە بەمن، مەئمووریەتێکیش بدە بە ڕەجەب قولی، پووڵەکەی سەرهەنگیش تەواو دەکەین و هێندێکیش بۆ ئێوە دەمێنێتەوە.

ڕەزائی: ئەوەی دەمێنێتەوە بێ ئێوە نایخۆم، بەڵام لە حەوتوویەکدا ئەوە دەکرێ؟

حوسێن قولی: بۆچی ناکرێ؟ چارە نییە. ئێمە کە بووینەتە پیاوی دەوڵەت دەبێ زەحمەت بکێشین.

ڕەزائی: ئەوەندەی سەر دەهێنم و دەبەم، ئێستا مەئمورییەتێکی وا نییە کە ئەو هەموو دێهاتەی پێوە بگەڕێی. تەنیا دەوسیەی مازادی پارەکە هەیە، ئەویش ئێستا بەم بەهارە مازادی چی؟ ئەگەر کارەکە زل بێتەوە و بگاتە شکات و هاتوهاوار، تووشی مەینەتێکی زۆر دێین.

حوسێن قولی: نەخێر، نایەڵم بگاتە شکات و شتی وا، خۆم دەزانم چ دەکەم. تۆ بۆم بنووسە.

ڕەزائی، دەوسیەی مازادی پارەکە دەردەهێنێ و دەڵێ: بۆکان چوار بلووکی هەیە: تورجان، یەڵتەمر، یەختەچی، بەهێ. بە هەموویانەوە دوو سەد و چل دێن.

حو سێن قولی قسەی ڕەزائیی بڕی و گوتی: نا، نا، تورجان و یەڵتەمر، ڕووتە و پووتەن. وا بەپەلە هیچیـان لێ هەڵنـاوەرێ. من بنێرە بۆ یەختەچی.

ڕەجەب قولیش بۆ بەهێ.

ڕەزائی بیرێکی کردەوە، دەســـتی دا قەڵەم و نووسی:

»ژاندارم، حو سێن قولی! پێویـستە بچیتە سەر خـاوەن مڵکەکـانی بلووکی یەختەچی. هەرکەس مازادی پارەکەی لەسەر ماوە دەسبەجێ پێی بار بکەی و بینێری بۆ مەهاباد. ئەگەر بڕوبیانووی هێناوە بیهێنی بۆ ئێرە.«

حوســـێن قولی دوو ژانـدارمی لەگەڵ خۆی هەڵگرت، تفەنگیان کردە شـانیان و سوار بوون ڕۆیشـــتن. دەیزانی کوێ بژوێنە و کوێ کڕێنە. خــۆی لە خــاوەن مــڵـکە گەورەکــانــی کە دۆستایەتییان لەگەڵ سەرلەشکر و سەرهەنگ و شــتی وا هەبوو بوارد، ڕووی کردە خاوەن مڵکە ناوەنجییەکان. ئەوەی مازادی لەســـەر مابوو ١٥–٢٠ تمەنی لێ ئەســـتاند. ئەوەی لەســـەری نەمابوو دەیگوت ناوت لەگەڵ ئەوانە هاتووە کە نەیانداوە. بچۆرە بۆکان لای ســەرۆکی ژاندارم، بەشکم لەوێ ڕوون بێتەوە کە داوتە یان نا.

ئەملا، ئەولا، ئـاخرەكەی بە ٥-٦ تمەن وازی دەهێنا كە ئەو سەفەرەی وەبەر نەخا.

حوسـێن قولی بە ٤-٥ ڕۆژ دوو سـەد تمەنی كۆ كردبووەوە. كەوتبووە كڕوكاشی زیادی. نێزیک نیوەڕۆ بوو گەیشتە گوندی (كانی تۆمار). لەوێ نیوەڕۆژی كرد و سـەید حەسـەنی خاوەن مڵكی ئـاواییيەكەی هەڵپێچـا كە بینێرێ بۆ بۆكـان. سەید حەسەن لە كەمەوە و حوسێن قولییش لە زۆرەوە دەسـتیان كرد بەسـەودا. لە دوای چەنە لێدانێكی زۆر لەســەر دە تمەن ڕێـک كەوتن. حوســێن قولی دە تمەنەكەی وەرگرت و بەرەو (حاجی كەند) كەوتە ڕێ.

ئێوارە گەیشــتە حاجی كەند. حەســەن ئاغای حاجی كەند لە دیواخان لەگەڵ چەند كەســی میوان دانیشــتبوو. كە لە دوورەوە چـاوی بە ژاندارمەكان كەوت، دەسبەجێ میرزای بانگ كرد و گوتی: بچۆ، بەهەر جۆرێک بێ كارێكی وا بكە بڕۆن، با نەبنە مووی لووت لە میوانەكان.

میرزا بە پیریـانەوە چوو، دەســتی كرد بەســەوداكردن لەگەڵیان كە ئەو شــەوەیان لێ بكڕێتەوە. چەنـدەیـان بـداتێ لەوێ دانەبەزن و بچنە دێیەكی تر.

حوسێن قولی لە بیست تمەنەوە و میرزاش لە پێنج تمەنەوە دەستیان پێ کرد.

ئەو تمەن تمەن دەهاتە خوارێ، ئەمیش تمەن تمەن دەچووە سەرێ. حوسێن قولی لە دوازدە تمەن پێی چەقاند. میرزا کە دیتی ئیتر فایدەی نییە نایەتە خوارەوە، دوازدە تمەنی دایە. حوسێن قولی وەری گرت و نایە باخەڵی، ڕکێفی لێ دا و بەرەو (دارەگردەڵە) کەوتە ڕێ.

کە گەیشتە ئەوێ ڕۆژ ئاوابوو. لە ماڵی مامە عەلی دابەزی. هەرچەندە دارەگردەڵە کوێرەدێیەک بوو، مامە عەلییش دەرک و دیواخانێکی وای نەبوو جێگەی حەسانەوە بێ، بەڵام شەو داهاتبوو، ژاندارمیش دەستی شەوی نییە، ناچار بوو لەوێ بمێنێتەوە.

سبەینێ حوسێن قولی لە خەو هەڵستا. بە بەرماڵەکاندا ڕۆیشت، بچێتە سەر حەوز و ئاوەکە دەموچاوی بشوا. گەیشتە بەردەرگەی ماڵێک دەنگی قورئان خوێندن دەهات. لەوێ ڕاوێستا. بیری کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:

ئەمە هەرکەس هەیە، یان مەلایەک، یان حاجییەک، سەیدێک، شتێکی وایە.

دەبێ شەپکەشی لە سەردا نەبێ. کەوایە شتێکی لێ هەڵدەوەرێ.

فیکرەکەی بە شـێوە و ڕەوشـتی ژاندارمە ڕاسـت بوو، چونکە دەوڵەت قانوونێکی دانابوو دەبوو هەموو کەس چاکەت و پانتۆڵ لەبەر کا و شەپکە لە ســـەر نێ. جلوبەرگی کوردی، کە بەرگی میللیی کوردەکـان بوو. قەدەغە بوو، هەرکەس لەبەریدا بوایە، بەپێی ئەو قانوونە تووشـــی گێچەڵێکی زۆر دەهات.

حوســـێن قولی بێ پرس و ڕا چووە ژوورەوە. مەلا کەریم کە پیاوێکی پیر و ڕیش سپی و مەلای ئاوایی بوو، بەیانی نوێژی کردبوو، هێشـــتا لەســـەر بەرماڵەکە بەرەو قیبلە دانیشـــتبوو قورئانی دەخوێند. پوورە مەنیجی ژنیشـی چای لێ نابوو، بە دیاریەوە دانیشـتبوو، تا مەلا لە قورئان خوێندن دەبێتەوە.

مەلا کەریم کە دیتی بەم بەیـانییە لە جیـاتی خێروبێر ئەو بەڵایەی لێ پەیدا بووە، ســـپی هەڵگەڕا و قورئان خوێندنەکەی لێ تێک چوو، بەخێرهاتنی حوســـێن قولیی کرد و بە مەلاژنی گوت چای تێ کا.

حوســـێن قولی بە نیوە کوردی و نیوە تورکی گوتی: چـای نـاخۆمەوە، دەچمە مـاڵی مـامە عەلی. خێرا خۆت ساز کە، دەبێ بێی بۆ بۆکان.

مەلا: من لە ڕێی هیچدا نیم، کارم بە چاک و خراپی دنیـا نییە، پیر و پەککەوتووم، بۆچی بێم بۆ بۆکان؟

حوســـێن قولی: گوێ نادەیە قانوونی دەوڵەت. نە شـــەپکەت لە ســـەرە، نە چاکەت و پانتۆڵت لەبەرە. مەگەر ئەمە بێ قانوونی نییە؟

حەمەشـــەریف دراوســـێی مەلا کە چاوی لێ بوو ژانـدارم چووە مـاڵی مەلا، دەســـبەجێ هـات بەشکەم بەهەر جۆرێک بێ مەلا لە چنگ ژاندارم ڕزگار کا.

حەمەشەریف ڕووی کردە حوسێن قولی:

-کوڕە عەیبە، چیت لەم پیاوە دەوێ! ئەمە لە کوێ بڕ دەکا بێتە بۆکان؟

وازی لێ بێنە. ئینساف شتێکی باشە.

حوســێن قولی: من ئەم قســـانە نازانم، پیاوی دەوڵەتم. دەبێ فەرمانی دەوڵەت بەجێ بگەیێنم.

حەمەشـەریف حوسـێن قولیی بردە حەوشـەکە، هێندێ سـرتەی لەگەڵ کرد و هاتنەوە ژوورەوە. حەمەشەریف گوتی: بە پێنج تمەن ڕازیم کردووە واز بێنێ، بزانن پێنج تمەنەکەی بۆ پەیدا کەن.

مەلاژن کە ئافرەتێکی پیر و ڕەق و ویشـــک بوو لە ترساندا دەلەرزی.

بەزەحمەت هەستا و دەستی کرد بە پشکنینی پڕوپرێسکە، ئاخرەکەی دوو تمەنی دۆزییەوە، دایە دەست حەمەشەریف و گوتی: بەخوا لەمە زیاتر لە ماڵماندا نییە. حەمەشەریفیش گیرفانی گەڕا تاقە تمەنێکی پێ بوو، دەری هێنا و لەگەڵ دوو تمەنەکەی مەلاژن دای بە حوسێن قولی و گوتی: نیانە، هیچیان نییە، ئەوە تا بە بەرچاوی خۆتەوە من تمەنێکیان بۆ دەدەم. منیش هەر ئەوەندەم پێیە ئەگینا درێخیم نەدەکرد.

حوسێن قولی کە دیتی هیچی تریان لێ پەیدا نابێ، سێ تمەنەکەی وەرگرت و ڕووی کردە مەلا:

– مامۆستا، لەبەر خاتری قورئانەکە ئەوا وەری دەگرم. دایکم دوو سێ مانگە مردووە، لە جیاتیی دوو تمەنەکەی تر قورئان بۆ دایکم بخوێنە.

## نە دیداری حاجی، نە خەوی مزگەوت

دیسـان ئەو ڕۆژەش بردبوویانە بێگار، هەدایان پێ نەدابوو. هەر لە تاوکەوتنەوە تا ئێوارە، بە درێژاییی ڕۆژگاری بەهار ڕەتاندبوویان. کابرای گزیر سەری زمان و بنی زمانی جنێو بوو. دەمی دەتگوت چەقەنەی ئاشە پەیتا پەیتا دەینەڕاند و دەیگوڕاند.

بایز کوڕێکی وریا و لەسەرخۆ بوو. زۆر باشیش بەخۆیدا دەپەرموو، بەڵام نەیدەویست دەم بنێتە دەمی کابرایەک کە لە ترسی کار و زەحمەتکێشان بووەتە باشـماوخۆری ئاغا و ئاوا بەڕووشـەڵی بەسەر هاوماڵەکانیدا دەگوڕێنێ.

ئەو ڕۆژەش تا ئێوارە قوڕەکاریی بۆ ماڵی ئاغا کرد. ئێوارە نزیک تاو پەڕین بەدەسـت و قاچی قوڕاوییەوە هـاتە مـاڵەوە، چـارۆکەکەی کە قۆرییە تەنەکەکە و ئیسـتیکان و ژێرپیاڵەکە و نەختێ شـەکر و چای تێدا بوو، دا دەسـت ژنەکەی.

چووە سـەر کانی دەسـت و قاچی شـۆرد و هاتەوە.

خەزاڵی ژنی هێلکە و شۆرباوی لێ نابوو، بۆی تێ کرد: بایز دوو سـێ نانی تێ گوشـی. تا خەزاڵ خەریک بوو قۆرییەکە بنێتە سـەر ئاگر،

بـایز لـه برســــاندا خۆشـــی نەیزانی چۆنی تێگوشینەکە هەڵلووشی.

خەزاڵ: نەختێ چێشت ماوە، بۆت تێ کەم؟

بـایز: نــا، نــامەوێ، بۆم تێ مەکە! کیســـە تووتنەکەی دەرهێنا. ســیغارێکی پێچاوە و دای گیرســـاند. جاروبار مژێکی لێ دەدا و چاوی بڕیبووە قۆریە ڕەش و دووکەڵاوییەکەی ســـەر ئاگرەکە.

خەزاڵ زۆری پەرۆش بوو، سەرنجی بایزی دەدا. ئەو ئێوارەیە کز و مات بوو. خەزاڵ جارێک لە دڵی خۆیدا دەیگوت ڕەنگە کابرای گزیر بەگژیدا چووبێ. جارێکیش دەیگوت بەم ڕۆژگارە درێژە قوڕەکاریی کردووە، شـەکەت و ماندووە. نیازی بوو لێی بپرسێ، بەڵام پەشیمان بووەوە، گوتی هەرچییەک هەیە با هەر نەیخەمەوە بیری.

چایەکە پێ گەیشـــت. خەزاڵ پیاڵەیەکی بۆ تێ کرد و بە زەردخەنەیەکەوە بۆی دانــا گوتی: چایەکی جوانە، باشی دەم کێشاوە، بیخۆوە با بۆت تێ کەمەوە، بەشکم ماندووت بحەسێتەوە.

بــایز لەبەر وتوویرەی خۆی نەیپرژا ســـەر دڵسـۆزیی خەزاڵ. پیاڵەکەی هەڵگرت و دەسـتی کرد بەخواردنەوەی چــایەکە. تــامی چــایەکە سەرنجی بۆ لای قسەکەی خەزاڵ ڕاکێشا، گوتی

دەستت خۆش بێ، ڕاست دەکەی، بۆم تێ کەوە با بحەسێمەوە!

خەزاڵ بۆی تێ کردەوە. بایز دەتگوت بەربانگی ڕەمەزان دەکاتەوە، سیغارێکی تریشی پێچاوە، دای گیرساند، وەکو لە بیرکردنەوەکەیدا گەیشتبێتە بڕیاری ئاخری، مژێکی قایمی لە سیغارەکەی دا، بە بزەیەکی ساردەوە گوتی: خەزاڵ! ئەم دێیە بەکاری ئێمە نایەت. بە بێگار دەمانپڕووکێنن، نایەڵن کار و کاسبییەک بۆ خۆمان بکەین. وا چاکە سەری خۆمان هەڵگرین و بڕۆین.

خەزاڵ: جا باشە، نیازی کوێت هەیە؟ بچینە هەر کوێیەک هەر وایە. ئاغا و کوێخا و گزیر، قڕیان تێ کەوێ، لە هەموو دێیەک هەن.

بایز: ئەوە دەڵێی چی؟ من لە داخی ئەمانە سەری خۆم هەڵدەگرم. چ ناکەم دەچمە جێگەیەک هەر ڕۆژە نارۆژێ گزیر بێت و دەنگم دا بۆ بێگار؟

خەزاڵ: ئەی کەوایە دەچییە کوێ؟

بایز: دەچینە سابڵاخ.

خەزاڵ: کوڕە، بایز! ئەمە چ خەیاڵێکە کەوتووەتە سەرت؟ ئێمە لە سابڵاخ چۆن بەڕێ دەچین؟!

بایز: بۆچی بەڕێ ناچین؟ ئەم قوڕەکارییەی لێرە بە بێگار دەیکەین، لەوێ بیکەین گەلێ باشتر بەڕێ دەچین. ئێستا جارێ نە منداڵمان هەیە و نە هیچ.

تاقە دوو سەرخێزانین. ئەگەر کار بۆ خۆمان بکەین، بەڕێچوونی دوو سەرخێزان هەر پەیدا دەبێ. ئەوەتا لێرە ئەمە حاڵمانە، سەرەڕای بێگارەکە دایک و باوکیشمان لە چاڵ دەردێنن.

خەزاڵ: باشە، چۆنت پێ خۆشە، وا بکە.

نەختێ شڕەوپڕە و قاپ و قاچاخیان بوو، کۆیان کردەوە و ڕۆیشتن. چوونە سابڵاخ، لە گەڕەکی (بەرداشە کۆن) هۆدەیەکیان بەکرێ گرت و دانیشتن. بایز هەموو ڕۆژێ دەچووە کرێکاری. ژیانیان لە چاو ئەو وەختە کە لە (کێچ ئاوا) بوون گەلێ باشتر بوو. وردە وردە نەختێ پووڵیان پاشەکەوت کرد. بایز لە دێهاتی (شارویران) شارەزا بوو. ئەم ماوەیەش لە سابڵاخ نەختێ چاوی کرابووەو ە، دەستی کرد بە هاتوچووی لادێ، هێلکە و مریشک و ڕۆن و پەنیر و میوە و سەوزی و شتی وای دەکڕی،

دەیهێنا سابلاخ دەیفرۆشتەوە. تا ئاخرەکەی دووکانێکی بەکرێ گرت و بووە دووکاندار. ئەمجار خانوویەکی سەربەخۆشی گرت.

کوڕێکی سەرڕاست بوو، فڕوفێڵی لە کڕیارەکان نەدەکرد. زۆری پێ نەچوو ئاشنا و ڕۆشنایەکی زۆری پەیدا کرد. خەڵکی کێچ ئاوا و ئەو دەوروبەرە سەودا و مامەڵەیان لای بایز بوو. خزم و دۆست و برادەرەکانی کە دەهاتنە شار لای ئەو میوان دەبوون. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا دوو منداڵیشیان بووبوو. ئیتر خانووەکە بچووک بوو جێگەیان نەدەبووەوە. لەگەڵ خەزاڵ تەگبیریان کرد خانوویەک بکڕن.

بایز کەوتە پرسیار و دەلالی ڕاسپارد، خانوویەکی لە گەڕەکی (قولەقەبران) دۆزییەوە و کڕی. ئەمجار بەجارێک حەساوە.

تێکەڵیی ئاشناکان و دراوسێکانی کاری کردە بایز و لەگەڵیان چووە ماڵی شێخ بوو بەسۆفی. لە بایز کێچ ئاواییەوە بووە سۆفی بایز. هەموو شەوێ پێش مەلا بانگدان دەچووە مزگەوت، جەماعەت و خەتمی دەکرد.

لە ڕۆژی هەوەڵەوە کە ماڵی چووە ئەو گەڕەکە، گەلێ بەیانی کە دەچووە مزگەوت، حاجی ڕەحیم لە پێش ئەودا لەوێ بوو. لە دڵی خۆیدا

دەیگوت ئەم حاجییە چەندە پیاوێکی بەدینە. وا دیارە شەو کە دەخەوێ هەر بەخەیاڵی جەماعەت و خەتمەوەیە. وردە وردە لەگەڵ حاجی ڕەحیم بوو بەئاشـــنا. تا بانگ دەدرا و مەلا دەهات حـاجی نەقـڵ و حیکـایەتی بۆ ســـۆفی بـایز دەگێڕاوە.

قسـەکانی حاجی زیاتر لەبارەی سـەفەری حەج بوو. ســـۆفی بـایز خەیـاڵی حەج کەوتبووە ســەری. جار لەگەڵ جار قســەکانی حاجیی پتر پێ خۆش بوو.

شـــەوێکیان حاجی گوتی: ســـۆفی بایز! وەکو بیســــتوومە میوان و هــاتوچووکەوت زۆرە. منداڵیشت هەیە.

بایز: لە ســایەی خوا و هیمەتی شــێخەوە دوو خوڵامی تۆم هەن.

حاجی: ئەی ئافرەت، کێت لەماڵدا هەیە میوانت بۆ بەڕێ بکات و منداڵیشت بۆ بەخێو بکا؟

بایز: وەڵڵا هەر دایکی منداڵان.

حاجی: سۆفی بایز، تۆ پیاوێکی لە خواترسی، چۆن ئەم زوڵمە لەو ئافرەتە دەکەی؟

بایز: حاجی گیان! چ بکەم خۆم دایک و خو شکم نییە. ژنەکەشم کەسی نییە. دەنا دەزانم ئەو ئافرەتە زۆر ماندوو دەبێ، بەڵام چار چییە؟

حاجی: چۆن چار چییە؟ شەرعی خوا و پێغەمبەر ڕێگەی داوە ژنێکی تر بێنە. هەم سونەتە و هەم ماڵەکەشت بەڕێوە دەبەن. هەزار نەخۆشی و سەرئێشە هەیە. یەکیان نەخۆش دەبێ، ئەوی تریان ئاگای لە منداڵەکانت دەبێ و میوانیشت بۆ بەڕێ دەکا، یەکیان دووگیان دەبێ، ئەوەی تریان کار دەکا. خۆ شوکر حاڵیشت باشە، لەسەر بەڕێ چوون پەکت ناکەوێ.

بایز: فەرمایشتەکەت جوانە، بەڵام خێزانەکەم ئافرەتێکی زۆر باشە، زۆری کوێرەوەری لەگەڵ من دیوە، دڵم نایە دڵی بشکێنم.

حاجی: بێ قەزا بی، ئەو هەموو پیاوەی دوو ژن و سێ ژنیان هەیە. خۆ هەموویان ژنە هەوەڵەکەیان خراپ نەبووە، کەچی ژنی تریشیان هێناوە.

بایز ئەم خەیاڵە لە مێشکیدا جێگیر بوو، بیری کردەوە ئافرەتێکی وا بدۆزێتەوە لەگەڵ ژنەکەشی بسازێ و بەکاری ماڵەکەشی بێ. دوای چەند ڕۆژ بیرکردنەوە ئاخرەکەی بڕیاری دا، لە حاجی ڕەحیمی پرسی: ئەو شەوە

تەگبیرێکی باشـــت بۆ من کرد، تۆ خۆ خۆت خەڵکی گەڕەکی، داخۆ ئافرەتێکی باش ناناسی؟

حاجی: چۆن ناناسم؟ زێبای کچی حاجی کەریمی خۆمان. تەواوی ئەم شـارە بپشـکنی ئافرەتی وا نـادۆزیـیەوە. حـاجـی کەریـم بـنەمـاڵە و پیاوماقووڵی گەڕەکە. پیاوێکی سەربەدەرەوەیە، لە هەموو ســـابڵاخـدا نـاســراوە. پیـاوێکی دەوڵەمەندە و چاوی لە ماڵی تۆ نییە، خزم و تـایەفەدارە. تۆش پیـاوێکی تەنیـا بـاڵی، زۆر پێویسـتە پیاوێکی وا لە پشـتت بێ. دنیا هەزار تەنگانەی هەیە.

کچەکەشی قەیرە کچە، منداڵ و قرتی نییە، زۆر باش بەکاری ماڵ دێ.

بایز حاجی ڕەحیم و دوو سێ پیاوماقووڵی تری گەڕەکی نـاردە مـاڵی حـاجی کەریم و زێبـای خواســـت، مارەی کرد و زەماوەندی بۆ گێڕا و گواستیەوە.

زێبا چ زێبا! وا دیاربوو لەبەر ناحەزی مابووەوە و کەس نەیویسـتبوو. بۆ کاروباریش وەکو گای تەمبەڵ، ئـاگرت لەســـەر پشـــتی بکردایەوە نەدەجووڵا.

خەزاڵ لەلایەک لەبەر دڵی بـایز، لەلایەکیش لەبەر ئەوە زێـبـا تـازەبـووکە، سـەرەڕای کوێرەوەریی خۆی، خزمەتی ئەویشی دەکرد.

زێبـا لە جیاتیی ئەوەی بکەوێتە کـار و هەڵسـووڕان، تا دەهات زیاتر بەفیز و دەعیە دەبوو، وەکو کارەکەر دەیڕوانییە خەزاڵ، ئەگەر بایز کارێکی پێ دەسپارد، سێ و دووی نەدەکرد و دەیگوت: خۆ من کـارەکەر نیم. بە ژنە کرمـانجەکەت بڵێ. وردە وردە چەنە بەچەنەی بایزیش دەوێسـتا: بڕۆ کرمانج، لادێییی گەوج. تۆ عەقڵت لە کوێ بوو! بایز لە ترسـی حاجی کەریم و خزم و تایەفەکەی نەیدەوێرا هیچ بە زێبا بڵێ، بەڵام خەزاڵ جاڕز و هەراسان بوو.

ئیتر گەلێ جار چێشـتی لێ نەدەنا و نـانی نەدەکرد. هەموو شـەو و ڕۆژێک شـەڕ و هەرا و چەقەچەق بوو.

شـەوێکیـان هەر لە ئێوارەوە تـا نیوەشـەو شـەڕەجوێن و چەقە و هەرای زێبا بوو لەگەڵ خەزاڵ و بـایز. ئـاخرەکەی بـایز لێفەیەکی هەڵگرت و چووە مزگەوت بخەوێ تا سـبەینێ فریای دووکان و کار و کاسبییەکەی بکەوێ. کە چووە ژوورەوەی مزگەوتەکە سـەرێک لەژێر بەرماڵەوە قوت بووەوە. حاجی ڕەحیم بوو.

**بایز بەپەشێوی سڵاوێکی کرد.**

**حاجی ڕەحیم: عەلەیکەســـەلام! وەرە براکەم، وەرە زۆر بەخێربێی!**

**بایز بەکزێکەوە وەڵامی داوە.**

**حاجی: چییە، چ باسە؟ بۆچی وا پەشێوی؟**

**بایز: ڕەبب ماڵت وێران بێ! کوڕ و کچت بە کۆی زوخاڵ بێ، وەکو منت تووشـــی ئەم مەینەتە کرد.**

**حاجی دەسـتی کرد بەگاڵتەکردن: دەی دەی! ئەو تووڕەییەی ناوێ. وەرە، برالە وەرە. ئا لەوێ بۆ خۆت بخەوە. تـایەفەی حـاجی کەریم هەر وان، نەختێ توندە تەبیاتن. خوشـکی حاجییش لەگەڵ مـن و ژنە گەورەکەم هەر وایە. خـوا هەڵدەگرێ هەر من بە تەنیا لە مزگەوت بخەوم؟**

**بایز لە داخاندا وەڵامی حاجیی نەداوە، چوو لەولاوە ڕاکشـــا. بەڵام بەهیچ جۆرێ خەوی لێ نەکەوت. بیری لە حــاڵی خۆی دەکردەوە کە چۆن بەدەسـتی خۆی ماڵ و حاڵی لە خۆی تێک داوە: من لە کێچ ئـاوا ئەگەر بە ڕۆژ دەچوومە بێگار، هیچ نەبێ بە شەو دەحەسامەوە. ئێستا کاســبییەکەم لێ بووەتە بێگار، حەســانەوەی**

شەویشم لە کیس چووە، ئاشنا و دۆستەکانم لێ تەکیونەتەوە.

خەزاڵیش ئەوەندە چەوساوەتەوە بەحاڵ گیانی لەبەردا ماوە. من لە دەست ئاغا ڕام کرد، کەچی لێرە بەدەستی خۆم ئاغام هێناوەتە سەر خۆم.

حاجی ئاگای لێ بوو بایز هەر ئەمدیو و ئەودیو دەکات و خەوی لێ ناکەوێ.

گوتی: برالە، خۆت ئەوەندە سەخڵەت مەکە. ئێستا بخەوە، بەیانی بەوردی تێم بگەیەنە چیت لێ قەوماوە. تەگبیرێکی باشت بۆ دەکەم.

بایز (بەبۆڵەبۆڵ): وەکو تەگبیرەکەی پێشووت! ئەگەر ئەمشەو ڕۆژم لێ دەبێتەوە ئیتر نە دیداری حاجی، نە خەوی مزگەوت!

# چای دیواخان

دیواخـانەکە ئـاوەدان کرابووەوە، دیوارەکـانی ســواغی تــازە درابوون، ســێ پەنجەرەکەی شۆرابوون. قاڵیی تازە و باشـی لێ ڕاخرابوو، بەڵام پێشــخانەکە پێویســت نەبوو خۆی پێوە مــانــدوو کــرێ. چــاوەڕوانــیــی ئەوە نەدەکــرا هەرچەنــد ڕۆژێــک جــارێــک ئــاغــاوات بە دەســـتەســـوارەوە دابەزن و میوان بن. ئاغا لە ژووری دیوا خان و نۆکەرە کان لە پێشـــخانە میوانداری بکرێن، چونکە «ئاغا میرزا ڕەحمان» تاجرێکی سابڵاخی (مەهابادی) بوو تازە گوندی (قاجر)ی لە کوڕە کانی حەمەســـاڵح خان لە جیاتیی قەرز و سووتی قەرزە ئەستاندبوو.

نە عێل و عەشـــیرەتی بوو، نە خزم و قەومی خاوەن مڵک. هەرچەند گەلێ لە خاوەن مڵکەکانی ئەو دەوروبەرە دەوڵەمە ندتر و پارەدارتر بوو، بەڵام ئاغاواتی دێبوکری و بەگزادەکانی فەیزوڵا بەگی هەر بە جاوفرۆشـێکی سـابڵاغیان چاو لێ دەکرد. شـــا یانی ئەوە یان نەدەزانی لە ڕیزی خۆ یانی بژمێرن و خێرا خێرا ســـەری بدەن.. کابرایەکی ســـوارچاک یا ڕاوکەرێکی باشـــیش نەبوو تــا لە کۆڕی ڕاوکەرانـدا جێی بکەنەوە. جاروباریش دوای ڕاو لە ماڵی دابەزن.

ئاغا میرزا ڕەحمان کە بە درێژاییی ژیانی لەناو ئەم خەڵکە زۆر و زەوەندەی دنیادا تەنیا بەسەر (خانم) و چێشتکەرەکەی ماڵەوە و شاگردەکەی دووکاندا فەرمانڕەواییی کردبوو، ئێستا کە دەیدی خاوەن مڵکە و شەست حەفتا ماڵ ڕەعیەتی لە بەردەستدایە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت (شەندە لە مەندە کەمتر نییە)، با بنە و بنەچەکەم سابڵاغی و کووتاڵفرۆشیش بێ، ئێستا دەرەبەگێکی تەواوم. لە شەش دانگی ئەم دێیەدا فەرمانم ڕەوایە و کەس لە خۆم گەورەتر نییە. وا چاکە دەرک و دیواخانێکم ببێ تا ڕەعیەتەکانم چاویان بترسێ و ئاغا و بەگەکانیش گاڵتەم پێ نەکەن. جا ئەوە بوو دەستی کرد بەڕازاندنەوەی دیواخانەکە. دوو نۆکەری سواری و چایچییەکیشی گرت. ئەسپاردی لە پێشخانە یەک دوو بەڕەیان ڕاخست. مێزێکی قورس و قایمیان لێ دانا، سەماوەرێکی هەشتیی میسواری گەورە و قۆرییەکی چینیی سوور و یەک دوو دەست پیاڵە و ژێرپیاڵە و کەشەفی ژێر ئیستیکان و قەندان و قوتووی چایی و مقاش و دووکەڵکێش و سەتڵ و خەڵووز و شتی وایان لە پێشخانە ئامادە کرد.

مەلای ئاوایی و ڕیش سـپی و کەیخوای قاجر تـاق و جووت و دەسـتە دەسـتە دەهـاتنە بەخێرهێنان و پیرۆزباییی ئاغای تازە. دیارە بەدەسـتی بەتاڵیش نەدەهاتن، هەر کامێکیان گیسکێک، کووپە ڕۆنێک یا کووپە پەنیرێک، یا هیچ نەبێ مریشـکێک یا ١٥–٢٠ هێلکەیان پێوە دەهێنـا. ئـاغـا میرزا ڕەحمـان کە چـاوی بەم خـێروبـێرە دەکەوت، لە خـوت و خـۆڕایـی بەسـەریدا دەڕژا، لە خۆشـییاندا توێژ توێژ قەڵەو دەبوو و لە پێسـتی خۆیـدا جێی نەدەبووەوە، بە شـێوەی ئاغا و بەگەکان بانگی دەکرد:

–کێ لەوێیە؟

یەکێ لە نۆکەرەکان یا چایچییەکە:

–بەڵێ، بەڵێ، ئاغا.

–چای بێنە!

چایچییەکە چای تێ دەکرد، پیاڵە چاکەی دەنا سەر کەشەف و چەند کڵۆ قەندی لەسەر دادەنا. یەکێ لە نۆکەرەکـان هەڵی دەگرت و دەیبردە ژوورەوە لەلای سـەرەوە دەسـتی پێ دەکرد و لە پێش میوانێکی دادەنـا. دیسـان دەهـاتەوە پیاڵەیەکی تری دەبرد. نەدەبوو وەکو چایخانە دوو سێ پیاڵە بەجارێک بەرێ، چونکە ڕەسمی

دیوا خانی  ئا غا و بەگە کان وایە کە هەر دەبێ پیاڵە پیاڵە چای بەرن و دای نێن.

) ڕەســــوو) لەمەو پێش مــاوەیەک چــا یچیی دیواخانان بووبوو، لە ڕێو شوێنی چایچییەتیی ئــاغــاواتی بــاش دەزانی. بەیــانیــان زوو پێش هەتاو کەوتن کە ســەماوەری تێ دەخســـت، تا شەوێ وەختی خەوتن نەیدەهێشت بکوژێتەوە.

بەدرێژاییی ڕۆژ و هێنــدێکیش لە شـــەو هەر وەختێ ئاغا بانگی دەکرد: چای بێنن، ڕەســــوو دەســــبەجێ چای تێ دەکرد، هیچ کاتێ درەنگی پێ نەدەچوو و بڕوبیانووی نەدەهێناوە. چە ند مانگێک بەم جۆرە ڕابوورد. ئاغا میرزا ڕەحمان ڕێوشـــوێنی ئاغایەتی فێر بوو، بۆی دەرکەوت کە ڕەعیەتەکــان ســــەرنەرمن، بەهەرلایەکــدا هەوساریان ڕاکێشی وا دەڕۆن، ئیتر بەپێویستی نەدەزانی هەر ڕەعیەتێک هاتە دیواخان بە پیاڵە چــایەک میوانــداریی بکــا، یــا بــاشـــتر بڵێین بیخەڵەتێنێ. جگە لەوەش ئێســـتــا ئیتر خۆ هێنانی پێ پیرۆزانە و جێژ نانە بڕاوەتەوە. کە دەهاتنە دیواخانە، بۆ شـــکایەتکردن بوو، کە گــای ســـۆفی ڕەحیم مەســـەلا چووەتە نــاو شـــیناوەردی حەمە کەریم یا ئەم نۆرەئاوی لە ئەو گرتووە، یا شـــتی تری لەم بابەتانە. ئیتر بۆ ئیش و کــاری ئــاوا کە هیچ خێرێکی لێ

هەڵناوەرێ پێویست نییە کابرا چایەکیش بخواتەوە.

شەویکیان ئاغا میرزا ڕەحمان لە ماڵەوە لە وتوویری کاسبکارانەدا بوو، هەموو بیری خۆی کۆ کردبووەو ە کە مەسەلەی چای بەجۆرێک چارە بکا. لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

-ئەم ئاغا و بەگانە ئاقڵیان ئاوایە، بۆیە بەژێر قەرز و سووتەوە دەبن و مڵکەکەیان لە دەست دەردەچێ. ئێمە لە دووکان کڕیارێک بایی سەد دوو سەد تمەن کووتاڵی لێ دەکڕین، تمەنی دوو قڕان یا سەدی بیستمان قازانج دەکرد، جا چایەکمان بۆ دەکڕی. کەچی ئێستا کابرای کرمانج دێ دەڵێ سۆفی ڕەحیم زیانی کردووە، بانگ کەم چای بۆ بێنن؟ ئەمە کارێکی گەوجانەیە.

کتوپڕ (خانم) میرزا ڕەحمانی وریا کردەوە و گوتی:

-ئاغا! قەند و چا هەر بەشی دوو سێ ڕۆژ ماوە، تا زووە بنێرە (بۆکان) قەند و چا بکڕن.

میرزا ڕەحمان گوتی: کوێرا تەواو بوو؟ خۆ ئەوەندە نییە قەند و چام کڕیوە!

خانم: ئەمە تۆ دەڵێی چی؟ لات وایە جارانە و لە شارین؟ ئەوەندەی لە شار بە ساڵێک قەند و چامان دەخواردەوە، ئێستا بە ١٥-٢٠ ڕۆژ دەخورێتەوە، بگرە زیاتریش. ئەمە لای خۆی بووینەتە خاوەن ملک و ئاغادێ. جا خۆ بەم جۆرە بڕوا دوو ساڵی تری پێ ناچێ دەسمایەی تجارەتەکەشمان لە دەست دەبێتەوە. تازە لە ڕوومان نایە ڕوو بکەینەوە شاریش.

ئاغا میرزا ڕەحمان قسەکانی خانمی زۆر بەدڵ بوو، بەڵام نەیویست خۆی بشکێنێ، گوتی: خانم تۆ دەبێ ئەوەت لە بیر نەچێ کە ئێمە ئێستا کابرایەکی دووکانداری سابلاغی نین، ئێستا ئێمە ئاغاین خاوەن ملکین، بە ڕیزی ئەو ئاغاوەت و بەگزادانەین. پێشینان گوتوویانە: «گەورەیی خەرجی دەوێ». دەبێ دەرک و دیواخان و نان و خوانمان ببێ، دەنا ئابڕوومان دەچێ و هیچ کەس بە پیاومان نازانێ. جارێ نوخشە دەرنەهاتووە، با حاسڵ پێ بگا ئەو وەختە دەزانی ملک چەندە بە بەرەکەتە، نێزیکەی چواریەکی حاسڵی ئەم دێیە بەم ٦٠-٧٠ ماڵ ڕەعیەتەوە هیی ئێمەیە. ملک لە گەنج و خەزێنەش باشترە، هەرگیز بڕانەوەی نییە.

خانم بێدەنگ بوو، بەڵام میرزا ڕەحمان لە دڵی خۆیدا گوتی:

– با مڵک وەکو گەنج و خەزێنەش بێ، بەڵام حیســـاب هەر حیســـابە. هیچ کاتێ لە بازاڕدا نەبینراوە ئەوانەی هەزار هەزاریشـــیـان هەیە تاقە شـــاییەکی خۆ یان بە خۆڕایی بدەن بە کەس. خۆ من وەکو ئەم ئاغا و بەگانە لە هیچ و خۆڕایی مڵکم وەدەس نەکەوتووە. ئەمە خوێنی جەرگمە، هەموو بە قڕان قڕان و شـایی شـایی کۆم کردووەتەوە. ئەم دیواخانە ئەگەر چایخانە بوایە لە شـار، جگە لەوە کە زەرەری نەدەکرد، هەموو ڕۆژێ قازانجێکی باشـــیشـــی لێ پەیدا دەبوو. خەڵات و بەراتی چایچی و نۆکەرەکانی دەردەهێنا و شتێکیشی دەمایەوە.

نەخێر، دەبێ چارەی ئەم مەسەلەیە بکرێ!

–باشە ئەگەر دیواخانەکە دادەخەم بە درێژاییی ڕۆژ ئەم کرمـانجـانە دێن و هەریەکەی کـارێکی هەیە ئەو وەختە دەبێ ئەم چەقە و هەرایە لەناو ژن و منداڵەکەمدا بکرێ، خۆ ئەمەش نابێ!

ئەگەر ســـەمـاوەر و شـــتومەکی چـایەکە کۆ دەکەمەوە، بەشـــکەم کتوپڕ میوانێکی ماقووڵ و گەورە هـات، لە کوێ ئەو شـــتومەکـانە خێرا دەهێنرێنەوە دیواخـــان؟ جگە لەمە کە لەنـــاو کرمانجەکاندا ســـووک دەبم، دەبمە گەپچاڕی ئاغا و بەگەکانی دراوسێش.

کتوپڕ وەکو فەیلەسووفێکی بیر لە مەسەلەیەکی زۆر گرینـگ و قورس بکـاتەوە و لە نەکـاو ئیلهامی بۆ بێت، ڕووناکایی کەوتە ناوچاوانی ئاغا میرزا ڕەحمان. بزەیەکی شادی کەوتە سەر لێوی و گوتی: خانم، باشە، سبەینێ دەنێرم بۆ قەند و چا، دەستیش پێوە دەگرین.

بەیانی بە عادەتی ڕۆژان چووە دیواخان. یەک دوو کەس هاتن. بانگی ڕەسـووی کرد چایان بۆ بێنێ. چایەکەیان خواردەوە و قسەی خۆیان کرد و ڕۆیشـتن. دوای ئەوان بانگی ڕەسـووی کرد و گوتی:

–ڕۆڵە، کوڕی خۆم! پێویست نییە هەر وەختێ گوتم چای تێ کەن، گورج چای تێ کەی. جارێک بڵێ قەند نەماوە، دەبێ بچم لە ماڵەوە قەند بێنم، جارێک بڵێ چای نەماوە. جارێک بڵێ تازە ئاوم کردووەتە سـەماوەرەکە، با بێتەوە کوڵ. من دەڵێم: چای بێنن! بەڵام هەموو جارێک بە بیانوویێک خۆی لێ ببوێرە.

ڕەسوو: بەڵێ ئاغا، بەسەرچاو.

ئیتر لەو کـاتەوە ئەوەنـدە قەنـد و چـایەی کە لەوێ بوو، وەکو شتێکی موتفەڕک و پیرۆز، لە جێی خۆی مابووەوە، کەس دەسـتی لێ نەدەدا. ڕەسووی چایچیش حەسابووەوە. کار و پیشەی

ئەوە بوو: «قەند نەماوە، دەبێ بچم لە ماڵەوە بێنم، تازە ئاوم کردووەتە ســـەماوەرەکە، با بچم چای بێنم، هێشتا ئاوەکە ساردە.«...

چەند ڕۆژێک ئاغا میرزا دڵی لە حاسـت قەند و چا حەسابووەوە. ڕەسووش لە «بەڵێ ئاغا» و چە ند وتەی تر ز یاتر کارێکی نەبوو. ڕۆژ ێک نێزیکەی نیوەڕۆ کتوپڕ سەگوەڕێکی قایم دەستی پێ کرد. نیشانەی ئەوە بوو چەند کەسی بێگانە هاتوونەتە ناو ئاوایی. ئاغا میرزا ڕەحمان کە لە پەنجەرەی دیوا خانەکەوە تە ماشـــای کرد، پێنج شـەش سـوار ژاندارم بوون گەیشـتنە ناو ئاوایی. ئەوی پێشـــەوە یان تفەنگی پێ نەبوو دیاربوو ئەفسـەریان بوو. میرزا ڕەحمان بەپەلە ڕەســووی ناردە ماڵەوە کە خەبەر بدات میوانی ژا ندارم هاتوون و بە گورجی نان و چێشـــت ئامادە بکەن. خۆشی بە دوو نۆکەرەکەیەوە هاتە خوارێ و تا کۆڵان بە پێشـوازیانەوە چوو. سـێ چوار ڕەعیەتیشی بانگ کرد.

ئەســـپی ژاندارمەکان بگرن و بیانبەن تاقەتیان کەن. کابرای ئەفســـەر و ژاندارمەکان دابەزین. میرزا ڕەحمـان بەدەم بەخێرهێنـانەوە وەپێش خۆی دان و چوونە دیواخان. ئەوەندەی دەیتوانی مێشکی خۆی دەگو شی تا دوامین و شەی فار سی کە لە منـداڵییەوە بە دەرس خوێنـدبووی یـا

بەدرێژاییی تەمەنی بیســـتبووی وەبیری خۆی بهێنێتەوە و بۆ بەخێرهێنــان و مەراییکردن بیانڵێ.

چــرچ و لــۆچــی نــاوچەوانــی لەبەریەک ڕەواندبووەوە و پەیتا پەیتا دەمیشـــی تا لای بناگوێی دادەچەقاند تا وا پیشــان بدات کە گۆیا لە خۆشـــیی هاتنی ئەوان شـــایی لە دڵیدا دەگەڕێ. جــاروبــار وەکــو گــاجــووتــێــکــی گۆڵەداســـووی گرتبێ، زمــانی لوول دەکرد و دەمیشـــی باریک دەکردەوە و وشـــەی فارســـیی بەنەجووراوی و ســـەروگوێلاک تێکشـــکاوی دەردەدا، تا ئەفســەرەکە تێ بگەیێنێ کە (باپیرە گەورەشـــی دۆینە و شـــەڵەمی نەخواردووە و ئەوەندە فارســـە کاشـــانییش دەســـکی لە دوا ناکەن). بێ پسانەوە دەیگوت: زۆر بەخێرهاتن، سەر چاوەکانم، گەورەتان کردم، پێڵاوتان سەر سەرم. (لە تێچێنی قسەکانیدا):

-ڕەسووڵ چای تێ کە.

-ئاغا قەند نییە، با بچم لە ماڵەوە بێنم.

-بەڕاســـتی ئەگەر ئێوە جاروبار ســـەری ئەم دێهاتانە نەدەن، خۆ دز و جەردە و پیاوخراپ هیچ ناهێڵن.

-ڕەسوو خێراکە چای بێنە.

– ئاغا چای نییه، با بچم لای ئاغاژن چای بێنم.

–بەڵێ بەڵێ، قوربان! ئەگەر ئاگاتان لە وڵات نەبێ و جاروبار ئێمەمانان گەورە نەکەن و تەشریفتان نەیەت، ئەم ڕەعیەتانە یاغی دەبن و وەڵاممان نادەنەوە. ئەوە لە ترسی دەوڵەت ناوێرن، دەنا گوێ بۆ خواش شل ناکەن.

–ڕەسوو چایەکە بوو بە چی؟ دەخێرا!

–ئاوەکە ساردە، سەماوەرەکە نەهاتووەتە کوڵ.

لەم وەختەدا کابرای ئەفسەر تەماشای یەکێ لە ژاندارمەکانی کرد، لەوە دەچوو بەزمانی حاڵ دەڵێ: «ئەم کابرایە هەر لە قسەی زلی کردووە، وا دیارە نایەوێ پیاڵە چایەکیشمان بداتێ.«

میرزا ڕەحمان لە تەماشاکردنی ئەفسەر و ژاندارمەکە جەرگ و هەناوی داکەوت، چونکە زۆر باش دەیزانی ئەگەر بکەونە گێچەڵکردنی و بیانوو دۆزینەوە، بۆ ئەوان لە ئاوخواردنەوە هاسانترە.

لەوانەیە ژاندارمەکە بچێتە دەرێ دە دوازدە فیشەک لە کونە دیوارێک، لە ئاخوڕی تەویلە، یا لەناو کادا قایم بکا، لە پاشا دەست

بەپشـــکنین بکەن و بیدۆزنەوە، خۆ ئەوســـا بە پارەی ســـێ چوار ســـاڵی قەند و چاش ڕزگار نابێ.

ئـاغـا میرزا ڕەحمـان وەک مـار پێیەوە بـدا لە ناکاو ڕاســـتەوە بوو ڕای کردە پێشـــخانە و بەسەبر گوتی:

–کوڕە ڕەســـووا! تۆ ئەوە چ بەڵایەکم بەســـەر دەهێنی! ئەی ئەوە چییە قەنـد و چـا لەوێیە؟ چـای تێ کە، برام چـای... وەڵڵا وەبیللا بەڕاستیمە، کوڕە تەڵاقم کەوتبێ بەڕاستیمە! تێ کە!

ئامادەکردنی: زریان سەرچناری

ڕێکخراوی کوردیپێدیا

٢٠٢٤

***